حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ
سکوڵی پەروەردە

# بەبەرهەمیو هێزی کردار لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

هەژار حسەین والی

پێشکەشی فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ/ سکوڵی پەروەردەی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی:

پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد          د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

(٢٧١٥)ی کوردی          (٢٠١٥)ی زایینی

## ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی ئێمە لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

ناو: د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

## ڕەزامەندیی سەرۆکی بەش/ لێپرسراوی یەکەی خوێندنی باڵا

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتیارانی نامەکە، کە ناوو واژۆیان لەسەرەوە هاتووە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

ناو: د. هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

ناو: د. عەدنان عەبدولقادر کامل

لێپرسراوی یەکەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: / / ٢٠١٥

# ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان، کە بە ناونیشانی (بەبەرهەمیو هێزی کردار لە زمانی کوردیدا)یە خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار (هەژار حسەین والی) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆکو لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. یوسف شەریف سەعید

ئەندامو سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

ناو: پ.ی.د. ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان

ئەندام

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

ناو: پ.ی.د. سەباح ڕەشید قادر

ئەندام

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد

ئەندامو سەرپەرشت

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

ناو: د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

ئەندامو سەرپەرشت

ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥

لەلایەن ئەنجوومەنی سکوڵی پەروەردەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. ڕەئووف مەحموود سەعید

سەرۆکی سکوڵی پەروەردە

ڕۆژ:   /   /٢٠١٥

# پێشکەشە بە:

* دایكو باوکم.

* خوشكو براکانم.

* نەتەوەکەم کورد، نیشتیمانەکەم کوردستان.

# سوپاس‌و پێزانین

سوپاس‌و پێزانینم بۆ:

* سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی‌و ڕاگرایەتی فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ/ سکوڵی پەروەردەو بەشی زمانی کوردی‌و یەکەی خوێندنی باڵا، کە دەرفەتی خوێندنی باڵای ماستەری زمانیان بۆ ڕەخساندم‌و لە ئیش‌و کارەکاندا ئاسانکارییان بۆ کردم.

* مامۆستایانی ئازیزم (پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد)و (د. بێستوون حەسەن ئەحمەد)، کە دڵسۆزانە سەرپەرشتی نامەکەیان کردم.

* مامۆستایانی بەڕێز (پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان، د. هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، م. مستەفا ڕەزا مستەفا)، کە لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکاری زۆریان کردم.

* مامۆستای بەڕێزم (پ.ی.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، کە هەمیشە بە سنگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانی داومەتەوە.

* مامۆستایانی بەڕێز (پ.ی.د. خەلیل ڕەشید ئەحمەد، م. چالاک عەلی محەمەدئەمین، م. بێلان حسەین والی، م. هێمن خەلەف ڕەحیم)، کە بە کاری وەرگێڕان هاوکارییان کردم.

* هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە لە سەرەتای نووسینی نامەکەوە، تا کۆتایی، بە هەر شێوەیەك بێت، هاوکارییان کردووم.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ؟؟ | واتا_ناڕاست |
| i، j | هێمای هاونیشانەکردن |
| (+/−) | بەهای نیشانەی واتایی |
| IP | فرێزی کاتو کەس |
| NP* | فرێزی ناویی فۆڕم نادروست |
| XP | پڕۆژەی گەورە |
| SS | لە کۆتو بەندی هەڵبژاردندا بە واتای (هەڵبژاردنی سیمانتیکی) دێت. |
| CS | هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Internal Argument | ئارگۆمێنتی ناوەکیی |
| External Argument | ئارگۆمێنتی دەرەکیی |
| Adverbial | ئاوەڵکردارئاسا |
| | ب |
| Syntactic valence | بەبڕشتی سینتاکسی |
| Verb-Valence | بەبڕشتی کردار |
| Barrier | بەربەست |
| Monadic predicate | بەشەکرداری یەك جێکەوتەیی |
| Dyadic predicate | بەشەکرداری دوو جێکەوتەیی |
| Triadic predicate | بەشەکرداری سێ جێکەوتەیی |
| Minimalism Program | بچووکترین پرۆگرام |
| Base | بناغە |
| Principles and Parameters | بنەماو پارامێتەرەکان |
| | پ |
| Theta criterion | پێوەری سێتا |
| | ت |
| Standard Theory | تیۆری ستاندارد |

| | |
|---|---|
| Extended Standard Theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| Government and Binding Theory | تیۆری حوکمکردن‌و بەستنەوە |
| Government Theory | تیۆری حوکمکردن |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Case Theory | تیۆری دۆخی ڕێزمانیی |
| Theta Theory | تیۆری سێتا |
| X-bar Theory | تیۆری ئێکس_باڕ |
| Control Theory | تیۆری کۆنترۆڵ |
| Bounding Theory | تیۆری بەندێتی/ سنووردارکردن |
| ح | |
| Proper government | حوکمکردنی توند (تەواو) |
| خ | |
| Sisterhood | خوشکایەتی |
| د | |
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگیی |
| Syntactic structures | دروستە سینتاکسییەکان |
| ڕ | |
| Clause | ڕستیلە |
| ز | |

| | |
|---|---|
| Dominance | زاڵبوون |
| Lexical knowledge | زانیاریی فەرهەنگیی |
| Null Subject Language/<br>Pro-drop Language | زمانە بکەرخراوەکان |
| س | |
| Head initial | سەرسەرەتایی |
| Head final | سەرکۆتایی |
| Adjunct | سەربار |
| M-command | سەرەئاراستەکردن |
| Substantive | سەرەناو |
| Source | سەرچاوە |
| Benefactive | سوودمەند/ سوودوەرگر |
| Theta grid | سێتا گرید |
| ف | |
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| phonetic form | فۆڕمی فۆنەتیکی |
| Logical form | فۆرمی لۆژیکی |
| ك | |
| Ditransitive verb | کرداری دووبەرکاریی |

| | |
|---|---|
| Zero valence/avalent | کرداری سفر هێزیی |
| Monovalent/monadic | کرداری یەك هێزیی |
| Bivalent/dyadic | کرداری دوو هێزیی |
| Polyvalent/polyadic | کرداری سێ هێزیی/ فره هێزیی |
| ل | |
| Sub categorization | لقکردنی کاتیگۆرییانه |
| ن | |
| Case marker | نیشانەکانی دۆخ |
| Marking theta | نیشانەکردنی سێتا |
| هـ | |
| Co-referential | هاونیشانەیی |
| Semantic selection | هەڵبژاردنی سیمانتیکی |
| Category selection | هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی |
| و | |
| C-command | وەچەئاراستەکردن |

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| **٣-١** | **پێشەکی** |
| ١ | ٠/١) ناونیشانو بواری نامەکە |
| ١ | ٠/٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ١ | ٠/٣) کەرەستەی نامەکە |
| ٢ | ٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| ٣-٢ | ٠/٥) ناوەڕۆكو بەشەکانی نامەکە |
| **٣٧-٤** | **بەشی یەکەم: بنەماو تیۆریی پێویست** |
| ٣١-٤ | ١/١) ئاستی سینتاکس |
| ٢٢-٤ | ١/١-١) تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە |
| ٩-٧ | ١/١-١-١) تیۆری حوکمکردن |
| ١٩-٩ | ١/١-١-٢) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی |
| ١٣-١٠ | ١/١-١-٢-١) جۆرەکانی دۆخ |
| ١١ | ١/١-١-٢-١-١) دۆخی زگماکیی |
| ١٣-١١ | ١/١-١-٢-١-٢) دۆخی دروستەیی |
| ١٤ | ١/١-١-٢-٢) پاڵێوەری دۆخ |
| ١٥-١٤ | ١/١-١-٢-٣) نیشانەکانی دۆخ |

| | |
|---|---|
| ١/١-١-٢-٤) بەخشینی دۆخی ڕێزمانییو پەیوەندیی بە حوکمکردنەوە | ١٥-١٦ |
| ١/١-١-٢-٥) بەربەستەکانی حوکمکردن | ١٧-١٩ |
| ١/١-١-٣) تیۆری سێتا/ تیۆری ڕۆڵی بابەتانە | ١٩-٢٢ |
| ١/١-١-٣-١) ژمارەو جۆری ڕۆڵە بابەتییەکان | ٢١-٢٢ |
| ١/١-٢) دروستەی ئارگۆمێنت | ٢٣-٣١ |
| ١/١-٢-١) ئارگۆمێنت_داواکەرو ئارگۆمێنت_داواکراو | ٢٤-٢٨ |
| ١/١-٢-١-١) ئارگۆمێنت_داواکەر | ٢٤-٢٧ |
| ١/١-٢-١-١-١) جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر | ٢٥-٢٧ |
| ١) کردار | ٢٥ |
| ٢) ئاوەڵناو | ٢٦ |
| ٣) ناو | ٢٦-٢٧ |
| ٤) پێشناو | ٢٧ |
| ١/١-٢-١-٢) ئارگۆمێنت_داواکراو | ٢٨ |
| ١/١-٢-٢) کۆتو بەندی هەڵبژاردن | ٢٨-٣١ |
| ١/١-٢-٢-١) هەڵبژاردنی سیمانتیکی | ٢٩ |
| ١/١-٢-٢-٢) هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی | ٣٠-٣١ |
| ٢/١) ئاستی مۆرفۆلۆژی | ٣١-٣٧ |
| ٢/١-١) وشەدروستکردن | ٣٢-٣٦ |
| ٢/١-١-١) وشەداڕشتن | ٣٣-٣٤ |

| | |
|---|---|
| ١/٢-١-٢) وشەلێكدان | ٣٤-٣٦ |
| ١/٢-٢) مۆرفۆلۆژیی شكاندنەوە (گەردانكردن) | ٣٦-٣٧ |
| **بەشی دووەم: چەمكی تێپەڕو تێنەپەڕ پەیوەست بە هێزی كردارەوە** | **٣٨-٧٥** |
| **١/٢) پاری یەكەم: چەمكی تیپەڕو تێنەپەڕ لە زانستی زماندا** | **٣٨-٥٤** |
| ٢/١-١) چەمكی تێپەڕو تێنەپەڕ وەك دیاردەیەكی ڕێزمانی جیهانی | ٣٨-٤٤ |
| ٢/١-٢) چەمكی تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی كوردیدا | ٤٤-٥٤ |
| ٢/١-٢-١) دابەشكردنی كردار بەپێی هێزەكەی | ٤٤-٥١ |
| ٢/١-٢-١-١) كرداری تێپەڕ | ٤٥-٥٠ |
| ٢/١-٢-١-٢) كرداری تێنەپەڕ | ٥٠-٥١ |
| ٢/١-٢-٢) پێوەرەكانی جیاكردنەوەی كرداری تێپەڕ لە كرداری تێنەپەڕ | ٥١-٥٤ |
| **٢/٢) پاری دووەم: هێزی كردار(كرداری بنەڕەتی(بنجی))** | **٥٥-٧٥** |
| ٢/٢-١) كردار لەڕووی فۆڕمو دروستەوە | ٥٥-٥٦ |
| ٢/٢-٢) هێزی كردار | ٥٧-٦١ |
| ٢/٢-٣) هێز لە كرداری (بنەڕەتی)دا | ٦١-٧٥ |
| ٢/٢-٣-١) كرداری بنەڕەتیو دروستەی بكەرنادیار | ٦٩-٧٥ |
| ٢/٢-٣-١-١) مۆرفۆلۆژیای بكەرنادیار | ٧٠-٧١ |
| ٢/٢-٣-١-٢) سینتاكسی بكەرنادیار | ٧١-٧٢ |
| ٢/٢-٣-١-٣) جۆرەكانی كرداری بنەڕەتیو دروستەی بكەرنادیار | ٧٢-٧٥ |
| **بەشی سێیەم: هێز لە كرداری داڕێژراوو لێكدراودا** | **٧٦-١١٦** |

| | |
|---|---|
| **٣/١) پاری یەکەم: هێز لە کرداری داڕێژراودا** | **٧٦–٩٥** |
| ٣/١–١) کرداری داڕێژراوو مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی | ٧٦–٧٧ |
| ٣/١–٢) تێکەڵبوونی سنووری مۆرفیمەکانو پەیوەندیی بە هێزی کرداری داڕێژراوەوە | ٧٧–٧٩ |
| ٣/١–٣) پێشگرو پاشگرو ڕۆڵیان لە گۆڕینی هێزی کرداری داڕێژراودا | ٧٩–٩٣ |
| ٣/١–٣–١) پێشگر | ٧٩–٩٠ |
| ٣/١–٣–١–١) ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار | ٨٠–٨٧ |
| ٣/١–٣–١–٢) ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کردار | ٨٧–٨٩ |
| ٣/١–٣–١–٣) ئەو پێشگرانەی، کە هێزی کردار ناگۆڕن | ٨٩–٩٠ |
| ٣/١–٣–٢) پاشگر | ٩٠–٩٣ |
| ٣/١–٣–٢–١) پاشگری (اند) | ٩١–٩٣ |
| ٣/١–٣–٢–٢) پاشگری (ەوە) | ٩٣ |
| ٣/١–٤) کرداری داڕێژراوو دروستەی بکەرنادیار | ٩٤–٩٥ |
| **٣/٢) پاری دووەم: هێز لە کرداری لێکدراودا** | **٩٦–١١٦** |
| ٣/٢–١) کرداری لێکدراوو مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی | ٩٦–٩٩ |
| ٣/٢–٢) کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانو ڕۆڵیان لە سینتاکسدا | ٩٩–١٠٤ |
| ٣/٢–٣) پۆلێنکردنی کردارە لێکدراوەکان لەڕووی هێزەوە | ١٠٤–١١٣ |
| ٣/٢–٤) کرداری لێکدراوو دروستەی بکەرنادیار | ١١٤–١١٦ |
| ئەنجام | ١١٧–١١٨ |
| سەرچاوەکان | ١١٩–١٢٧ |

| | |
|---|---|
| ١٢٨ | الخلاصة |
| ١٢٩ | Abstract |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشانو بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (بەبەرهەمیو هێزی کردار لە زمانی کوردیدا)یە. مەبەستی سەرەکی لەم نامەیەدا دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە، کە ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتە خورتییانەی لە ڕستەیەکدا دێن، دەکەوێتە سەر هێزی کرداری ڕستەکە، واتە هێزی کردارەکە بڕیار لەسەر ژمارەی ئارگۆمێنتە خورتییەکانی دروستەی ڕستەیەك دەدات. لەم ڕوانگەیەوە نامەکە بە شێوەیەکی گشتی بۆ هێزی کردار(بنەڕەتی، داڕێژراو، لێکدراو) لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە.

بواری نامەکە بە شێوەیەکی گشتی هەردوو ئاستی سینتاکسو مۆرفۆلۆژی دەگرێتەوە، بەڵام پێویستیی کارەکە وایکردووە، لە چەندین شوێندا ئاوڕ لەلایەنی سیمانتیکیش بدرێتەوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەگەرچی باسکردن لە هێزی کردار شتێکی نوێ نییەو کەم تا زۆر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەڵام تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی فراوان تایبەت بە هێزی کردار لە ڕوانگەی تیۆرییەکی زانستیی وەك تیۆریی حوکمکردنو بەستنەوە لەبەردەستدا نییە، هەربۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لەم بوارەدا هەیە.

## ٣/٠) کەرەستەی نامەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی (زاری کرمانجیی ناوەڕاست)دا ئەنجامدراوە، هەربۆیە کەرەستەو نموونەکان لە سەرچاوە زمانەوانییەکانەوە وەرگیراون، یان لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانەوە، تایبەتن بەو زارەی زمانی کوردی.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم نامەیەدا ڕێبازی شیکەرەوەی پەسەنکەرانە، لەبەر ڕۆشنایی یاساو پرەنسیپەکانی تیۆری حوکمکردن‌و بەستنەوەدا، پەیڕەوکراوە.

## ٥/٠) ناوەڕۆک‌و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە جگە لە پێشەکی‌و ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان‌و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (بنەماو تیۆریی پێویست)ە. لەم بەشەدا سەرەتا پەیوەست بە ئاستی سینتاکسەوە، بە شێوەیەکی کورت‌و پوخت ئەو تیۆریی‌و وەچە تیۆرییانە خراونەتەڕوو، کە لە پارو وەچەپارەکانی بەشی دووەم‌و سێیەمدا سوودیان لێوەرگیراوە. دواتر لە دروستەی ئارگۆمێنتدا باس لە ئارگۆمێنت_داواکەرو ئارگۆمێنت_داواکراوو کۆت‌و بەندی هەڵبژاردن کراوە. پاشان پەیوەست بە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە وشەدروستکردن‌و پرۆسەکانی وشەداڕشتن‌و وشەلێکدان‌و مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە(گەردانکردن) خراونەتەبەرچاو.

**بەشی دووەم:**

بەشی دووەم بە ناونیشانی (چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ پەیوەست بە هێزی کردارەوە)یە. ئەم بەشە لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بۆ "چەمکی تیپەڕو تێنەپەڕ لە زانستی زماندا" تەرخانکراوەو تیایدا چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ وەک دیاردەیەکی ڕێزمانی جیهانی‌و چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، خراونەتەڕوو. پاری دووەمیش بۆ "هێزی کردار بە شێوەیەکی گشتی‌و هێزی کرداری بنەڕەتی(بنجی) بە تایبەتی" تەرخانکراوە.

**بەشی سێیەم:**

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (هێز لە کرداری داڕێژراوو لێکدراودا)یە. ئەم بەشەش لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بۆ "هێز لە کرداری داڕێژراودا" تەرخانکراوە، کە تیایدا باس لە کرداری داڕێژراوو مۆرفیمە

پێکهێنەرەکانیو تێکەڵبوونی سنووری مۆرفیمەکانو پەیوەندیی بە هێزی کرداری داڕێژراوەوە کراوە، پاشان ڕۆڵی پێشگرو پاشگر لە گۆڕینی هێزی کرداری داڕێژراوداو کرداری داڕێژراوو دروستەی بکەرنادیار خراونەتەبەرچاو. پاری دووەمیش بۆ "هێز لە کرداری لێکدراودا" تەرخانکراوەو تیایدا کرداری لێکدراوو مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی، کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانو ڕۆڵیان لە سینتاکسدا، پۆلێنکردنی کردارە لێکدراوەکان لەڕووی هێزەوە، کرداری لێکدراوو دروستەی بکەرنادیار، خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# بنەماو تیۆریی پێویست

## ١/١) ئاستی سینتاکس

سینتاکس پێکهاتەیەکی ڕێزمانە، کەرەستەو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، لە چۆنیەتی خستنەتەکیەکی یەکە زمانییەکان (مۆرفیم، وشە، فرێز) لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوەو دروستەکانیان پەسندەکاتو ئەرکە ڕێزمانییەکانیان دەستنیشاندەکات. لێرەدا پەیوەست بە ئاستی سینتاکسەوە ئەو تیۆرییو وەچە تیۆرییانە دەخرێنەڕوو، کە پەیوەندییان بەم لێکۆڵینەوەوە هەیە.

## ١-١/١) تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە Government and Binding Theory

ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو دواین مۆدێلی، کە (بچووکترین پرۆگرام)ە، بەردەوام گۆڕانکاریی تێداکراوە. دەستپێکی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٧)، کاتێك لەو ساڵەدا چۆمسکی کتێبی دروستە سینتاکسییەکان(Syntactic Structures)ی بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بوو بە سەرەتایەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی زمانەوانیو وەرچەرخانێکی گەورەش بوو لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەی زماندا. دواتر بە تێپەڕبوونی کات چۆمسکی مۆدێلە جیاجیاکانی تری ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەی خستەڕوو، بەم شێوەیە:

- تیۆری ستاندارد (Standard Theory).
- تیۆری ستانداردی فراوانکراو (Extended Standard Theory).
- بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو (Revised Extended Standard Theory).
- تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە (Government and Binding Theory).
- بچووکترین پرۆگرام (Minimalism Program)[١].

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر مۆدێلە جیاجیاکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە، بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٥٣-٦٨)، تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٤-٢٤).

کەواتە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە مۆدێلێکی شیکردنەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەیە، کە چۆمسکی لەسەر بنەمای چەمکی ڕێزمانی جیهانی (Universal grammar)، "سالّی (١٩٨١) لە کتێبی وانەکانی حوکمکردنو بەستنەوە (Lectures on government and binding)دا خستییەڕوو[٢]. "حوکمکردن لەو وانانەدا وەك بیرۆکەیەك باسکراوە، کە پێکهاتەیەك دەسەلاّتی بەسەر پێکهاتەیەکی تردا هەیە. هەرچی تیۆری بەستنەوەیە بریتییە لە بەستنەوەی ڕەگەزەکانی ڕستە بەیەکەوە"[٣]. بەپێی تیۆری GB بەشێکی گەورەی ڕێزمان لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشە،" لە ڕاستیدا دیارترین جیاوازی ئەم تیۆرە لەگەلّ تیۆرەکانی تری چۆمسکی لەوەدایە، کە ئەم تیۆرە زیاتر بۆ ڕەچاوکردنی ڕێزمانی جیهانیو جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕێزمانەیە"[٤].

چۆمسکی لە سالّی ١٩٩١ وای پێباشبوو، کە ناوی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە بگۆڕدرێت بۆ بنەماو پارامێتەرەکان (Principles and Parameters)، چونکە هەموو زمانێك بنەماو پارامێتەری هەیە، بەمەش ئەم ناونیشانە نوێیە گشتگیرتر دەبێت لە حوکمکردنو بەستنەوەدا[٥]. بنەما سینتاکسییەکان لە هەموو زمانەکاندا چەسپاوو نەگۆڕن، بەلاّم پارامێتەر بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە هەموو زمانێکدا دروستەی فرێز لە سەرێکی ڕێزمانیو تەواوکەرێك پێکدێت، ئەمە بنەمایە، بەلاّم چۆنیەتی ڕیزبوونیان(ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر) بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت، ئەمەیش پارامێتەرە. ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر لە زمانە جیاوازەکاندا بە دوو شێوە دەبینرێت: یان سەر دەکەوێتە کۆتایی دروستەکەوە، کە بەم زمانانە دەوترێت(زمانە سەرکۆتاکان)، یان سەر دەکەوێتە سەرەتای دروستەکەوەو بە(زمانە سەرسەرەتاکان) ناودەبرێن[٦]. بەپێی تیۆی GB هەر دروستەیەك لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت، هەروەك لە هێلّکاریی ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو. سەرەتا لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، فەرهەنگیش تایبەتمەندیی ئایتمە فەرهەنگییەکان دەخاتە لیستێکەوە، کە یەکەی سینتاکسی دروستدەکەن. لە ئەنجامی یەکگرتنی ئایتمە فەرهەنگییەکانیش دروستەی قوولّ (Deep structure)[*] بەرهەمدێت. لە دروستەی قوولّیشەوە نەخشە بۆ دروستەی

---

٢- Aitchison (1999:212), Trauth & Kazzazi (1996:480).

٣- سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨: ١٠٣).

٤- ئەمیر مستۆ محەمەد (٢٠٠٩: ٣٤).

٥- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ٣٢)، دارا حمید محمد (٢٠١٣: ١٣٦).

٦- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بنەماو پارامێتەرەکان، بڕوانە: Haegeman (1988:12-16), Muhedeen (2008).

⋆ دروستەی قوولّ (Deep structure): دروستەیەکی نادیار(ئەبستراکت)ی ڕستەیە، کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگرێتو تیایدا بەپێی واتا ڕیزدەکرێن، واتە پەیوەندییە واتاییەکان پێش بوون بە سینتاکس لە دروستەی قوولّدا ڕێکدەخرێن. ئەم دروستەیە "لە دوای دانانو دامەزراندنی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێت." (Steinberg : 1999:72)

ڕووکەش (Surface structure)[*] دەکێشرێت. دروستەی ڕووکەشیش ڕاستەوخۆ لێکنادرێتەوە، بەڵکو بۆ دوو فۆڕمی تر دابەشدەبێت: فۆڕمی فۆنەتیکی (phonetic form)، کە تیایدا ئایتمەکان بە شێوەی دەنگ دەنوێنرێن، لەگەڵ فۆرمی لۆژیکی (Logical form)، کە ئەمیان سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ واتادا هەیە، واتە لەم ئاستەدا لێکدانەوەیەکی سیمانتیکی بۆ دروستەکە دەکرێت[٧].




هێڵکاریی ژمارە (١)

لەگەڵ ئەوەی هەردوو وەچەتیۆری حوکمکردنو بەستنەوە ناونیشانی تیۆری GB پێکدەهێنن، بەڵام ئەم تیۆرە لە چەندین وەچەتیۆر پێکدێت، ئەم وەچەتیۆرانەش تێکەڵ بە یەکتر دەبنو کاریگەریشیان لەسەر یەکتر دەبێت. وەچەتیۆرییەکانیش ئەمانەن[٨]:

١- تیۆری حوکمکردن (Government theory).

٢- تیۆری بەستنەوە (Binding theory).

---

* دروستەی ڕووکەش (Surface structure): ئەو ئاستە ڕۆنانییەی زمانە، کە ڕستە تیایدا دەردەکەوێتو دەکەوێتە سەروو ناوچەکانی یاساکانی گواستنەوەوە (دیار عەلی کەمال :٢٠٠٢:٢٨). دروستەی ڕووکەش لە دوای جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە بەسەر دروستەی قووڵدا بەرهەمدێت.

٧- حاتەم وليا محەمەد (٢٠٠٩: ٦٤-٦٦), Chomsky (1993:17-18).

٨- Crystal (2008:215), Trask (1993:121).

٣- تیۆری دۆخی ڕێزمانیی (Case theory).

٤- تیۆری سێتا (Theta theory).

٥- تیۆری ئێکس_باڕ (X-bar theory).

٦- تیۆری کۆنترۆڵ (Control theory).

٧- تیۆری بەندێتی/ سنووردارکردن (Bounding theory).

## ١/١-١-١) تیۆری حوکمکردن Government theory

تیۆری حوکمکردن یەکێکە لە وەچەتیۆرییەکانی GB، کە چۆمسکی گرنگی زۆری پێداوە. "حوکمکردن ڕەگێکی کۆنی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێزمانی کلاسیکی (Traditional Grammar)، کە تیایدا ئاماژەدراوە بەوەی ناو لە لایەن پێشناوو کردارەوە حوکمدەکرێت، هەروەها پێویستە ڕێککەوتن (agreement) لە نێوان ناوو وشەکانی تردا هەبێت. بەڵام چۆمسکی لە GBدا بیرۆکەی حوکمکردنی بەشێوازێکی نوێ بەکارهێناوە، بیرۆکەی حوکمکردنی بە سەر(Head)ەوە بەستەوە، واتە تەنها سەرەکان دەتوانن حوکمبکەن"[٩].

حوکمکردن لە GBدا لەسەر بنەمای پەیوەندیی خوشکایەتی (Sisterhood)و وەچەئاراستەکردن[*] (C-command) بەڕێوەدەچێت. پەیوەندیی خوشکایەتی بەو مانایە دێت، کە چ کەرەستەیەك لە تەنیشت کەرەستەیەکی ترەوەیە، یان لە گەڵیدا بەکاردێت[١٠].

حوکمکردن بەپێی پەیوەندیی خوشکایەتی:

A حوکمی B دەکات ئەگەر:

أ- A حوکمکەر (سەر) بێت.

ب- A لەگەڵ B خوشکبن.

---

٩- تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٣٢).

⋆ لە تیۆری GBدا بەدەر لە پەیوەندیی وەچەئاراستەکردن پەیوەندییەکی تریش هەیە، کە پێیدەوترێت سەرەئاراستەکردن (M-command). بۆ زانیاری دەربارەی ئەم جۆرە پەیوەندییە، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٣), Muhedeen (2008:17-18) لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لەو لێکۆڵینەوانەدا بەکارهێنراون.

١٠- مهدی مشکوه الدین (١٣٨٦: ٢٦٥).

(وەچەئاراستەکردن)یش بەم شێوەیە پێناسە کراوە[١١]:

نۆدی A وەچەئاراستەی نۆدی B دەکات ئەگەرو تەنها ئەگەر:

أ- A بەسەر B زاڵ نەبێتو B یش بەسەر A دا زاڵ نەبێت.

ب- یەکەم نۆدی دوو پەلکی، کە بەسەر A زاڵە بەهەمان شێوە دەبێت بەسەر B یشدا زاڵبێت.

حوکمکردن بەپێی وەچەئاراستەکردن:

A حوکمی B دەکات ئەگەرو تەنها ئەگەر:

أ- A حوکمکەر (سەر) بێت.

ب- A وەچەئاراستەی B بکاتو B یش وەچەئاراستەی A بکات.

(١) من تۆ دەبینم.




هێڵکاریی ژمارە (٢)

١١- Ouhalla (1999:155), Haegeman (1998:134).

* (V) تەنها جێکەوتەی ڕەگی کردارە، نەك کرداری کاتو کەسدار، جێکەوتەی کاتو کەس (I)یە، بەڵام لەبەرئەوەی لە تافی ڕانەبوردوو (داهاتوو)دا مۆرفیمی کاتمان نییە، بۆیە هێڵکارییەکە بەو شێوەیە دەرخراوە.

له (٢)دا V حوكمی NP2 دەكات، واتە V حوكمكەرەو NP2 حوكمكراوە. هەروەها V لەگەڵ NP2 خوشكن. لە هەمانكاتدا Vو NP2 وەچەئاراستەی یەكتریش دەكەن، واتە V وەچەئاراستەی NP2 دەكاتو NP2 یش وەچەئاراستەی V دەكات. نۆدی $\bar{V}$یش بەسەرVو NP2دا زاڵە[١٢*].

بەم پێیە دەكرێت بوترێت ناوەڕۆكی تیۆری حوكمكردن بریتییە لە بوونی كەرەستەی حوكمكەرو حوكمكراو:

أ- حوكمكەر: ئەو كەرەستانەن، كە سەری دروستەیەك پێكدەهێننو حوكمی تەواوكەرەكانیان دەكەن. زۆربەیان ڕۆڵ پێدەرو دۆخ پێدەرن، واتە لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەو لە دروستەی ڕووكەشیشدا دۆخی ڕێزمانیی دەبەخشن.

ب- حوكمكراو: ئەو كەرەستانەن، كە حوكمدەكرێنو ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن.

پێویستە تێبینی ئەوە بكریت، كە كەرەستەی حوكمكەرو حوكمكراو دەبێت لە چوارچێوەی یەك دروستەدابن.

یەكێك لە ڕێسا سەرەكییەكانی تیۆری حوكمكردن كەرەستەی بەتاڵە[١٣]، كە بە حوكمكردنی توند (تەواو) (Proper Government) ناودەبرێت.

## ١/١-١-٢) تیۆری دۆخی ڕێزمانیی Case theory

بیرۆكەی دۆخ لە لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكاندا مێژوویەكی دێرینی هەیە. لە كۆندا بەو جۆرە لە دۆخیان ڕوانیوە، كە بریتییە لەو زیادەیەی،كە لە كۆتایی وشەكاندا دەردەكەوێت. ئەم تێڕوانینەش بۆ دۆخ پەیوەندیی بەو زمانانەوە هەبووە، كە ڕیزبوونی وشەكانیان لە ڕستەدا جێگیرنەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە لە كۆندا مەرج بووە دۆخ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەربكەوێت، بەلاّم ئەوەی دۆخ لە GB جیادەكاتەوە ئەوەیە، كە لە GBدا مەرج نییە دۆخ هەمیشە بوونێكی مۆرفۆلۆژیی هەبێت، وەك ئەوەی لە كۆندا باوەڕیان وابووە.

---

* زاڵبوون (Dominance) بەم شێوەیە پێناسە كراوە: نۆدی A بەسەر نۆدی Bدا زاڵ دەبێت، بە مەرجێك لە هێڵكارییەكدا A شوێنێكی بەرزتر لە B بگرێتو بتوانرێت بە هێڵێكی بەرەوخوار A و B بەیەك بگەیەنرێن. Haegeman (1998:85)

١٢- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٠-٣٤)، حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٧٥-١٨٤)، تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٣٢-٣٣).

١٣- Trask (1993: 121).

دۆخی ڕێزمانیی کەتیگۆرییەکی سینتاکسییە، کە پەیوەندیی نێوان سەرو تەواوکەر ڕێکدەخات، لە ڕستەیشدا باس لە پەیوەندیی فرێزەکان پێکەوە دەکاتو ئەرکە سینتاکسییەکان دیاریدەکات[١٤]. دۆخ ئەو گۆڕانکارییەیە، کە بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە فرێزە ناوییەکە هەیەتی لە ڕستەدا لە کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت[١٥].

دۆخ (دۆخی دروستەیی _ لێکۆڵەر) لە دروستەی ڕووکەشدا پراکتیزە دەبێت، چونکە هەمیشە کاتێك دۆخ دەبەخشرێت، کە گواستنەوەکان جێبەجێ کرابن، واتە پاش گواستنەوە دۆخی ڕێزمانیی دەبەخشرێت[١٦].

سیستەمی دۆخ جیهانییەو لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە جیاکردنەوەی دۆخی زگماکییو دۆخی دروستەییە، کە لە زمانە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز دەبینرێن[١٧]. بەم پێیە هەموو زمانێك سیستەمێکی دۆخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا دۆخ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەربکەوێت، واتە لە هەندێك زماندا دۆخ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەردەکەوێتو ئاشکرایە، لە هەندێك زمانی دیکەشدا دۆخ نادیارەو دەرناکەوێت.

زارەکانی زمانی کوردی بە ڕێژەو شێوازی جیاواز دۆخیان تێدا بەدیدەکرێت. لە کۆندا زمانی کوردی خاوەنی سیستەمێکی دۆخی دەوڵەمەند بووە، بەڵام هەندێك لە شێوەزارەکانی بە درێژایی مێژوو سیمای دۆخێتییان لەدەستداوە، جگە لە زاری کرمانجیی ژووروو و شێوەزاری هەورامی، کە مۆرکەکەیان پاراستووە. کاتێك دەڵێین شێوەزارەکانی تر سیمای دۆخێتییان لەدەستداوە وەنەبێ، کە ئەو شێوەزارانە هیچ پاشماوەیەکی دۆخیان بۆ نەمابێتەوە، بەڵکو تا ئێستایش لە هەندێك گۆڤەری وەك هەولێریو گەرمیانیو ...هتد پاشماوەی دۆخ دەبینرێت[١٨].

## ١/١-١-٢-١) جۆرەکانی دۆخ

١- دۆخی زگماکیی (Inherent Case)

٢- دۆخی دروستەیی (Structural case)

---

١٤- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/١١/١٩.

١٥- بڕوانە: محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣: ٦١-٦٢).

١٦- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢: ١٥٨).

١٧- Culicover (1997:25).

١٨- بڕوانە: ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ١٢٠-١٢١).

**١/١-١-٢-١-١) دۆخی زگماکیی**

بەو دۆخە ڕێزمانییانە دەوترێت، کە لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بە چەند ئارگۆمێنتێکی تایبەتی دەدرێن، پێش ئەوەی گواستنەوە ڕووبدات[١٩]. دۆخی زگماکیی لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت[٢٠*]، بەڵکو لەو زمانانەدا دەردەکەوێت کەوا کردارەکان توانایان هەیە لە ڕستەدا دەسەڵاتیان بەسەر دوو بەرکاری ڕاستەوخۆدا هەبێت[٢١]. زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانانەی، کە دۆخی زگماکیی تێدا بەرچاودەکەوێت، بڕوانە (٢).

(2) I gave him the book.

لە (٢)دا فرێزی ناویی (him) دۆخی زگماکیی هەیە، بەڵام گەر ڕستەکە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، ئەوا فرێزی ناویی (him) لە فۆڕمی فرێزێکی پێشناوییدا دەردەکەوێتو دۆخەکەش لە زگماکییەوە دەبێتە دروستەیی، بڕوانە (٣).

(٣) من کتێبەکەم بە ئەو دا.

لە (٣)دا، کە ڕستە کوردییەکەیە، فرێزی ناویی (ئەو) دۆخی دروستەیی داتیڤی لەلایەن پێشناوی (بە)وە وەرگرتووەو پێکەوە(پێشناوەکەو فرێزە ناوییەکە) فرێزێکی پێشناوییان پێکهێناوە.

**١/١-١-٢-١-٢) دۆخی دروستەیی**

ئەو دۆخانەن، کە بەپێی شوێنی فرێزە ناوییەکان لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا دوای پیادەکردنی کردەی گواستنەوە دەدرێن[٢٢]. دۆخی دروستەیی چەند جۆرێکی لێدەستنیشاندەکرێت، بەم شێوەیە:

**١- دۆخی بکەریی (Nominative):**

ئەو جۆرە دۆخەیە، کە لەلایەن کاتو کەس (INFL )ی کردارەوە بە فرێزێکی ناویی یان ناوئاسا دەدرێت[٢٣].

(٤) ئەوان وانەکەیان خوێند.

---

١٩- Cook & Newson (1996:225-226).

٢٠- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٧٦).

* هەندێك زمانەوان پێیانوایە دۆخی زگماکیی لە زمانی کوردیدا هەیە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٧٩-٨١)، تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٤٢-٤٦)، سەلاح حەوێز ڕەسوڵ (٢٠١٣: ٤٤-٤٥).

٢١- Radford (1981:348) لە (سەباح ڕەشید قادر :٢٠٠٩:٧٦)ەوە وەرگیراوە.

٢٢- Cook & Newson (1996:225-226).

٢٣- Black (1998:38).

له (٤)دا کاتو کەسی کردارەکە دۆخی بکەرییان بە فرێزی ناویی (ئەوان) داوە.

## ٢- دۆخی بەرکاریی (Accusative):

ئەو جۆرە دۆخەیە، کە لەلایەن ڕەگی کرداری تێپەڕەوە بە جێکەوتەیەك دەدرێت، کە بە فرێزێکی ناویی یان ناوئاسا پڕدەبێتەوە.

(٥) دانا کتێبی کڕی.

له (٥)دا ڕەگی کرداری (کڕی)، کە (کڕ)ە، دۆخی بەرکاریی بە فرێزی ناویی (کتێب)، کە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەیە بەخشیوە.

## ٣- دۆخی داتیڤ (Dative):

ئەو جۆرە دۆخەیە، کە لەلایەن پێشناوە سینتاکسییەکانەوە بە جێکەوتەیەك دەدرێت، کە بە فرێزێکی ناویی یان ناوئاسا پڕدەبێتەوە.

(٦) أ- من نامەکەم بۆ دییە نارد.

ب- * من نامەکەم دییە نارد

له (٦-أ)دا فرێزی ناویی (دییە) لەلایەن پێشناوی (بۆ)وە دۆخی داتیڤی پێدراوە، ئەگەر پێشناوی (بۆ) لابرێت، ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانی، بڕوانە (٦-ب). ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە هەر سەرێکی ڕێزمانی دەتوانێت تەنها یەك دۆخ بە یەك تەواوکەر بداتو هەر تەواوکەرێکیش دەتوانێت تەنها لە یەك سەری ڕێزمانییەوە دۆخ وەربگرێت. بەم پێیە کردارەکە(ڕەگی کردارەکە) دەتوانێت تەنها دۆخ بە بەرکارەکە(نامەکە) بدات. بەمەیش فرێزی ناویی (دییە) بێ دۆخ دەمێنێتەوە، بەپێی (پالێوەری دۆخ)یش لە ڕستەدا ڕێگە بە فریزی بێ دۆخ نادرێت.

پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ) ناتوانن دۆخی ڕێزمانیی ببەخشن، چونکە لە فەرهەنگدا بەشێکی زگماکیی کردارنو بەهەمان فۆڕمەوە حوکمی فرێزێکی ناوییان پێناکرێت، هەر لەبەرئەوەشە، کە بە پێشناوی درۆینە ناودەبرێن، بۆیە دەبێت پێشناوە فەرهەنگییەکان لە دروستەی ڕووکەشدا فۆڕمی پێشناوی ڕەسەنیان پێببدرێت، بڕوانە (٧).

(٧) أ- ڕەوا گوڵەکەی پێشکەش بە ڕۆزە کرد.

ب-* ڕەوا گوڵەکەی پێشکەش پێ ڕۆزە کرد

لە (٧-أ)دا پێشناوی (بە) دۆخی داتیڤی بە فرێزی ناویی (ڕۆزە) بەخشیوە، بەڵام ڕستەی (٧-ب) ڕێگەی پێنەدراوە، چونکە پێشناوی (پێ) ناتوانێت هەمان ڕۆڵی سینتاکسی (بە) ببینێت. کەواتە تەنها پێشناوە ڕەسەنەکان (بۆ، بە، لە،...) کەرەستەی حوکمکەرن‌و دەتوانن دۆخی ڕێزمانیی ببەخشن[٢٤].

## ٤- دۆخی خستنەپاڵ (Genitive):

زمانەوانانی کورد بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەم جۆرەی دۆخ هەیە، زمانەوان هەیە[٢٥] پێیوایە دۆخی خستنەپاڵ لەلایەن مۆرفیمی (ی) یان (ە)وە دەدرێت، وەك:

(٨) أ- چاوی شین

ب- گردە پیاو

زمانەوانیش هەیە[٢٦] پێیوایە دۆخی خستنەپاڵ ئەو جۆرە دۆخەیە، کە لەلایەن ناوو ئاوەڵناوەوە بە جێکەوتەیەك دەدرێت، کە فرێزی ناویی یان ناوئاسای تێدایە، وەك:

(٩) أ- دەستی من

ب- کچی جوان

لە بەرانبەر ئەو دوو بۆچوونەشدا بۆچوونێك هەیە[٢٧]، کە پێیوایە دۆخی خستنەپاڵ بە زگماکیی لە دروستەی قووڵدا دەدرێت، نەك بە دروستەیی لە دروستەی ڕووکەشدا، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

(١٠) من کتێبەکەی ئەحمەد دەبەم.

بەپێی بۆچوونی ئەو زمانەوانە لە (١٠)دا فرێزی ناویی (ئەحمەد) دۆخی زگماکیی خستنەپاڵی لە دروستەی قووڵدا لەلایەن مۆرفیمی خستنەسەری (ی)یەوە وەرگرتووە.

---

٢٤- بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٧٨-١٨٠)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٢).

٢٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٨١).

٢٦- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/١١/١٩.

٢٧- تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٤٢).

### ١/١-١-٢-٢) پاڵێوەری دۆخ (Case filter)

هەر فرێزێکی ناویی ناوەڕۆکی فۆنەتیکی هەبێتو دۆخی نەبێت، ئەوا فرێزێکی ناویی فۆڕم نادروستە (*NP)[٢٨]، بڕوانە (١١).

(١١) * منداڵەکە تۆپ یاری دەکات

لە (١١)دا فرێزی ناویی (تۆپ) لەبەرئەوەی هیچ دۆخێکی ڕێزمانیی وەرنەگرتووە، بەپێی پاڵێوەری دۆخ ڕێگەی پێنەدراوە، ئەم ڕێگەپێنەدانەیش ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێکەوتۆتەوە.

### ١/١-١-٢-٣) نیشانەکانی دۆخ (Case marker)[٢٩]

ئەو نیشانانەن، کە سەرە ڕێزمانییەکان بەپێی دۆخە جیاوازەکان بە تەواوکەرەکانیانی دەدەن. نیشانەکانی دۆخ دەبن بە دوو جۆرەوە: جۆری یەکەمیان ئەو نیشانەن، کە ئەبستراکت(نابەرجەستە)ن، هەربۆیە هیچ نیشانەیەك لەسەر تەواوکەرەکە دەرناکەوێت. جۆری دووەمشیان ئەو نیشانانەن، کە کۆنکرێت (بەرجەستە)ن، ئەمیش دوو جۆری هەیە: یان نیشانەکە مۆرفیمە، واتە دۆخەکە مۆرفۆلۆژییە، یان پەیوەستە بە شکاندنەوەی ئەو تەواوکەرەی، کە دۆخەکەی پێدەدرێت.

زمانی کوردی (شێوەزاری سلێمانی) تەنها دۆخی نابەرجەستەی هەیە[*]، واتە گەیاندنی دۆخی دروستەیی بە مۆرفیم نییەو جێناوە سەربەخۆکانیشی، کە جێگرەوەی فرێزە ناوییەکانن، فۆڕمی ناوەوەیان ناشکێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی ئەوەی گرتۆتەوە جێکەوتەی چەسپاوە، واتە تەواوکەرەکان لە چوارچێوەی فرێزەکاندا لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکەیان دەگرنو بکەر بەهۆی مۆرفیمی ڕێککەوتنەوەو تەواوکەرەکانی دیکەش بەپێی پەیوەندیی هاوسێیەتی دۆخ لە سەرە ڕێزمانییەکەیان وەردەگرن، بڕوانە (١٢).

(١٢) أ- من تۆم گرت.

ب- * تۆ منم گرت

---

٢٨- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٨٩), Chomsky (1993:49)

٢٩- بۆ ئەم بابەتە سوودوەرگیراوە لە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٥٥-١٥٩)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٤-١٦).

⋆ لە هەندێك زارو شێوەزاری تردا دۆخی بەرجەستە بوونی هەیە، بۆ نموونە لە زاری کرمانجیی ژووروودا هەم مۆرفیمی دۆخ هەیەو هەم جێناوەکانیش دەشکێنەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عادل ڕەشید قادر (٢٠٠١: ١١-١٩). لە شێوەزاری هەورامیشدا دۆخ بە مۆرفیم دەنوێنرێت، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٩٨: ٨٥-٩٥).

پ– * من گرت تۆم

ت– * گرت من تۆم

ئەگەر گۆڕانكاری لە جێكەوتەی چەسپاودا بكرێتو هاوسێیەتییەكە تێكبدرێت، ئەوا لە ڕێگەی هاونیشانەكردنەوە* ڕایەڵەیەك دروستدەكرێتو لە ڕێگەیەوە كردارەكە(ڕەگی كردارەكە) دۆخ دەدات بەو تەواوكەرەی، كە لێی دووركەوتۆتەوە، بڕوانە (١٣).

(١٣) تۆ، من گرتـمـیت.

j i i j

## ١/١-١-٢-٤) بەخشینی دۆخی ڕێزمانییو پەیوەندیی بە حوكمكردنەوە

"لە تیۆری GBدا بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی لەلایەن سەر** (Head)ەوە دەبێت، هەروەها حوكمكردنیش هەر لەلایەن (سەر)ەوە دەبێت، كەواتە كاتێك ئەلەمێنتێك دۆخ وەردەگرێت، كە پێشتر لەلایەن هەمان (سەر)ەوە حوكمكرابێت، بۆ نموونە بەركار كاتێك دۆخی ئەكیوزەتیڤ لەلایەن ڕەگی كردارەوە وەردەگرێت، كە پێشتر لەلایەن هەمان سەرەوە حوكمكرابێت، واتە دۆخی ڕێزمانیی بەبێ حوكمكردن نابێت، ئەمەش یەكێكە لە داهێنانەكانی GB. ڕێسای پێدانی دۆخ(Case assignment)یش لە هەر زمانێكدا جۆرێك لە پارامیتەر هەڵدەبژێرێت، ئەگەر زمانەكە سەركۆتایی (Head final) بێت، ئەوا ئاراستەی پێدانی دۆخ (ئەگەر ڕێنوسی زمانەكە لە ڕاستەوە دەستپێبكات) لە چەپەوە بۆ ڕاستە، ئەگەر سەرسەرەتا (Head initial)ش بێت لە ڕاستەوە بۆ چەپە"[٣٠].

دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی كوردیدا سەركۆتاییە، چونكە سەرە ڕێزمانییەكان دەكەونە كۆتایی دروستەكانەوە، تەنها لە فرێزی پێشناوییدا نەبێت، كە پێشناوە سینتاكسییەكان ڕێسای سەرسەرەتایی جێبەجێدەكەن. بەم پێیە ئاراستەی پێدانی دۆخ لە فرێزی پێشناوییدا لە ڕاستەوە بۆ چەپەو لە دروستە سینتاكسییەكانی دیكەدا بە پێچەوانەوەیە، واتە لە چەپەوە بۆ ڕاستە***.

* هاونیشانەیی (Co-referential) زاراوەیەكە لە زمانەوانیدا بەتایبەت لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بۆ ئەو پێكهاتانەی ڕستە بەكاردێت، كە هەمان نیشانەیان هەیە. Crystal (2008:116)

** پێیدەوترێت دۆخ پێدەر (Case assigner).

٣٠- تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٤٣-٤٤).

*** بۆچوونێك هەیە، كە پێیوایە (دۆخی خستنەپاڵ)یش بە پێی ڕێسایی سەرسەرەتایی دەدرێت، بڕوانە دۆخی خستنەپاڵ.

سەری ڕێزمانیی بۆئەوەی بتوانێت دۆخ بە تەواوکەرەکەی بدات، دەبێت تەواوکەرەکە ڕاستەوخۆ لە تەنیشتیەوە بێت[٣١]، چونکە "دۆخی ڕێزمانیی بەپێی مەرجەکانی (حوکمکردن)و (وەچەئاراستەکردن) پەیوەست بە بنەمای خوشکایەتییەوە دەدرێت"[٣٢].

(١٤) دییە لە زانکۆ ڕۆژە دەبینێت.




هێڵکاریی ژمارە (٣)

لە (٣)دا فرێزی ناویی (دییە) لەلایەن کاتو کەسی کردارەکە (I)یەوە حوکمکراوەو دۆخی ڕێزمانیی بکەریی پێدراوە. لە فرێزی پێشناویی (لە زانکۆ)شدا پێشناوی (لە) حوکمی فرێزی ناویی (زانکۆ)ی کردووەو دۆخی ڕێزمانیی داتیڤی پێبەخشیوە. فرێزی ناویی (ڕۆژە)ش لەلایەن ڕەگی کردارەکە حوکمکراوەو دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی وەرگرتووە. لە (٣)دا هەریەك لە سەرە ڕێزمانییەکانو تەواوکەرەکانیان وەچەئاراستەی یەکتریشیان کردووە.

---

٣١- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٦).

٣٢- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٨٣).

## ١/١-١-٢-٥) بەربەستەكانی حوكمكردن

"ئەو ڕەگەزانەی، وەك بەربەست یان سنوور بۆ پێدانی دۆخی ڕێزمانیی ڕۆڵ دەبینن، گەورەترین پرۆژەكانن. سنوورەكە بەو جۆرەیە، كە ڕەگەزێكی حوكمكەر ناتوانێت بەسەر ڕەگەزێكی حوكمكەری دیكەدا بازبدات یان تێپەڕێتو ڕەگەزێكی تر حوكمبكات. ڕەگەزەكانی حوكمكردن بەربەستو سنوورێكن بە بەربەستەكانی حوكمكردنی زمان ناسراون، هەر زمانێكیش ژمارەیەك لەو بەربەستو سنوورانەی هەیە"[٣٣].

چۆمسكی پێیوایە، هەموو پرۆژەیەكی گەورە (XP)، كە زاڵە بەسەر ئەو فرێزە ناوییەی، كە دۆخ وەردەگرێت، بەهەمان شێوە زاڵیشە بەسەر ئەو سەرە ڕێزمانییەی، كە دۆخەكە بە فرێزە ناوییەكە دەدات[٣٤].

بەم پێیە، كەواتە پرۆژە گەورەكان بەربەستن لەبەردەم ئەوەی، كە سەرێكی ڕێزمانیی تر دۆخ بدات بە تەواوكەرە ناوەكییەكان، بەم جۆرە بەربەستەیش دەوترێت (Barrier)، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (٤، ٥)[٣٥].




هێڵكاریی ژمارە (٤)

حوكمكردنی NP لەلایەن پێشناو(P)ەوە

---

٣٣- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٨٢-١٨٣).

٣٤- Black (1998:37).

٣٥- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٩٨-١٩٩).




هێڵكاریی ژمارە (٥)

حوكمكردنی NP لەلایەن INFL (I)ەوە

لە(٤)دا (NP)ەكە لەلایەن پێشناو(P)ێكەوە حوكمكراوە. گەورەترین پرۆژەی (P)ەكەش، (PP)یەكە، كە كەوتۆتە نێوان (V)ەكەو (NP)ەكەوە، واتە بۆتە بەربەستێك بۆ حوكمكردن، بەمەش (V)ەكە ناتوانێت حوكمی (NP)ەكە بكات. لە (٥)یشدا (V)ەكە ناتوانێت حوكمی (NP1) بكات، چونكە گەورەترین پرۆژەیەك لە نێوان (V)ەكەو (NP1)ەكەدا هەیە، كە (VP)یەكە، كە بووەتە بەربەستێكی حوكمكردن لە نێوان (NP1)و (V) ەكەدا . لە (٥)دا (NP1) لەلایەن (I) یەكەوە حوكمدەكرێت.

لە دروستەی ڕستەی ئالۆزیشدا نۆدی (S̄) دەبێتە بەربەستی حوكمكردن، بڕوانە (١٥).

(١٥) ئەو گوتی، كە هانا گەڕاوەتەوە.

بكەری پاڕستەی (١٥) لەلایەن كرداری پاڕستەكە خۆیەوە حوكمدەكرێتو دۆخی ڕێزمانیی بكەریی (Nominative) پێدەدرێت، چونكە نۆدی (S̄) لە گەورەترین پرۆژەكانەو بەربەستێكە بۆ حوكمكردنو ڕێگە بە كرداری شاڕستەكە نادات بەسەریدا تێپەڕێتو حوكمی بكەری پاڕستەكە بكاتو دۆخی ڕێزمانیی پێبدات، چونكە "ئەگەر بهاتبایە ئەو بكەرە لەلایەن كردارە سەرەكییەكە(كرداری شاڕستەكە)وە حوكمی دۆخی ڕێزمانیی بكرابایە، ئەوا دووجار حوكمی دەكرا. بكەرەكە وەك بكەری پاڕستە كاتو كەسدارەكە دۆخی

ڕێزمانیی بکەریی دەبوو وەك بەرکاری کرداره سەرەکییەکەش دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی دەبوو.[٣٦] " ئەمەش ڕێگەی پێنادرێت، چونکه وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەر تەواوکەرێك دەتوانێت تەنها یەك دۆخ له یەك سەری ڕێزمانییەوە وەربگرێتو هەر سەرێکی ڕێزمانیش دەتوانێت تەنها یەك دۆخ به یەك تەواوکەر بدات.

پێویسته ئاماژه بەوەش بدرێت، کە هەموو پاڕستەکە پێکەوە (کە هانا گەڕاوەتەوە) دەبێتە بەرکارێکی دەرەکیی بۆ کرداری شاڕستەکەو شوێنی بەرکارە ناوەکییەکەی بۆ دەگرێتەوە.

## ١/١-١-٣) تیۆری سێتا/ تیۆری ڕۆڵی بابەتانه Theta theory or Thematic role

تیۆری سێتا یەکێکه له وەچەتیۆرییەکانی حوکمکردنو بەستنەوە، گرنگی بەو ڕۆڵە سیمانتیکییانه دەدات، کە ئارگۆمێنت_داواکەر (predicate) له دروستەی قووڵدا به ئارگۆمێنتەکانی دەبەخشێت[٣٧]. کەواته ڕۆڵە سیمانتیکییەکان پەیوەندیی واتایی نێوان ئارگۆمێنت_داواکەرو ئارگۆمێنتەکانی دەردەبڕن، بڕوانه (١٦).

(١٦) منداڵەکە چۆلەکەکەی گرت.

کرداری (گرت) وەك ئارگۆمێنت_داواکەرێك بۆ جێبەجێبوونی کردەکەی(کردەی کردارەکە) پێویستی به دوو ئارگۆمێنت هەیە، هەریەك لەو ئارگۆمێنتانەیش له دروستەی قووڵدا ڕۆڵێکی بابەتانەیان بۆ تەرخانکراوە. ئارگۆمێنتی بکەر ڕۆڵی کارا(Agent)ی وەرگرتووەو ئارگۆمێنتی بەرکاریش ڕۆڵی کارتێکراو(Patient)ی پێدراوە.

به پرۆسەی بەخشینی ڕۆڵە بابەتییەکان لەلایەن ئارگۆمێنت_داواکەرەوە به ئارگۆمێنتەکانی دەوترێت نیشانەکردنی سێتا (Marking theta)[٣٨].

له تیۆری سێتادا ڕێسایەکی سەرەکی هەیە، کە پێی دەوترێت پێوەری سێتا (Theta criterion)، ڕێساکەش بەم شێوەیەیه[٣٩]:

**هەر ئارگۆمێنتێك یەكو تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانه وەردەگرێتو هەر ڕۆڵێکی بابەتانەیش به یەكو تەنها یەك ئارگۆمێنت دەدرێت.**

---

٣٦- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٨٣).

٣٧- Matthews (2007:342).

٣٨- Radford (2004:192).

٣٩- Chomsky (1993:36).

کەواتە بەپێی ئەم پێوەرە(پێوەری سێتا) ئارگۆمێنتێك ناتوانێت لە ڕۆڵێکی بابەتانە زیاتر وەربگرێتو ئارگۆمێنت_داواکەرێکیش ناتوانێت لە ڕۆڵێکی بابەتانە زیاتر بە ئارگۆمێنتێك ببەخشێت. بە واتایەکی تر ئارگۆمێنتێك دەتوانێت تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە وەربگرێتو "ئارگۆمێنت_داواکەرێکیش دەتوانێت تەنها یەك ڕۆڵ بە یەك جێکەوتە بدات"[٤٠]، واتە پەیوەندییەکە یەك بە یەکە، گەر وانەبێت ئەوا لادانە لە پێوەری سێتا.

لەڕاستیدا پێوەری سێتا کەموکوڕی تێدایە، چونکە هەندێك جار ئارگۆمێنتێك زیاتر لە یەك ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت، بڕوانە (١٧).

(17) Mary left the room angry.

لە (١٧)دا (Mary)، کە بکەری ڕستەکەیە لەلایەن هەردوو ئارگۆمێنت_داواکەری (left)و (angry)یەوە ڕۆڵی وەرگرتووە، چونکە(Mary) تەنها ژوورەکەی بەجێنەهێشتووە، بەڵکو کاتێك ژوورەکەی بەجێهێشتووە توڕەیش بووە. کەواتە لەو ڕستەیەدا (Mary) دوو ڕۆڵی بابەتانەی وەرگرتووە، ئەمەیش پێشێلکردنی پێوەری سێتایە، هەربۆیە چۆمسکی لە بەرهەمەکانی دواتریدا هەندێك گۆڕانگاریی لە پێوەرەکەدا ئەنجامدا، بە جۆرێك کە بتوانرێت لێکدانەوەیەکی وردتر بۆ ڕستەکانی وەك (١٧) بکرێت[٤١].

لە تیۆری GBدا پێدانی ڕۆڵی بابەتانە لەلایەن ئارگۆمێنت_داواکەرەوە بە ئارگۆمێنتەکانی لە دروستەی قووڵدا دەبێت، لە دروستەی ڕووکەشیشدا تیۆری دۆخی ڕێزمانیی پیادەدەکرێت. ئەو زانیارییانەی، کە پەیوەستن بە ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنت_داواکەرەکانەوە بەشێکن لە زانیاریی فەرهەنگیی(Lexical knowledge) قسەکەری زمانی دایك، دەبێت لە فەرهەنگدا تۆمارکرابن، ئەمەش بە سیماتیك گرید (Thematic grid) یان سێتا گرید (Theta grid) ئاماژەی پێدەدرێت، کە بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگیی (Lexical entry)[٤٢]. کەواتە "دەروازەی فەرهەنگیی هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێك پێویستە زانیاری دەربارەی ئەو ڕۆڵە بابەتییانە لەخۆبگرێت، کە ئارگۆمێنتەکان هەڵیدەگرن[٤٣]".

---

٤٠- Cowper (1992:55).

٤١- بۆ زانیاری دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە چۆمسکی لە پێوەرەکەدا ئەنجامیدا، بڕوانە: محەمەدی مەحوییو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ١٣٣-١٣٥)، تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٥٧-٥٩)، سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ١٢٠-١٢١)، ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩: ٩٢-٩٤).

٤٢- تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٥٥).

٤٣- Miller (2002:52).

### ١/١-١-٣-١) ژمارەو جۆری ڕۆڵە بابەتییەکان

لیستێکی دیاریکراو بۆ ژمارەو جۆری ڕۆڵە بابەتییەکان لەبەردەستدا نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تاکو ئێستا زمانەوانان لەسەر ژمارەو جۆری ئەو ڕۆڵانە ڕێکنەکەوتوونو بەپێی لێکۆڵینەوەکان گۆڕانکاریی بەسەردادێت. لێرەدا ژمارەیەك لەو ڕۆڵانەی، کە زیاتر باون دەخرێنەڕوو[٤٤]:

#### ١- کارا Agent

گیاندارێکە، کە سیمای (+ زیندوو)ی هەیەو بە ئیرادی کارێك ئەنجامدەدات. بە واتایەکی تر کارا ئەو کەرەستەیەیە، کە ئەنجامدەری کاری ڕستەکەیە.

+ هێز

(١٨) منداڵەکە نانەکەی خوارد.

#### ٢- کارتێکراو/ باس Patient/Theme

کەسێکە یان شتێکە، کە کاریگەریی کردارەکەی دەکەوێتەسەر، واتە کردەی کردارەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

(١٩) پۆلیس دزەکەی گرت.

#### ٣- سوودمەند/ سوودوەرگر Benefactive

بە کەسێك دەوترێت، کە سوود لە کارێك یان ڕووداوێك وەربگرێت.

(٢٠) فیتەرەکە ئۆتۆمبیلەکەی بۆ دانا چاککردەوە.

#### ٤- ئامانج/ مەبەست Goal

کەسێکە یان شتێکە یان شوێنێکە، کە ئامانجی ڕوودانی کردارەکە دەستنیشاندەکات.

(٢١) بەیانی بۆ زانکۆ دەچم.

---

٤٤- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ژمارەو جۆری ڕۆڵە بابەتییەکان، بڕوانە: یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩: ١٩-٣١)، سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ١٢٢-١٢٨)، بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢: ٢١-٢٢) ,Haegeman (1998:49-50)

## ٥- شوێن Location

ئەو شوێنەیە، کە بارێك نیشاندەدات، یان کارێکی تێدا ڕوودەداتو بەهۆی ئارگۆمێنت_داواکەرێکەوە دەردەبڕدرێت[٤٥].

(٢٢) کرێکارەکان لە کارگەی شەکر کاردەکەن.

## ٦- ئامێر Instrument

ئامرازێکە یان هۆیەکە، کە کارێکی پێئەنجامدەدرێت.

(٢٣) دییە دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

## ٧- سەرچاوە Source

سەرچاوە خاڵی/ شوێنی دەستپێکردنی شتێکە. تایبەتمەندیی ئەم ڕۆڵە لەوەدایە، کە لەگەڵ ئەو کردارانەدا دێت، کە جوڵە یان ئاراستە پیشاندەدەن[٤٦].

(٢٤) لە هەولێرەوە بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتین.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەندێك جار ڕۆڵە بابەتییەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، بۆ نموونە تێکەڵبوونی ڕۆڵی بابەتانەی (ئامانج)و (شوێن) یاخود (ئامانج)و (سوودمەند)، بڕوانە (٢٥).

(٢٥) أ- هانا بۆ خوێندن چوو بۆ بەریتانیا.

ب- هەستی کتێبەکەی بۆ من نارد.

لە (٢٥-أ)دا فرێزی پێشناویی (بۆ بەریتانیا) ڕۆڵی بابەتانەی "ئامانج/ شوێن"ی هەیە، لە (٢٥-ب)یشدا فرێزی پێشناویی (بۆ من) هەڵگری ڕۆڵی بابەتانەی "ئامانج/ سوودمەند"ە.

---

٤٥- Haegeman (1998:50).

٤٦- یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩: ٢٨).

## ٢-١/١) دروستەی ئارگۆمێنت Argument Structure

ئارگۆمێنت ئەو کەرەستانەن، کە لە ڕستەدا ئارگۆمێنت_داواکەر (predicate) داوایاندەکات. لە لۆژیکی فۆرماڵ (Formal logic)دا ئارگۆمێنت جێکەوتەی بۆشی ئارگۆمێنت_داواکەرێك یان گۆکردنەکەی دەگرێتەوەو دەکەوێتە سەر چەندێتی ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە ئارگۆمێنت_داواکەرەکە داوایاندەکاتو بەپێی ژمارەیان بە یەك جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی یان ... ناوبراوە، ئەمەیش پەیکاڵە لەگەڵ بەبڕشتی سینتاکسی (Syntactic valence)دا[٤٧].

"لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بە جێکەوتەی فرێزی ناویی‌و فرێزی پێشناویی خورتیی ڕستە دەگوترێت ئارگۆمێنت، کە گۆکردنی بکەر، بەرکارو ... هتدی هەیە. لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا ڕۆڵی بابەتانەو ئەو جێکەوتەیە دەگرێتەوە، کە کەرەستە زمانییەکان ڕۆڵی بابەتانەی تیادا وەردەگرن"[٤٨]. "هەرچی دروستەی ئارگۆمێنتیشە زاراوەیەکە تایبەتمەندیی‌و ڕووکارو پەیوەندیی نێوان سیمانتیکی وشەو ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانی دەگەیەنێت، یان بە کردەی دیاریکردنی تایبەتێتی کردارەکان لە وەچەپۆلەڕەگەزە جیاوازەکاندا بەهۆی دەروازەی فەرهەنگییەوە، لە دروستەی داتاکاندا بە (دروستەی ئارگۆمێنت) ناوبراوە"[٤٩].

"هەموو ئارگۆمێنت_داواکەرێك چەند ئارگۆمێنتێك داوادەکاتو ژمارەو سروشتو جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی داوایاندەکات، پێیاندەگوترێت (دروستەی ئارگۆمێنت)، ئەمەیش لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە. کردار وەك جۆرێك لە ئارگۆمێنت_داواکەر لە فەرهەنگی ئاوەزیی(Mental lexicon)دا زانیارییە فۆنۆلۆژیی‌و سینتاکسیی‌و واتاییەکانی دیاریکراوە. دەروازەی فەرهەنگیی دروستەی هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێك ئەو ڕۆڵە بابەتانانە لەخۆدەگرێت، کە ئارگۆمێنتەکانی هەڵیانگرتوون. ئارگۆمێنتەکان هەڵگری نیشانەی واتایین. بەپێی ئەمە سروشتو جۆری ئەو داواکراوانە دەزانرێت، کە ئارگۆمێنت_داواکەرەکان داوایاندەکەن"[٥٠].

---

٤٧- Trauth & Kazzazi (1996:85). و شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٢١٠-٢١١).

٤٨- محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٧٥).

٤٩- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٢١١).

٥٠- محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٧٥-٧٦).

کەواتە هەموو ئارگۆمێنت_داواکەرێك دروستەی ئارگۆمێنتی تایبەت بەخۆی هەیەو ژمارەو جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەیش، کە لە دروستەکەدا دێن، پەیوەست دەبێت بە زانینی واتای ئارگۆمێنت_داواکەرەکەوە. (Haegeman)[51] ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە ئارگۆمێنت_داواکەرێك وەریاندەگرێت دەچوێنێت بە ژمارەی ڕۆڵەکانی دەقێکی شانۆیی، هەروەك چۆن لە دەقێکی شانۆییدا ژمارەی ڕۆڵی ئەکتەرەکان دیاریکراوە، بەهەمان شێوە ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی هەر ئارگۆمێنت_داواکەرێکیش دیاریکراوە.

(٢٦) أ– چرۆ نامەکەی نووسی.

ب– کاروان ڕۆیشت.

لە (٢٦–أ)دا کرداری تێپەڕی (نووسی) وەك ئارگۆمێنت_داواکەرێك پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، تاوەکو کردەی نووسینەکە بەئەنجامبگات. ئارگۆمێنتی یەکەم بکەری ڕستەکە (چرۆ)یە، کە کردەی نووسینەکەی ئەنجامداوەو ڕۆڵی کارای وەرگرتووە، ئارگۆمێنتی دووەمیش بەرکارەکە (نامەکە)یە، کە کردەی نووسینەکەی بەسەردا جێبەجێکراوەو ڕۆڵی کارتێکراوی پێبەخشراوە. هەرچی کرداری تێنەپەڕە پێویستی تەنها بە یەك ئارگۆمێنت هەیە، واتە توانای بەخشینی یەك رۆڵی بابەتانەی هەیە، کە ئەویش ڕۆڵی کارایە، بڕوانە (٢٦–ب).

## ١/١–٢–١) ئارگۆمێنت_داواکەرو ئارگۆمێنت_داواکراو

## ١/١–٢–١–١) ئارگۆمێنت_داواکەر Predicate

ئارگۆمێنت_داواکەر ئەو پۆلەڕەگەزەیە، کە لە دروستەیەکدا داوای ئارگۆمێنت دەکاتو ئارگۆمێنتی دەوێت، یاخود "بریتییە لەو توخمە زمانییەی، کە زانیاری دەربارەی یەکەیەکو پەیوەندییەکانی ئەو یەکەیەی تێدایە"[52]. ئارگۆمێنت_داواکەر جێکەوتەی ئارگۆمێنت_داواکراوەکان دیاریدەکات، هەیانە یەك جێکەوتەییە، هەشیانە دوو جێکەوتەیی یان زیاترە."بەم جۆرە ئارگۆمێنت_داواکەرەکان ڕۆڵ پێدەرو حوکمکەری کەرەستە زمانییەکانی ترنو هەر ئەمانن چۆنیەتییو جۆری کەرەستە زمانییەکان لە زنجیرەکانی ئاخاوتندا (لە ڕستەدا) هەڵدەبژێرنو دیارییاندەکەن"[53].

٥١- Haegeman (1998:44).

٥٢- Cook & Newson (1996:164).

٥٣- محەمەدی مەحوییو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٨١).

### ١/١-٢-١-١-١) جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر

**١- کردار**

دیارترین جۆری ئارگۆمێنت_داواکەرە، کە بەپێی سروشتو داواکارییەکانی خۆی ژمارەو جۆری ئارگۆمێنتەکانی هەڵدەبژێرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئارگۆمێنت_داواکەری کرداری (بەشەکردار)ی یەك جێکەوتەیی‌و دوو جێکەوتەیی‌و* ... جیادەکرێنەوە، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(٢٧) دییە هات. (هاتن)

(٢٨) دییە دەرگاکەی کردەوە. (کردنەوە)

(٢٩) دییە دەرگاکەی لە ڕۆزە کردەوە. (لێکردنەوە)

(٣٠) دییە دەرگاکەی لە ڕۆزە بە ڕەوا کردەوە. (پێلێکردنەوە)

لە (٢٧)دا بەشەکرداری (هاتن)** تەنها یەك ئارگۆمێنتی داواکردووە، هەربۆیە بە بەشەکرداری یەك جێکەوتەیی (Monadic predicate) ناودەبرێت. لە (٢٨)دا بەشەکرداری (کردنەوە) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، بۆیە پێی دەوترێت بەشەکرداری دوو جێکەوتەیی (Dyadic predicate). لە (٢٩)یشدا بەشەکرداری (لێکردنەوە) سێ ئارگۆمێنتی هەیەو بە بەشەکرداری سێ جێکەوتەیی (Triadic predicate) دەناسرێت. بەشەکرداری (پێلێکردنەوە)یش لە (٣٠)دا چوار ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەی ئارگۆمێنتە، کە لە ڕستەی زمانی کوردیدا بێت.

لە زمانی کوردیدا لەبەرئەوەی جێکەوتەی کردار لە کۆتایی ڕستەدایە، بۆیە ڕۆڵی بابەتانە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە ئارگۆمێنتەکانی دەبەخشێت. کرداری تێپەڕ ڕۆڵی کارا بە جێکەوتەی بکەریی‌و ڕۆڵی کارتێکراویش بە جێکەوتەی بەرکاریی دەدات. "ئەو ئارگۆمێنتەی دەچێتە جێکەوتەی بەرکارییەوە بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی (Internal Argument) ناودەبرێت، چونکە لەلایەن سەر(Head)ەوە ڕۆڵی پێدەدرێت. ئارگۆمێنتی دەرەکیی (External Argument)یش جێکەوتەی بکەریی پڕدەکاتەوە، چونکە لە دەرەوەی (V)ەو لەلایەن (VP)ەوە ڕۆڵی پێدەبەخشرێت"[٥٤].

---

* ئەم دیاردەیە بە بەبڕشتی کردار(Verb-Valence) ناسراوە، لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەماندا پەیوەست بە هێزی کردارەوە زیاتر لێی دەدوێین.

** فۆڕمی کاتو کەسداری کردار ئارگۆمێنت_داواکەرە نەك فۆڕمی فەرهەنگیی کردار(کرداری ناویی)، بەڵام لە چەندین شوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ناچاری هەر فۆڕمەی فەرهەنگییەکەی کردار وەرگیراوە.

٥٤- محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٣١).

### ٢- ئاوەڵناو

جۆرێکی ترە لە ئارگۆمێنت_داواکەرەکان، کە بەهەمان شێوەی کردار یەك جێکەوتەیی‌و دوو جێکەوتەیی‌و ... هەیە، واتە داوای ئارگۆمێنتێك یان زیاتر دەکات، بڕوانە (٣١).

(٣١) أ- چیا زیرەکە.

ب- چیا لە هەردی زیرەکترە.

پ- چیا زیرەکترین خوێندکارە.

ئاوەڵناو لە پلەی چەسپاودا یەك ئارگۆمێنتی پێویستە، وەك لە (٣١-أ)دا پیشاندراوە، کە ئاوەڵناوی (زیرەك) یەك ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، بەڵام ئاوەڵناوی پلەی بەراوردو بالاّ دوو ئارگۆمێنت وەردەگرن، واتە پێویستیان بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، بڕوانە (٣١-ب-پ). لە (٣١-ب)دا ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی (زیرەکتر)و لە (٣١-پ)یشدا ئاوەڵناوی پلەی بالاّی (زیرەکترین) هەر یەکەو دوو ئارگۆمێنتیان وەرگرتووە. کەواتە ئاوەڵناو لە پلەی چەسپاودا ئارگۆمێنت_داواکەرێکی یەك جێکەوتەییەو لە پلەی بەراوردو بالاّشدا ئارگۆمێنت_داواکەرێکی دوو جێکەوتەییە، بەڵام مەرجیش نییە ئەمە ڕەهایی بێت‌و بۆ هەموو ئاوەڵناوەکان ڕاست بێت، چونکە ئاوەڵناو هەن، لە پلەی چەسپاودا زیاتر لە یەك ئارگۆمێنت‌و لە پلەی بەراوردیشدا زیاتر لە دوو ئارگۆمێنت وەردەگرن، بڕوانە (٣٢).

(٣٢) أ- چیا بۆ من بەپەرۆشە.

ب- چیا بۆ من بەپەرۆشترە لە تۆ.

لە (٣٢-أ)دا ئاوەڵناوی پلەی چەسپاوی (بەپەرۆش) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە. لە (٣٢-ب)یشدا ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی (بەپەرۆشتر) سێ ئارگۆمێنتی هەیە.

### ٣- ناو

ناو وەك ئارگۆمێنت_داواکەرێك پێویستی بە ئارگۆمێنتێك یان زیاتر هەیە، بڕوانە (٣٣).

(٣٣) هەڵگەڕانی ئاری بە کێوەکەدا، سەختبوو.

لە (٣٣)دا کرداری ناویی (هەڵگەڕان) پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە: یەکەمیان کەسێکە، کە کارەکە ئەنجامدەدات، دووەمشیان کێوێکە، کە کەسەکە پێیدا هەڵدەگەڕێت.

هەندێك سەرەناو (Substantive)ی دیاریکراو هەن، وەك (سەر، ژێر، تەنیشت، خوار، ...) بەهەمان شێوە ئارگۆمێنت_داواکەرن‌و داواکراویان هەیە. نیشانە واتاییەکانی ئەم چەشنە سەرەناوانە لە نیشانە واتاییەکانی سەرەناوەکانی تر جیاوازن. ئەمانە ناوی ئاوەڵکردارییں‌و داوای ناوێکی نا_ئاوەڵکردارییی دەکەن، بۆئەوەی پێکەوە ناوێکی ئاوەڵکردارییی دروستبکەن‌و لەڕێی پێشناوێکەوە لە ڕستەدا وەك ئاوەڵکردار بەکاربهێنرێن[55]، بڕوانە (٣٤).

(٣٤) من لە سەرمێز دادەنیشم.

**٤- پێشناو**

پێشناویش[*]، کە یەکێکە لە ئارگۆمێنت_داواکەرەکان دەتوانێت ڕۆڵی بابەتانەی جۆراوجۆر بە ئارگۆمێنتەکانی ببەخشێت، بەم شێوەیە:

أ- ئامێر Instrument

(٣٥) منداڵەکە بە چەقۆ پەنجەی خۆی بڕی.

ب- سوودمەند/ سوودوەرگر Benefactive

(٣٦) هەستی گوڵێکی پێشکەش بە هانا کرد.

پ- شوێن Location

(٣٧) لە بازار پارەکەم ونکرد.

ت- ئامانج/ مەبەست Goal

(٣٨) نامەکەم بۆ دانا نارد.

ج- سەرچاوە Source

(٣٩) لە ماڵەوە بەرەو زانکۆ بەڕێکەوتم.

---

٥٥- محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٨٤).

* مەبەست تەنها لە پێشناوە سینتاکسییەکانە، چونکە وەك پێشتر ڕوونکرایەوە پێشناوە فەرهەنگییەکانی (پێ، تێ، لێ) ئارگۆمێنت_داواکەر نین.

## ١/١-٢-١-٢) ئارگۆمێنت_داواكراو Argument

ئەو كەرەستە زمانییانەن، كە پەیوەستن بە ئارگۆمێنت_داواكەرەكانەوەو بەپێی تایبەتمەندیی ئارگۆمێنت_داواكەرەكان ڕێكدەخرێنو پەیوەندییەكانیان بۆ دیاریدەكرێت[٥٦]. بە واتایەكی سیمانتیكیی و لۆجیكیش ئەو بەشانەی ڕستەن، كە هەواڵێك لە بارەیانەوە بەهۆی ئارگۆمێنت_داواكەرێكەوە ڕادەگەیەنرێت[٥٧]. ئارگۆمێنت_داواكراوەكان لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەو لە دروستەی ڕووكەشیشدا دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن. ئەم ڕۆڵ پێدانو دۆخ پێدانەش لە چوارچێوەی تیۆری ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانیدا جێبەجێدەبێت.

(٤٠) ئازاد نەوزادی كوشت.

لە (٤٠)دا فرێزە ناوییەكانی (ئازاد، نەوزاد) ئارگۆمێنت_داواكراونو لەلایەن ئارگۆمێنت_داواكەری (كوشت)ەوە داواكراون.

لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا پاڕستە وەك ئارگۆمێنت_داواكراوێك دەردەكەوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە مەرج نییە هەموو كات ئارگۆمێنت_داواكراو بریتی بێت لە فرێزێك، بڕوانە (٤١).

(٤١) من دەزانم، كە وەڵامی پرسیارەكە چییە.

لە (٤١)دا پاڕستەی (كە وەڵامی پرسیارەكە چییە) ئارگۆمێنت_داواكراوێكی بەشەكرداری (دەزانم)ەو جێگەی بەركاری ناوەكیی ڕستەكەی گرتۆتەوەو ڕۆڵی بابەتانەشی بۆ تەرخانكراوە.

## ١/١-٢-٢) كۆتو بەندی هەڵبژاردن

كۆتو بەندكردنێكی سینتاكسی_سیمانتیكییە، كە مەبەست لێی ڕێككەوتنو گونجانی ئارگۆمێنت_داواكەرو ئارگۆمێنتەكانێتی لەڕووی ڕێزمانییو واتاییەوە لە دروستەیەكدا، كە ناهێڵێت ڕستەیەكی ناڕێزمانیی وەك (* زانا برد) یان ڕستەیەكی واتا_ناڕاستی وەك (؟؟ بەردەكە چوو بۆ سەیران) بەرهەمبێت. كۆتو بەندی هەڵبژاردن دەبێت بە دوو جۆرەوە:

---

٥٦- Cook & Newson (1996:164).

٥٧- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٨٥).

١- هەڵبژاردنی سیمانتیکی (Semantic selection(SS

٢- هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی (Category selection(CS

### ١/١-٢-٢-١) هەڵبژاردنی سیمانتیکی

بریتییە لە توانای ئارگۆمێنت_داواکەرەکان بۆ کۆتو بەندکردنی جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە بەشداری لەگەڵدا دەکەن، بەمەش ئارگۆمێنت_داواکەر ژمارەیەکی دیاریکراو لەو ئارگۆمێنتانە هەڵدەبژێرێت، کە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن[٥٨]. هەڵبژاردنی سیمانتیکی (SS) مەرجو یاسای خۆی هەیە. یاسای هەڵبژاردنی سیمانتیکی ئەوەیە، کە هەموو ئارگۆمێنت_داواکەرێك دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی لە تۆڕی بابەتانەیدا هەیەتی، هەڵبژێری سیمانتیکی کۆمەڵە ئارگۆمێنتێك بکات، بڕوانە (٤٢).

(٤٢) ؟؟ ئەو شاخەکە دەخوات

نموونەی (٤٢) لە ڕووی سینتاکسییەوە ڕستەیەکی دروستەو ژمارەی ئارگۆمێنتەکانیشی تەواوە، بەڵام لەڕووی سروشتو جۆری ئەو ئارگۆمێنتەوە، کە دیاریکردووە واتا_ناڕاستە، چونکە ئارگۆمێنتی دووەمی کرداری (خواردن)، کە (شاخ)ە، دەبێت هەڵگری نیشانەکانی ( + قوتدان، + جوین، + هەرسکردن، + لەناوچوون، + لەباربێت بۆ خواردن) بێت، کەچی نیشانەکانی ( _ جوین، _ قوتدان، _ هەرسکردن، _ ... هتد)ی هەیە. لەبەرئەوەی نیشانە واتاییەکانی ئەم ئارگۆمێنتە لەگەڵ ئەو ڕۆڵە واتاییانەی، لە ڕۆڵی بابەتانەی تۆڕی بابەتانەی ئارگۆمێنت داواکەرەکەدا هەیە، ڕێکناکەونو ناگونجێن، ناتوانرێت ڕۆڵی بابەتانەکە بدرێتو کردەی کردارەکە جێبەجێبکرێت. لە ئەنجامدا ناتەواویو نادروستی دەهێنێتە ئاراوە[٥٩].

کەواتە ئارگۆمێنت_داواکەرێك بۆئەوەی بتوانێت لەڕووی واتاوە هەڵبژێری سیمانتیکی ئارگۆمێنتەکانی بکات، دەبێت ڕێککەوتنو گونجان لە نێوان ڕۆڵە واتاییەکانی تۆڕی بابەتانەی ئارگۆمێنت_داواکەرەکەو نیشانە واتاییەکانی ئارگۆمێنتەکانیدا هەبێت.

---

٥٨- بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ١٠٨).

٥٩- بڕوانە: محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٨٦).

## ١/١-٢-٢-٢) هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی

کۆتو بەندکردنێکی سینتاکسی ئەو جۆرە تەواوکەرانەیە، کە ئارگۆمێنت_داواکەرێك وەریاندەگرێت[٦٠] ، یاخود بریتییە لە دیاریکردنی چەشنو جۆری تایبەتمەندیی پۆلەڕەگەزی سینتاکسی تەواوکەرەکان. بە واتا، ئارگۆمێنت_داواکەر (کردار بە نموونە) کام چەشنەی پۆلەڕەگەز وەك فرێزی ناویی/ فرێزی تەواوکەریی داوادەکات[٦١] . ئارگۆمێنت_داواکەر هەیە، یەك ئارگۆمێنت داوادەکات، هەشیانە دوو تا چوار ئارگۆمێنتی دەوێت (بڕوانە جۆرەکانی ئارگۆمێنت_داواکەر)؛ بەڵام ئەگەر ئارگۆمێنتێکی زیادە لە ڕستەکەدا هەبوو، کە هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی بۆ تەرخاننەکرابێت، یاخود ئارگۆمێنتێکی پێویست لە ڕستەکەدا نەبوو، ئەوا ئارگۆمێنت_داواکەر ناتوانێت هەڵبژێری پۆلەڕەگەزی ئارگۆمێنتەکانی بکاتو لە ئەنجامیشدا ڕستەیەکی نارێزمانی بەرهەمدێت، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(٤٣) أ- * ئاری پەنجەرەکەی بەرد شکاند

ب- * ئاری شکاند

لە (٤٣-أ)دا فرێزی ناویی (بەرد) ڕستەکەی کردۆتە نارێزمانی، چونکە کرداری (شکاند) تەنها دوو ئارگۆمێنتی پێویستە، واتە دەتوانێت تەنها دوو ڕۆڵی بابەتانە ببەخشێت، ڕۆڵی کارا بۆ بکەر(ئاری)و ڕۆڵی کارتێکراویش بۆ بەرکار(پەنجەرەکە). بەمەش کردارەکە ناتوانێت هیچ ڕۆڵێکی بابەتانە بۆ فرێزی ناویی (بەرد) لە دروستەی قووڵدا* تەرخانبکات. لە (٤٣-ب)یشدا نەبوونی فرێزی ناویی دووەم(بەرکارەکە) ڕستەکەی کردۆتە نارێزمانی. کەواتە ڕستەکانی (٤٣-أ-ب) بۆیە نارێزمانین، چونکە یاساکانی هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزییان بەزاندووە.

جا بۆئەوەی ڕستەکانی (٤٣-أ-ب) ببنە ڕستەی ڕێزمانی، ئەوا لە (٤٣-أ)دا دەبێت فرێزی ناویی (بەرد) یان لە ڕستەکەدا لابرێت، یان لەلایەن پێشناوێکەوە ڕۆڵی پێببەخشرێت، بەم شێوەیە:

---

٦٠- Parker & Riley (2010:65).

٦١- شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١١٣).

* کاتێك ئارگۆمێنتێك لە دروستەی قووڵدا هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەی بۆ تەرخاننەکرابێت، ئەوا لە دروستەی ڕووکەشیشدا ناتوانێت هیچ دۆخێکی ڕێزمانیی وەربگرێت. کەواتە هەر ئارگۆمێنتێك بۆئەوەی بتوانێت لە دروستەی ڕووکەشدا دۆخی ڕێزمانیی وەربگرێت، دەبێت پێشتر لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەی پێبەخشرابێت.

(٤٤) أ– ئاری پەنجەرەکەی شکاند.

ب– ئاری پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.

لە (٤٣–ب)یشدا دەبێت تەواوکەرێکی ناوەکیی (بەرکارێك) بۆ کردارەکە بخوازرێت، تاکو بتوانێت ئەو رۆڵە بابەتانەیەی (رۆڵی کارتێکراو)، کە ماویەتی پێی ببەخشێتو ڕستەکە ببێتە ڕێزمانی، وەك ڕستەی (٤٤–أ).

بەم پێیە ئەو رۆڵە سیمانتیکیانەی، کە ئارگۆمێنت_داواکەر بە ئارگۆمێنتەکانی دەبەخشێت، دەبنە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانییو نارێزمانیی.

جیاوازی لە نێوان هەڵبژاردنی سیمانتیکیو هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزیدا ئەوەیە، کە هەڵبژاردنی سیمانتیکی لە ڕێککەوتنی نێوان ئارگۆمێنت_داواکەرو ئارگۆمێنتەکانیو ئارگۆمێنتەکان لە نێوان خۆیاندا ورددەبێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزی لە ئارگۆمێنتەکان لەڕووی پۆلەڕەگەزییەوە وەك تەواوکەری ئارگۆمێنت_داواکەرەکان دەکۆڵێتەوە[٦٢].

## ٢/١) ئاستی مۆرفۆلۆژی

مۆرفۆلۆژی ئەو زانستەیە، کە لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوەو پەسەنیاندەکات، وشەیش لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێکدێت. کەواتە کەرەستەی بنیاتی مۆرفۆلۆژی بریتییە لە مۆرفیمو وشە.

مۆرفۆلۆژی لەلایەکەوە تەواوکەری فەرهەنگە، چونکە وشەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمدەهێنێت، واتە کەلێنی فەرهەنگیی پڕدەکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە سینتاکسدا ئەرکی وشەشکاندنەوە دەبینێت.

مۆرفۆلۆژی وەك زانستێکی سەربەخۆ لەسەر دەستی زمانەوانە بونیادگەرە ئەمریکییەکان هاتەکایەوە، چونکە "پێشتر لە ژێر ناوی ڕێزمان (Grammar) لەگەڵ ڕستەدا، لە پێکهاتەی وشەیان دەکۆڵییەوە، بەڵام بونیادگەرە ئەمریکییەکان هاتن، سنووریان لەنێوان ئەم دوو یەکە زمانەوانییە داناو مۆرفۆلۆژییان وەك لقێکی تایبەتی زمانەوانی جیاکردەوە"[٦٣]. سەرهەڵدانی مۆرفۆلۆژی وەك لقێکی نوێی زانستی زمان دوای ئەوە هات،

---

٦٢- بڕوانە: بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢: ٢٥).

٦٣- Katamba & Stonham (2006:5) لە (شیروان حسێن حمد :٢٠١٤: ٢٣)وە وەرگیراوە.

که "له سه‌ره‌تای چله‌کاندا بیری مۆرفیم هاته‌کایه‌وه‌و بونیادگه‌ره‌ ئه‌مریکییه‌کان ئه‌و ڕاستییه‌یان سه‌لماند، که وشه کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر*، پارچەی وەها کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانیی هەبێت. بەم جۆرە بونیادگەرە ئەمریکییەکان مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانیو ئەرکی لێکدانەوەو ڕێکخستنی مۆرفیمیان لە چوارچێوەی وشەدا پێسپارد"[٦٤]. ئەمەش لە کاتێکدابوو، کە ڕێزمانی چاولێکەری وشەی کردبووە بناغە بۆ شیکردنەوەی زمانو بە یەکەیەکی یەکگرتووی دابەشنەکراوی دادەنا. ئەم بۆچوونەش لە خۆیدا کۆمەڵێك گرفتی هەبوو.

پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بریتین لە پرۆسەی وشەدروستکردن، کە داڕشتنو لێکدان دەگرێتەوە، هەروەها مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە، کە لە سینتاکسدایە[٦٥]:




هێڵکاریی ژمارە (٦)

## ١-٢/١) وشەدروستکردن Word-Formation

وشەدروستکردن لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن، کە لە چۆنیەتی پێکهاتنو دروستبوونی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە[٦٦]. زمانی کوردی بەشێکی کەمی وشەکانی سادەن، هەر لەبەرئەوەشە، کە لە ڕێگەی پرۆسەکانی وشەدروستکردنەوە، کە بریتین لە: وشەداڕشتنو وشەلێکدان، زۆرینەی وشەکانی پێکدەهێنێت.

* هەڵبەت تەنها وشە ناسادەکان کەرت دەکرێن بۆ پارچەی وردتر، چونکە وشە سادەکان خاوەنی ڕۆنانی ناوخۆیی نین.

٦٤- بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١: ٨٤)، محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٧).

٦٥- نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠:٣٢), Bauer (1983:34)

٦٦- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٢١).

## ١-٢/١-١) وشەدارِشتن Derivation

پرۆسەی وشەدارِشتن بریتییە لە کردەی رۆنانی وشەی نویّ، کە لە رِیّگەی مۆرفیمەکانی دارِشتن[٦٧] (Derivational morphemes)ەوە، کە بریتین لە پیّشگر (Prefix)و پاشگر (Suffix)و ناوگر (Infix) ئەنجامدەدریّت. وشەدارِشتن بەو شیّوەیە دەبیّت، کە مۆرفیمیّکی دارِشتن یان زیاتر دەچیّتە سەر بناغەیەكو وشەیەکی نویّ بە واتایەکی نوێوە بەرهەمدیّت، کە پیّی دەوتریّت (وشەی دارِیّژراو). زمانی کوردی بۆ پرکردنەوەی کەلیّنی فەرهەنگیی ئەم رِیّگەیە بە شیّوەیەکی فراوان بەکاردەهیّنیّت.

لە پرۆسەی وشەدارِشتندا هەندیّك جار پۆلەرِەگەزی وشە (ئەو وشە نوێیەی، کە بەهۆی پرۆسەی دارِشتنەکەوە بەرهەمدیّت) دەگۆرِیّت، دەشیّت لە هەمان پۆلەرِەگەزیشدا بمیّنیّتەوە.

وشەدارِشتن لە زمانی کوردیدا ئەم پرۆسانە دەگریّتەوە[٦٨] :

١- پرۆسەی دارِشتنی ناو

أ- دارِشتنی ناو لە ناو، وەك: ئاسنگەر، نیسکیّنە، هاوسەفەر، ... هتد

ب- دارِشتنی ناو لە ئاوەڵناو، وەك: زەردیّنە، ساردەمەنی، بەرزەك، ... هتد

پ- دارِشتنی ناو لە رِەگ/ قەدی کردار، وەك: نووسەر، کوشتار، خویّندەوار، ... هتد

٢- پرۆسەی دارِشتنی ئاوەڵناو

أ- دارِشتنی ئاوەڵناو لە ناو، وەك: لادێیی، چڵکن، بەسوود، ... هتد

ب- دارِشتنی ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو، وەك: جوانکیلە، نەخۆش، ناپاك، ... هتد

پ- دارِشتنی ئاوەڵناو لە رِەگ/ قەدی کردار، وەك: بکوژ، نەزان، مردوو، ... هتد

---

٦٧- بۆ زانیاری دەربارەی تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی دارِشتن، بروانە: محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح رەشید قادر (٢٠٠٦: ٥٧-٦٣).

٦٨- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پرۆسەکانی وشەدارِشتن، بروانە: ئەورِەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٤٩-٨٣)، نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٣٤-٥٤)، رِۆژان نوری عەبدوڵلا (٢٠١٣: ٣٣-١٢٥).

٣- پرۆسەی دارِشتنی کرداری ناویی

- دارِشتنی کرداری ناویی لە کرداری ناویی، وەك: هەڵکردن، پێگەیشتن، بردنەوە، ... هتد

٤- پرۆسەی دارِشتنی ئاوەڵکردار*

- دارِشتنی ئاوەڵکردار لە ناو، وەك: بەخێرایی، بێشەرمانە، پیاوانە، ... هتد

## ٢/١-١-٢) وشەلێکدان Compounding

وشەلێکدان بەهەمان شێوەی وشەدارِشتن لە زمانی کوردیدا یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی وشەدروستکردن. وشەلێکدان بریتییە لە خستنەتەکیەکی دوو بناغە (base) یان زیاتر، بە یارمەتی مۆرفیمێکی بەستنەوە یاخود بەبێ یارمەتی ئەو مۆرفیمە. ئەنجامی کردەی وشەلێکدانیش وشەی لێکدراوە. کەواتە وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کە،" بەلایەنی کەمەوە دوو بناغە لەخۆدەگرێت، کە هەردووکیان وشەن، یان هیچ نەبێت رەگن"[٦٩].

"لە وشەی لێکدراودا، ئەو مۆرفیمانەی وشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە، لەرووی دروستەوە جیاوازییان هەیە. یەکێکیان (سەری رێزمانی)یەو ئەوی تریان (تەواوکەر)ە"[٧٠]. لەبەرئەوەی زمانی کوردی سەرکۆتایەو پەیرەوی یاسای (S.O.V) دەکات، بۆیە لە وشەی لێکدراویشدا سەرە رێزمانییەکە بەزۆری دەکەوێتە کۆتایی وشەکەوە. لە پرۆسەی وشەلێکداندا بەدەر لە مۆرفیمی بەستنەوە، دەکرێت مۆرفیمی دارِشتنیش بەشداری بکات، بۆ نموونە وشەکانی وەك (جێگەگرتن، بەهێزبوون،...)، کە کرداری ناویی لێکدراون، دروستەکەیان بەم شێوەیەیە:

(٤٥) جێگەگرتن ←——— جێ + گە + گرتن (ناو + مۆرفیمی دارِشتن + کرداری ناویی).

(٤٦) بەهێزبوون ←——— بە + هێز + بوون (مۆرفیمی دارِشتن + ناو + کرداری ناویی).

---

٭ هەندێك زمانەوان پێیانوایە، کە لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار(Adverb) وەك دانەیەکی فەرهەنگیی بوونی نییە، یاخود ژمارەیان کەمەو دەتوانرێت بە ئاسانی بژمێردرێن. ئەوانەشی، کە بە ئاوەڵکردار ناودەبرێن زۆرینەیان ئاوەڵکردارئاسان(Adverbial)و لە سینتاکسدا دەردەکەون. بۆ زانیاریی زیاتر، بروانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢: ٢٦١-٢٩٦)، ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١).

٦٩- Katamba (1993:54).

٧٠- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢: ٣٩).

چەشنەکانی وشەی لێکدراوو پرۆسەکانی وشەلێکدان بەم شێوەیە دەخرێنەڕوو[٧١] :

١- ناوی لێکدراو

أ- ناو + ناو، وەك: مارماسی، داربەڕوو، کاسەسەر، ... هتد

ب- ئاوەڵناو + ناو، وەك: ڕەشماڵ، سوورگوڵ، ڕەشپێست، ... هتد

پ- ناو + ڕەگی کردار، وەك: دارتاش، پیاوکوژ، دڵخواز، ... هتد

ت- ناو + قەدی کردار، وەك: دەستکەوت، قۆڵبەست، ڕۆژهەڵات، ... هتد

ج- ناو + (ە/ و/ بە) + ناو، وەك: مانگەشەو، دەموچاو، گوڵبەدەم، ... هتد

٢- ئاوەڵناوی لێکدراو

أ- ناو + ئاوەڵناو، وەك: باڵابەرز، دڵپیس، چاوشین، ... هتد

ب- ژمارە + ناو، وەك: دوودڵ، چوارچاو، دووزمان، ... هتد

پ- ناو + ئاوەڵناوی کراو یان کردوو، وەك: سەرشکاو، جەرگسووتاو، دەممردوو، ... هتد

ت- ئاوەڵناو + ە + ناو، وەك: کورتەباڵا، تاریکەشەو، بۆرەپیاو، ... هتد

ج- ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو، وەك: سووروسپی، شۆخوشەنگ، ڕەشوبۆر، ... هتد

٣- کرداری ناویی لێکدراو

أ- ناو(سادە، داڕێژراو، لێکدراو) + کرداری ناویی، وەك: شەڕکردن، ڕێگاگرتن، ماستاوکردن،... هتد

ب- ئاوەڵناو(سادە،داڕێژراو،لێکدراو)+کردار ناویی، وەك: بڵندکردن، بەهێزبوون، ڕووڕەشکردن...هتد

پ- جێناوی خۆیی + کرداری ناویی، وەك: خۆفرۆشتن، خۆبەختکردن، خۆهەڵکێشان، ... هتد

ت- مۆرفیمی بەند + کرداری ناویی، وەك: وازهێنان، فڕێدان، نقوومبوون، ... هتد

---

٧١- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی وشەی لێکدراوو پرۆسەکانی وشەلێکدان، بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٨٣-٩٥)، نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤: ٩٩-١٤٧)، محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٨٦-١١٦).

٤- ئاوەڵکرداری لێکدراو

أ- ناو + ناو، وەك: پۆل پۆل، دەستەدەستە، جووت جووت، ... هتد

ب- ژمارە + ژمارە، وەك: یەك یەك، دوودوو، سێ سێ، ... هتد

پ- ئاوەڵناو + ئاوەڵناو، وەك: وردورد، جوان جوان، هێواش هێواش، ... هتد

## ٢-٢/١) مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە(گەردانکردن) Inflectional morphology

شکاندنەوە یەکێکە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، کە "لە فۆڕمەکانی لێکسیمێك دەکۆڵێتەوە"[٧٢]. بە واتایەکی دیکە شکاندنەوە "نیشاندانی پەیوەندیی نێوان فۆڕمە جیاوازەکانی لێکسیمێکە، کە بەهۆی مۆرفیمی شکاندنەوە(Inflectional morpheme)وە دەنوێنرێت"[٧٣]، بۆ نموونە لێکسیمی (خوێندن) لەم فۆڕمانەدا دەبینرێت: خوێندی، خوێندوومە، دەخوێنین، بخوێنن، ناخوێنێت، بتخوێندایە، ... . "بە گشت فۆڕمە شکاوەکانی وشەیەکیش دەوترێت (پەرادیگمای شکاندنەوە)ی ئەو وشەیە"[٧٤].

شکاندنەوە نیشانەکردنێکی مۆرفۆلۆژیی تایبەتمەندییەکانی لێکسیمێکە، کە دەبێتە هۆی دەرخستنی ژمارەیەك فۆڕمی جیاواز بۆ ئەو لێکسیمە[٧٥].

لە ئاکامی کردەی شکاندنەوە وشەی شکاوە/ وشەی گەردانکراو (Inflected word) بەرهەمدێت. کەواتە وشەی شکاوە/ وشەی گەردانکراو ئەو وشەیەیە، کە بە ڕێگەی شکاندنەوەو بەهۆی مۆرفیمی شکاندنەوەوە دروستدەبێت.

لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمەکانی شکاندنەوە ئەوەیە، کە وشەی نوێ بەرهەم ناهێننو پۆلەڕەگەزی وشەش ناگۆڕن، بەڵکو ئەرکی سینتاکسی بەجێدەهێننو وشەکان لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا پێکەوە دەبەستنەوە، هەربۆیە دەتوانرێت بوترێت تاڕادەیەکی زۆر بوونیان لە ڕستەدا بەخورتییە.

---

٧٢- Bauer (1983:34).

٧٣- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ١٢).

٧٤- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٤٢).

٧٥- Booij (2012:101).

ژمارەو جۆری مۆرفیمەکانی شکاندنەوە بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت، "زمان هەیە، کاتەگۆریی شکاندنەوەی نییە (ڤێتنامییو ئیگبۆ)و زمانیش هەیە، پتر لە دەرزەنێك کاتەگۆریی شکاوەی هەیە. بەزۆریی، فۆڕمە_وشەیەك بە پتر لە شەش کاتەگۆریی شکاندنەوە ناشکێتەوە. لە زمانی کوردییدا، چونکە ڕستە جێکەوتەی چەسپاوی بۆ وشەو فرێزەکان هەیە، کاتەگۆریی شکاندنەوە کەمە، بەڵام لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژییو سینتاکس تێکەڵ بەیەکتریی بوون، داڕشتنو کاتەگۆریەکانی داڕشتنی زۆرن"[٧٦].

مۆرفیمەکانی شکاندنەوە لە زمانی کوردیدا، ئەم جۆرانەی لێدەستنیشاندەکرێت:

١– مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)و ئەلەمۆرفەکانی (کە، یَکە، ۆکە، یَك، ەك، ...).

٢– مۆرفیمی نەناسراوی (یَك)و ئەلەمۆرفەکانی (یەك، ەك، یَ).

٣– مۆرفیمی کۆ (ان)و ئەلەمۆرفەکانی (یان، ات، هات، جات، ...)[*].

٤– مۆرفیمی پلەی بەراوردو باڵا (تر، ترین).

٥– مۆرفیمی بانگکردن (ە، ۆ، یَ، ینە).

٦– مۆرفیمی ناکردن (نا، نە، نی، مە).

٧– مۆرفیمی نادیاری/ بکەرنادیار (ر).

مۆرفیمەکانی تری شکاندنەوە بریتین لە: کات (تاف)، ڕووکار، ڕێژە، کەس، تێپەڕاندن، ...[٧٧].

---

٧٦- محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٢٥٣).

* مۆرفیمەکانی (گەل، هات، وات، ...) چەمکی کۆ دەگەیەنن، بەڵام سەبارەت بەوەی، کە ئەلەمۆرفی مۆرفیمی کۆن یان نا، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە.

٧٧- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تایبەتمەندیی مۆرفیمەکانی شکاندنەوەو چۆنیەتی دەرکەوتنیان لەگەڵ پۆلەڕەگەزە جیاوازەکاندا، بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٨-٨٢)، شیروان حسێن حمد (٢٠١٤: ١٦٩-٢٠٠).

# بەشی دووەم

# چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ پەیوەست بە هێزی کردارەوە

## ١/٢) پاری یەکەم: چەمکی تیپەڕو تێنەپەڕ لە زانستی زماندا

### ١/٢-١) چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ وەك دیاردەیەکی ڕێزمانی جیهانی

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوە بە تایبەتی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە، گەیشتن بوو بە ڕێزمانێکی جیهانی* (Universal grammar)، واتە دۆزینەوەی ئەو لایەنە هاوبەشانەی، کە لە نێوان زمانەکانی جیهاندا هەن، تاوەکو هەر زمانەو بەپێی تایبەتمەندیی سینتاکسی زمانەکەی خۆی سوودی لێببینێت. "لەڕێی داڕشتنی فۆڕمی ڕێزمانی هەریەك لە زمانەکانی مرۆڤەوە-پاش شیکردنەوەی پەسەنکەرانەیان- تیۆرییەکی زمان دەهێنرێتە ئاراوە. هەر لەڕێی پشکنینی ئەو زمانانەوە دوو لایەنی جیهانێتیی جیاکراونەتەوە:

١- لایەنی جیهانێتیی ڕەها: ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە گشت زمانەکان هەیانەو بەبێ ناوازە هاوبەشن تیایاندا.

٢- لایەنی جیهانێتیی ڕێژەیی: بریتییە لە مەیلی گشتیی لەناو زمانەکانداو ناوازەیشیان هەیە، واتە زمان هەن، ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانەیان تێدا نییە.

تیۆری ڕەهاو ڕێژەیی لایەنە جیهانییەکان بایەخ بە هاوبەشییو لەیەکچوونەکانی زمانەکانی مرۆڤ دەداتو مامەڵە لەگەڵ جیاوازییە ئاشکراو لەڕووەکانیاندا دەکات"[٧٨].

دیاردەی تێپەڕییو تێنەپەڕیی نموونەیەکە بۆ ئەو هاوبەشییەی، کە لە نێوان زمانەکانی جیهاندا هەیە. کردار بەشێوەیەکی گشتی یان ڕووداوێك یان بارێك یاخود هەردووکیان پێکەوە(ڕووداوو بار) دەگەیەنێت. "دیاردەی تێپەڕییو تێنەپەڕیی پەیوەندیی هەیە، بە جۆری ئەو کردەیەی یان ئەو بارەی، کە کردارێك دەریدەبڕێت.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دیاردەی تێپەڕییو تێنەپەڕیی بە مانای کردارەکانەوە پەیوەستە،

---

* بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانستی زماندا فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەلیستید) زاراوەی (ڕێزمانی جیهانی) بەرانبەر بە (ڕێزمانی تایبەتی) بەکارهێناوەو ڕوونیکردۆتەوە، کە ئەرکی ڕێزمانی جیهانی دەستنیشانکردنی ئەو یاساو کەرەستانەیە، کە هەموو زمانەکانی جیهان تیایاندا هاوبەشن. (وریا عومەر ئەمین ،٢٠٠٤:٢٣٥).

٧٨- محەمەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٧).

مەبەستیش لە مانای کردار ئەو کردە فیزیکییەیە، کە بەهۆی ڕوودانی کردارێکەوە ڕوودەدات"[٧٩]، بۆ نموونە کرداری (خواردن) لە هەموو زمانەکاندا تێپەڕە، هۆیەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕوودانی هەر کارێکی ئاساییدا کردەیەکی فیزیکی هەیە، ئەو کردە فیزیکییە لە هەر شوێن‌و زمانێکدا بێت، هەمان شتەو وەك یەکە. بەمەش کرداری (خواردن) لەهەر زمانێکدا بێت، پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، بۆئەوەی جێکەوتەی بکەریی‌و بەرکاریی پڕبکەنەوە. ئەو ئارگۆمێنتەی، کە دەچێتە جێکەوتەی بکەرییەوە دەبێت گیاندارێکی وزەدار بێت، کە توانای خواردنی هەبێت، هەروەها ئارگۆمێنتی جێکەوتەی بەرکارییش دەبێت شتێکی نەرم‌و لەباربێت بۆ خواردن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو زمانەکان لە واتای فیزیکیی کرداردا هاوبەشن، بەڵام لە واتای میتافۆڕی‌و ئیدیۆمیدا لێکجیاوازن، چونکە واتای میتافۆڕی‌و ئیدیۆمی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کلتورو داب‌و نەریتی کۆمەڵگاوە هەیە، بۆ نموونە کرداری لێکدراوی (سوێندخواردن) واتایەکی ئیدیۆمی* هەیە، کە واتاکە زیاتر لە بەشی یەکەمی کردارەکە(سوێند)ەوە سەرچاوەدەگرێت، نەك لە کردارە بنجییەکە (خواردن)ەوە، هەربۆیە (سوێندخواردن) هیچ پەیوەندییەکی بە کردەی فیزیکیی (خواردن)ەوە نییە، چونکە (سوێند) شتێکی بەرجەستە نییە، تاوەکو بخورێت. هەر لەبەرئەوەشە ئەگەر (سوێندخواردن) بە واتای فەرهەنگیی وشەکانی بۆ زمانەکانی دیکەی وەك عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و ... وەربگێڕدرێت، ئەوا وشەیەکی بێ واتای لێدەردەچێت، چونکە واتای ئیدیۆمی لە واتای فەرهەنگیی بەشە پێکهێنەرەکانی دەربڕینەکەوە بەدەست نایەت. لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، کە دیاردەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی لە ڕوودانی فیزیکییەوە سەرچاوەدەگرێت، هەربۆیە کاتێك کردارێك لە زمانی کوردیدا تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، ئەوا لە زمانەکانی دیکەشدا هەمان چەمك هەڵدەگرێت[٨٠].

لە زۆربەی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانەی[٨١]، کە دەربارەی دیاردەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی دواون، بەم شێوەیە پێناسەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ کراوە:

---

٧٩- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٨٦).

* ئیدیۆم دەربڕینێکی نادارِشتەییە، نادارِشتەیی مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای دەربڕینەکە لەسەر بنەمای واتای پارچەکانی شیناکرێتەوە. دیارترین جیاوازی ئیدیۆم لەگەڵ میتافۆڕدا ئەوەیە، کە ئیدیۆم دانەیەکی فەرهەنگییە، بەڵام میتافۆڕ لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێت، هەروەها ئیدیۆم لەڕووی پێکهاتنەوە هەمیشە ناسادەیە، واتە لە فۆڕمی وشەی لێکدراو یان فرێز یان ڕستەدا دەردەکەوێت، بەڵام میتافۆڕ دەگونجێ لە یەك مۆرفیم پێکهاتبێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: شیلان عومەرحسەین (٢٠٠٩: ٦٩-٧٥).

٨٠- بڕوانە: عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤: ٢٨), Lyons (1971:350).

٨١- Martin (2010:189), Umstatter (2007:189), Tallerman (2005:189).

کرداری تێپەڕ (Transitive verb): ئەو کردارەیە، کە پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، واتە بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت.

کرداری تێنەپەڕ (Intransitive verb): ئەو کردارەیە، کە تەنها بکەری پێویستەو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێت.

بەپێی ئەو دوو پێناسەیەی سەرەوە بێت، ئەوا وەرگرتنو وەرنەگرتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەلایەن کردارەوە، دەبێتە پێوەری سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ، بڕوانە (٤٧).

(٤٧) أ- هانا وانەکەی خوێند.

ب- هەستی خەوت.

لە (٤٧-أ)دا کرداری تێپەڕی (خوێند) دوو ئارگۆمێنتی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام لە (٤٧-ب)دا کرداری تێنەپەڕی (خەوت) تەنها ئارگۆمێنتێکی بۆ جێکەوتەی بکەر وەرگرتووە، چونکە بۆ تەواوبوونی واتاکەی تەنها پێویستی بەو ئارگۆمێنتە هەیە.

لە زمانەکانی دیکەشدا (زمانی ئینگلیزی بە نموونە) بەهەمان شێوە کرداری تێپەڕی (خوێند) دوو ئارگۆمێنتو کرداری تێنەپەڕی (خەوت) یەك ئارگۆمێنت وەردەگرن. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت، کە دیاردەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی لایەنێکی ڕێزمانی جیهانییەو زمانەکان تیایدا هاوبەشن، بڕوانە (٤٨).

(48) a- Hana studied the lesson.

b- Hasty slept.

هەندێك لە کردارەکان بەرکارێك زیاتر وەردەگرن، "ئەو کردارە تێپەڕانەی، کە دوو بەرکار وەردەگرن پێیاندەوترێت کرداری دووبەرکاریی (Ditransitive verb)"[٨٢]. لە زمانی ئینگلیزیدا هەردوو بەرکارەکە دەکرێت لە جۆری فرێزی ناویی(NP) بن، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەو کردارە تێپەڕانەی دوو بەرکار یان زیاتر وەردەگرن، تەنها بەرکارێکیان لە جۆری فرێزی ناویی[*] (NP) دەبێتو ئەوی تر/ ئەوانی تر لە فۆرمی فرێزی پێشناویی(PP)دا دەردەکەون.

٨٢- Fromkin (2002:164), Crystal (2008:154).

* مەبەست لە فرێزی ناویی فرێزی ناوئاساشە، مەبەستیش لە فرێزی ناوئاسا لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێناوە سەربەخۆکانو فرێزی دیارخەرییە، کە لە زۆر باردا دەتوانن جێکەوتەی فرێزی ناویی پڕبکەنەوەو هەمان ئەرك‌و ڕۆڵی ئەو(فرێزی ناویی) ببینن.

(49) I sent <u>him</u> <u>the letter</u>.

NP NP

(٥٠) من نامەکەم بۆ ئەو نارد.

PP NP

دەرکەوتنی دوو بەرکار لە فۆڕمی فرێزی ناویی لە ڕستەی زمانی ئینگلیزیدا (وەك لە (٤٩)دا پیشاندراوە) پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لەو زمانەدا یەکێك لە بەرکارەکان لە دروستەی قووڵدا دۆخی زگماکیی دەبێت، بەڵام زمانی کوردی لەبەرئەوەی دۆخی زگماکیی نییە، بۆیە یەکێك لە بەرکارەکان لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەردەکەوێتو پێشناوەکە حوکمی فرێزە ناوییەکەی دوای خۆی دەکاتو دۆخی دروستەیی داتیڤی پێدەبەخشێت[٨٣]، بڕوانە (٥٠).

ئەوەی باسکرا یاسایەکی گشتییە دەربارەی هەردوو زمانەکە، ئەگینا لە زمانی کوردیشدا حاڵەتی ناوازەی وا بەرچاودەکەوێت، کە کردار دوو بەرکار لە جۆری فرێزی ناویی وەربگرێت، هەربۆیە باشتر وایە بە ڕەهایی بڕیار لەسەر ئەوە نەدرێت، کە لە زمانی کوردیدا هەمیشە ئەو کردارانەی زیاد لە بەرکارێك وەردەگرن تەنها یەك بەرکاریان لە جۆری فرێزی ناویی دەبێتو بەرکارەکەی تر/ بەرکارەکانی تر لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەردەکەون، بڕوانە (٥١).

(٥١) مامۆستا <u>ڕێزمانی کوردی</u> فێری <u>خوێندکاران</u> دەکات.

NP NP

لە (٥١)دا کرداری لێکدراوی (فێرکردن) دوو بەرکاری وەرگرتووە. بەرکاری یەکەم (ڕێزمانی کوردی)یە، کە لە فۆڕمی فرێزێکی ناویی خستنەپاڵدایە، بەرکاری دووەمیش، کە (خوێندکاران)ە بەهەمان شێوە فرێزێکی ناوییە. بەرکاری دووەم سەرو تەواوکەری کردارە لێکدراوەکەی لێکجیاکردۆتەوەو بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) بووە بە دەرخەری کەرتی یەکەمی کردارەکە. ئەگەر لە ڕوانگەی دۆخی ڕێزمانییەوە لە ڕستەی (٥١) بڕوانین، ئەوا ڕووبەڕووی دوو ئەگەر دەبینەوە:

ئەگەری یەکەم ئەوەیە، دەبێت یەکێك لەو دوو بەرکارەی، کە لە ڕستەکەدا هەن، بەهەمان شێوەی زمانی ئینگلیزی لە دروستەی قووڵدا دۆخی زگماکیی وەرگرتبێت، چونکە هەروەك لە بەشی یەکەم (تیۆری دۆخی

٨٣- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بەشی یەکەم (جۆرەکانی دۆخ)، لاپەڕە (١٠-١٣).

ڕێزمانیی)دا خرایەڕوو، هەر سەرێکی ڕێزمانیی دەتوانێت تەنها یەك دۆخ بە یەك تەواوکەر بداتو هەر تەواوکەرێکیش دەتوانێت تەنها لە یەك سەری ڕێزمانییەوە دۆخ وەربگرێت، بۆیە کردارەکە(ڕەگی کردارەکە) دەتوانێت تەنها دۆخ بە یەکێك لەو دوو بەرکارە بدات. بەمەش یەکێك لە بەرکارەکان دەبێت لە دروستەی قووڵدا دۆخی زگماکیی پێدرابێت، چونکە پاڵێوەری دۆخ (Case filter) ڕێگە بە فرێزی بێ دۆخ نادات لە ڕستەدا.

ئەگەری دووەمیش ئەوەیە، دەبێت پێمانوابێت بەرکاری دووەم(خوێندکاران) لەلایەن مۆرفیمی خستنەسەری (ی)یەوە دۆخی خستنەپاڵی پێدرابێت.

سروشتو تایبەتمەندیی کردار ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دروستەی ڕستەیەك دیاریدەکات. کرداری تێپەڕ بەدەر لە بکەر بەلایەنی کەمەوە بەرکارێکی ڕاستەوخۆش وەردەگرێت، بەڵام کرداری تێنەپەڕ تەنها شوێن بۆ بکەر دەکاتەوە. "کردار لە ڕستەدا تەنها بڕیار لەسەر ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی نادات، بەڵکو تایبەتمەندیی سیمانتیکیشیان دیاریدەکات"[٨٤]، بەڵام هەندێك جار کردار بە تەنها خۆی جۆری بکەر دیاری ناکات، بەڵکو لەگەڵ بەرکارەکە پێکەوە جۆری بکەرەکە دیاریدەکەن، بڕوانە (٥٢)[٨٥].

(٥٢) أ- پۆلیس دزەکەی گرت.

ب- پیسی زێرابەکەی گرت.

لە (٥٢)دا کرداری هەردوو ڕستەکە یەك کردارە، بەڵام بەپێی ئەو پەیوەندییەی، کە لەگەڵ بەرکارەکەدا هەیەتی، لەو دوو ڕستەیەدا دوو بکەری جیاواز هاتوون. لە (٥٢-أ)دا کردارو بەرکار پێکەوە بکەرێکیان دەوێت، کە هەڵگری نیشانەی واتایی ( + زیندوو) بێت، بەڵام لە (٥٢-ب)دا پێویستیان بە بکەرێکە، کە نیشانەی واتایی ( _ زیندوو)ی هەبێت.

دیاردەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی‌و گونجانو ڕێککەوتنی کردار لە گەڵ ئارگۆمێنتەکانی لەڕووی سینتاکسیی‌و سیمانتیکییەوە بەرەو بابەتێکی سینتاکسیمان دەبات، کە پێیدەوترێت لقکردنی کاتیگۆرییانە (Subcategorization). لقکردنی کەتیگۆرییانە بریتییە لە کردەی یەکگرتنی سەری ڕێزمانیی‌و تەواوکەرەکەی بۆ پێکهێنانی فرێز. لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بەوە درا، کە هەموو ئارگۆمێنت_داواکەرێك چەند ئارگۆمێنتێك داوادەکات، ژمارەو سروشتو جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە داوایاندەکات ناوبرا بە

---

٨٤- Fromkin (2002:164).

٨٥- محەمەد مەحوی‌و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٦٠).

(دروستەی ئارگۆمێنت)[٨٦] ، لە لقکردنی کاتیگۆرییانەشدا بەهەمان شێوە سەرە ڕێزمانییەکان زۆر بە وردی جۆری تەواوکەرەکەیان هەڵدەبژێرن، بەڵام"دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان چوارچێوەی لقکردنی کاتیگۆرییانەو دروستەی ئارگۆمێنتدا هەیە. لقکردنی کاتیگۆرییانە تەنها تەواوکەرەکانی کردارێك دیاریدەکات، واتە ئەو پێکهێنەرە خورتییانەی، کە لەناو (VP)یەکدان. لە چوارچێوەی لقکردنی کاتیگۆرییانە باس لە بکەر ناکرێت، چونکە هەموو کردارێك بکەرێکی هەیە، هەربۆیە خاسیەتی هەبوونی بکەر لقکردنێکی کاتیگۆرییانەی کردارەکە ناخولقێنێت، کەچی هەبوونی بەرکار دەیخولقێنێت. دروستەی ئارگۆمێنت هەموو ئارگۆمێنتەکان لیست دەکات، کە ئارگۆمێنتی بکەریش دەگرێتەوە، کە لە دەرەوەی (VP)ەکە دایە"[٨٧] .

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ خرانەڕوو، بەو دەرەنجامە دەگەین، کە دیاردەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی یەکێکە لەلایەنەکانی ڕێزمانی جیهانی‌و زمانەکان تیایدا هاوبەشن، بەڵام بەپێی تایبەتمەندیی سینتاکسیی زمانەکان ناوازەیی تێدەکەوێت* .

---

٨٦- بڕوانە: (دروستەی ئارگۆمێنت)، لاپەڕە (٢٣).

٨٧- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٨٢-٨٩), Haegeman (1998:45)

* لە بەرانبەر ڕێزمانی جیهانیدا هەر زمانەو ڕێزمانێکی تایبەت بە زمانەکەی خۆی هەیە. مەبەست لە ڕێزمانی تایبەتی ئەو یاساو ڕێسا ڕێزمانییانەن، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا لایەنێکی ڕێزمانی تایبەتییەو بەپێی زمانەکان دەگۆڕێت. ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا بەپێی یاسای (S.O.V) دەبێت‌و زمانەکانی دیکەش بۆ ڕیزبوونی کەرەستەکانیان لە ڕستەدا هەریەکەو پەیڕەوی لە یاسایەکی دیاریکراو دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕستەدا بەپێی (٦) یاسا دەبێت، یاساکانیش ئەمانەن:

١. S.O.V ⟵ وەك: زمانی کوردی‌و ژاپۆنی.

٢. S.V.O ⟵ وەك: زمانی ئینگلیزی‌و فەرەنسی.

٣. V.S.O ⟵ وەك: زمانی عەرەبی‌و ئێرلەندی.

٤. V.O.S ⟵ وەك: زمانی Malagasy لە Madagascar.

٥. O.V.S ⟵ وەك: زمانی Hixkaryan لە ئەمەزۆن.

٦. O.S.V ⟵ وەك: زمانی Apurinã لە ئەمەزۆن. (Millar :2013:187)

ئەم یاسایانەی سەرەوە بەپێی ڕێژەی ئەو زمانانەی پەیڕەویان دەکەن ڕێزبەندکراون. زۆرترین زمان سێ یاساکەی سەرەتا بەکاردەهێنن. هەرچی سێ یاساکەی تر بە بەراورد بەو سیانەی سەرەتا کەمتر باون. هەڵبەت ئەم یاسایانەش لە هەموو زمانەکاندا بۆ ڕستەی کردار تێپەڕ دانران، چونکە لە ڕستە کردار تێنەپەڕدا لەبەرئەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ نییە، یاساکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە ڕستەی کردار تێنەپەڕی زمانی کوردیدا یاساکە دەبێتە (S.V). هەروەها لەو (٦) یاسایەدا تەنها ڕەچاوی کەرەستە خورتییەکانی ڕستە کراوە.

دوای ئەوەی وەك دیاردەیەکی ڕێزمانی جیهانی باسمان لە چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ کرد، ئێستا چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو.

## ٢/١-٢) چەمکی تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا

تێپەڕیی و تێنەپەڕیی یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لەلایەن زمانەوانانو نووسەرانی کوردەوە زۆرترین قسەوباسی لەسەر کراوەو لە کارو بەرهەمی زۆرێك لەوانەی، کە دەربارەی کردار دواون، بەرچاودەکەوێت* . بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی کارەکان(ئەو کارانەی، کە دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ کراون) لەیەکەوە نزیکن، بەڵام بە پێی سەردەمو بۆچوونی تایبەتی نووسەران جیاوازیشیان لە نێواندا دەبینرێت. لەو کارانەدا زۆر لایەنی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ خراونەتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك ڕووەوە کەموکوڕی لە کارەکاندا بەرچاودەکەوێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەست بە هێزی کردارەوە لە کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ دەدوێتو تێڕوانینێکی نوێشی بۆ هەندێك لایەنی دیاردەکە دەبێت.

### ٢/١-٢-١) دابەشکردنی کردار بەپێی هێزەکەی

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی کردار بەپێی هێزەکەی دابەشی سەر دوو جۆر دەکرێت** :

١- کرداری تێپەڕ (کرداری دوو تا چوار هێزیی).

٢- کرداری تێنەپەڕ (کرداری یەك هێزیی).

* لە دیارترین ئەو کارانەی، کە دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا کراون، ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٦: ٩٥-١٢٩).

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٣-٦٧).

٣- عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤).

** فەرەیدون عەبدول بەرزنجیو سەباح ڕەشید، لەڕووی هێزەوە چوار جۆر کردار جیادەکەنەوە، بەم شێوەیە:

١- کاری تێنەپەڕ. ئازاد هات.

٢- کاری تێپەڕی ناکرێ بە بکەر نادیار. ژنەکە منداڵی بوو.

٣- کاری تێپەڕی دەکرێ بە بکەر نادیار. من نامەکەم نووسی.

٤- کاری تێپەڕی ئاڵۆز. من ئێوە بە پیاو دادەنێم. بڕوانە: فەرەیدون عەبدول بەرزنجیو سەباح ڕەشید (٢٠١٣: ٦٠).

## ١/٢-١-٢-١) کرداری تێپەڕ

ئەو کردارەیە، کە لە ڕستەدا بەدەر لە بکەر بەلایەنی کەمەوە بەرکارێکی ڕاستەوخۆش وەردەگرێت. کەواتە کرداری تێپەڕ کردارێکی دوو جێکەوتەیی یان زیاترە. بەم پێیە بوونی بکەرو بەرکارێکی ڕاستەوخۆ لە ڕستەی کردار تێپەڕدا بەخورتییە.

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، کە تیشك بخرێتە سەر بکەرو بەرکار، چونکە پەیوەندییان بەم لێکۆڵینەوەیەوە هەیە.

## بکەر Subject

بکەر ئەو فرێزە ناوییەیە، کە بەر کاریگەریی ڕستە دەکەوێت، واتە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی نۆدی ڕستەدایە[٨٨]. بەو پێیەی زمانی کوردی لە ڕستەی ئاساییدا پەیڕەوی یاسای (S.O.V) دەکات، بۆیە بکەر دەکەوێتە سەرەتای دروستەی ڕستەوە.

ئەگەرچی بکەر ئارگۆمێنتێکی خورتیی ڕستەی کردار تێپەڕو تێنەپەڕە، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەکرێت بکەر لەڕووی فۆنەتیکییەوە فۆڕمێکی بەرجەستەکراوی نەبێتو جێناوێکی لکاو ڕۆڵو ئەرکی ئەو ببینێت. ئەم جۆرە زمانانەش، واتە ئەو زمانانەی، کە دەتوانرێت بکەریان بە فۆنەتیکیی دەرنەبڕدرێت، پێیاندەوترێت زمانەبکەرخراوەکان (Null Subject Language یان Pro-drop Language). کەواتە زمانە بکەرخراوەکان "ئەو زمانانەن، کە دەکرێت ڕستەکانیان بەبێ بکەر دەرببڕدرێت، چونکە لە شوێنی بکەرە لابراوەکە (pro)یەکی بچوك دادەنرێتو بەهۆی زەنگینی کاتو کەسی کردار، ڕاستەوخۆ ئەم (pro) بچوکە حوکمدەکرێتو دۆخی ڕێزمانیی پێدەبەخشرێت، زمانی کوردیو ئیتاڵی لەم جۆرە زمانانەن"[٨٩]، بەلام "جیاوازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەبکەرخراوەکانی تری وەك (ئیتاڵی، ئیسپانی،... هتد) ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا نەك تەنها بکەر، بەڵکو بەرکاریش لە پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەتوانرێت بە جێناوێکی لکاو جێگیر بکرێت (دەتگرم، بردمیت، ... هتد)"[٩٠]. هەر ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردیش(تایبەتمەندیی

---

٨٨- دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢: ٨٠).

٨٩- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٢٥), Crystal (2008:387), Haegeman (1998:455)

٩٠- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٠٥).

بکەرخراوی) وایکردووە، کە بوترێت "کردار لە بکەر گرنگترە لە بواری سازدانی ڕستەدا"[٩١]، چونکە کردار پێکهێنەری فرێزی کردارییەو هیچ کەرەستەیەکی تر ناتوانێت شوێنی ئەو بگرێتەوە.

لەسەر بنەمای سینتاکسیو سیمانتیکی دوو چەشن بکەر جیاکراونەتەوە:

١- بکەری ڕێزمانی: ئەو چەشنەی بکەرە، کە دەستی لە بەجێهێنانی کردەی کرداردا نییە، تەنها ئەوەندە هەیە، کە لە ڕستەدا دەکەوێتە جێکەوتەی بکەرییەوەو ڕێککەوتنی ڕێزمانیی لەگەڵ کردارەکەدا دەبێت[*]، بڕوانە (٥٣).

(٥٣) أ- کەپرەکە ڕووخا.

ب- خانوەکە سووتا.

٢- بکەری لۆژیکی(سیمانتیکی): "ئەو بکەرەیە، کە کاری ڕستەکە ڕادەپەڕێنێتو دەستی هەیە لە بەجێهێنانی دا"[٩٢]، واتە ئەم چەشنەی بکەر جێبەجێکەری کردەی کردارەکەیە، بڕوانە (٥٤).

(٥٤) أ- ڕەشەبا کەپرەکەی ڕووخاند.

ب- دزەکە خانوەکەی سووتاند.

پوختەی ئەم دوو چەشنەی بکەر ئاشکرا لە دروستەی بکەرنادیاردا دەردەکەوێت، کە لە یەك کاتدا بکەرێکی ڕێزمانیی تێدایەو ڕێککەوتنی ڕێزمانیی هەیە لەگەڵ کرداردا، بکەرێکی لۆژیکیشی تێدایە، کە جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەی لە ئەستۆگرتووە[٩٣]، بڕوانە (٥٥، ٥٦).

(٥٥) ئازاد لەلایەن نەوزادەوە بینرا.

بکەری ڕێزمانی بکەری لۆژیکی

(٥٦) پێشمەرگەکە بەدەستی دوژمن شەهیدکرا.

بکەری ڕێزمانی بکەری لۆژیکی

---

٩١- مەحموود فەتحوڵلا ئەحمەد (١٩٨٨: ١٦).

* بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی (بکەری ڕێزمانی) بۆ ئەو چەشنەی بکەر بەکاردێت، کە دەستی لە بەجێهێنانی کردەی کرداردا نییە، وەك لە ڕستەکانی (٥٣)دا پیشاندراوە، بەڵام مەرجیش نییە بکەری ڕێزمانی هەمیشە دەستی لە بەجێهێنانی کردەی کرداردا نەبێت(واتە مەرج نییە کرداری بکەری ڕێزمانی هەمیشە تێنەپەڕ بێت)، چونکە ئەوەی لە بکەری ڕێزمانیدا گرنگە ئەوەیە، کە لە ڕستەدا جێکەوتەی بکەر پڕبکاتەوە، جا دەستی لە بەجێهێنانی کردەی کردارەکەدا هەبێت یان نا(واتە کردارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ) هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت.

٩٢- ئەحمەد حەسەن فەتحوڵلا (١٩٩٠: ٤٣).

٩٣- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٤٦).

## بەرکار Object

بەرکار بریتییە لە تەواوکەرێکی ناوەکیی یان دەرەکیی*، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی فرێزی کردارێدایە. بەرکار وەك تەواوکەری ناوەکیی لە فۆڕمی فرێزێکی ناویی یان پێشناوییدا دەبینرێتو وەك تەواوکەری دەرەکییش لە فۆڕمی ڕستەیەك یان ڕستیلەیەکدا دەردەکەوێت.

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا دوو چەشن بەرکار لێکجیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- بەرکاری ڕاستەوخۆ (Direct object)

٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Indirect object)

### ١- بەرکاری ڕاستەوخۆ (Direct object)

ئەو چەشنەی بەرکارە، کە لە ڕستەی کردار تێپەڕدا بوونی بەخورتییەو لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەو لە دروستەی ڕووکەشیشدا دۆخی ڕێزمانیی لە ڕەگی کردارەوە وەردەگرێت. لەڕووی گرنگیو بایەخەوە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە پلەی بکەرو کرداردایە، چونکە لابردنی لە ڕستەدا، ناڕێزمانیو واتا_ناڕاستی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی بەرکاری ڕاستەوخۆ ناتوانرێت لە ڕستەدا لاببرێت**، بەڵام لە دروستەی (مۆرفۆسینتاکس)دا*** بەرکاری ڕاستەوخۆ بەهەمان شێوەی بکەر دەرنابڕدرێتو بە جێناوێکی لکاو جێگیردەکرێت، بڕوانە (٥٧).

(٥٧) أ- من سێوەکانم خوارد . دروستەی سینتاکسی

ب- pro trace خواردمـــن . دروستەی مۆرفۆسینتاکسی

j i j i

* لەو پێناسەیەی سەرەوەدا مەبەست لە تەواوکەری دەرەکیی ئارگۆمێنتی جێکەوتەی بکەر نییە، کە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی فرێزی کرداریی‌و بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی/تەواوکەری دەرەکیی ناودەبرێت، بەڵکو مەبەست لەو ڕستەو ڕستیلانەیە، کە لە دروستەیەکی ئاڵۆزدا دەبنە تەواوکەرێکی دەرەکیی/بەرکارێکی دەرەکیی بۆ کرداری ڕستە/ڕستیلە سەرەکییەکە.

** بەرکاری ڕاستەوخۆی چەند کردارێکی دیاریکراو دەشێت فۆڕمێکی بەرجەستەیان لە دروستەی ڕووکەشدا نەبێت، بڕوانە ڕستەکانی(٥٨).

*** مۆرفۆسینتاکس نواندنی ڕستەیە بە مۆرفیم.(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠٠٩:٤٢). کردەی مۆرفۆسینتاکس لە ڕێگەی دەرنەبڕینی ئارگۆمێنتەکانی کردارەوە، کە بکەرو بەرکارن‌و جێگیرکردنیان بە جێناوی لکاو جێبەجێدەبێت. کەواتە مۆرفۆسینتاکس بە جێناوکردنی ئارگۆمێنتە خورتییەکانی کردارە.

بەدەر لەم کردەیە زاراوەی مۆرفۆسینتاکس بۆ هەموو ئەو مۆرفیمانەش بەکاردێت، کە ئەرکی سینتاکسییان هەیە.

لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەرنەبڕینی ئارگۆمێنتەکانی کردار(بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ) لە ڕێگەی هاونیشانەکردنەوە چارەسەردەکرێت، وەك لە (٥٧)دا پیشاندراوە.

جگە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکس، "ژمارەیەك کرداری تێپەڕی یەك بەرکاریی، وەك (خواردنەوە، خوێندنەوە،...) دەشێت بەرکارەکانیان لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن، بڕوانە (٥٨).

(٥٨) أ- کوڕەکە دەخواتەوە.

ب- سیروان ناخوێنێتەوە.

دەرنەبڕینی بەرکار لەم جۆرە دروستەیەدا، بۆ ناسراوی‌و ئاشنایەتی چەمکی بەرکار لەگەڵ ئەم جۆرە کردارانەدا دەگەڕێتەوە. (دەخواتەوە)[*] لە (٥٨-أ)دا داوای بەرکارێك دەکات، کە شلەمەنی بێت‌و زیاتریش بۆ خواردنەوە کحولییەکان(مشروبات) تایبەتمەندکراوە، لەبەرئەوە ئەگەرچی لەلایەن قسەکەریشەوە ناوی نەهێنرێت، ئەوا گوێگر بەم بەرکارە ئاشنایەو کارناکاتە سەر تێکدانی دروستەو واتای ڕستەکە، واتە ئەم جۆرە بەرکارە لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بوونی هەیە، بەڵام لەبەر زانراوی لای گوێگر لە دروستەی ڕووکەشدا پێویست بە ناوهێنان ناکات، چونکە ئەگەر بە مەبەستی دیاریکردن بێت، ئەوا دەشێت لە ڕستەدا دەرببڕدرێت، بڕوانە (٥٩).

(٥٩) أ- کوڕەکە ئارەق دەخواتەوە. ( نەك بیرە)

ب- سیروان ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە. ( نەك شتی تر)"[٩٤]

## ٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ

ئەو چەشنەی بەرکارە، کە لە ڕستەی کردار تێپەڕو تێنەپەڕدا دەردەکەوێت، لەلایەن پێشناوێکەوە حوکمدەکرێت‌و ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت. لە ڕێزمانی چاولێکەریدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ، کە لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییی(لەگەڵ ئەو پێشناوەی، کە لە پێشیەوە دێت)دا بەرجەستەدەبێت، زیاتر وەك

---

⋆ (فەتاح مامە) پێیوایە، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاینی ئیسلام پەیڕەودەکرێت‌و لە ئاینی ئیسلامیشدا (مەی) بە هەموو جۆرەکانییەوە قەدەغەیە، بۆیە لەڕووی کۆمەلأیەتی‌و ئاینییەوە ناوترێت (مەی خواردنەوە)، بەڵکو تەنها (خواردنەوە) دەردەبڕدرێت، بەمەش کرداری (خواردنەوە) تایبەتبوونی واتا پەیدادەکات، بڕوانە (فەتاح مامە :٢٠٠٤:٩٨).

٩٤- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٥٨).

کەرەستەیەکی سەربار تەماشاکراوە [*]، بەڵام لەڕاستیدا هەموو فرێزێکی پێشناویی لە ڕستەدا سەربار نییە، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(٦٠) أ– دانا به ئۆتۆمبێل هات. (هاتن)

ب– دانا نامەکەی بە دەست نووسی. (نووسین)

(٦١) أ– دانا لە بابەتەکەی کۆڵییەوە. (لێکۆڵینەوە)

ب– دانا بە هەواڵەکەی زانی. (پێزانین)

لە ڕستەکانی (٦٠)دا فرێزە پێشناوییەکانی (بە ئۆتۆمبێل)و (بە دەست) کەرەستەی سەربارن‌و دەتوانرێت لابرێن، بەبێ ئەوەی ڕستەکە ببێتە ناڕێزمانی، بەڵام لە ڕستەکانی (٦١)دا فرێزە پێشناوییەکانی (لە بابەتەکە)و (بە هەواڵەکە) کەرەستەی سەربار نین‌و ناتوانرێت لابرێن، چونکە لابردنیان ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە یان دەبێت بوترێت: مەرج نییە هەموو بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ کەرەستەی سەربار بێت، یاخود دەبێت ئەو فرێزە پێشناوییانەی، کە لە جۆری فرێزە پێشناوییەکانی ڕستەکانی (٦١)ن بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دانەنرێن‌و لێکدانەوەیەکی تریان بۆ بکرێت. بە بۆچوونی ئێمە فرێزە پێشناوییەکانی ڕستەکانی (٦١) بەرکاری ڕاستەوخۆن‌و لە فۆڕمی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا دەرکەوتوون. ئەمەش پەیوەندیی بە فۆڕم‌و هێزی کرداری ئەو ڕستانەوە هەیە [٩٥].

لەسەر بنەمای سینتاکسی‌و سیمانتیکی دوو چەشنی تری بەرکار جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

أ– بەرکاری ڕێزمانی:

ب– بەرکاری لۆژیکی:

أ– بەرکاری ڕێزمانی: ئەو چەشنەی بەرکارە، کە لە ڕستەدا جێکەوتەی بەرکار پڕدەکاتەوە، واتە لەڕووی ڕێزمانییەوە بەرکارە.

---

⋆ لە هەندێك سەرچاوەدا نەك تەنها بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەڵکو بەرکاری ڕاستەوخۆش بە کەرەستەیەکی ناسەرەکی ڕستە، واتە سەربار دانراوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠: ٤٢)، ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا (١٩٩٠: ٨)، زەرێ یوسوپوڤا (٢٠٠٥: ١٨٣).

٩٥- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پاری یەکەمی بەشی سێیەم (هێز لە کرداری داڕێژراودا)، لاپەڕە (٧٦-٩٥).

ب- بەرکاری لۆژیکی: ئەو چەشنەی بەرکارە، کە لە ڕستەدا بەدەر لە جێکەوتەی بەرکار جێکەوتەی بکەریش پڕدەکاتەوە، واتە لەڕووی ڕێزمانییەوە دەشێت بەرکار بێت یان نا، بەڵام لەڕووی لۆژیکییەوە هەمیشە وەك بەرکار دەردەکەوێت.

هەندێك جار ئەو ئارگۆمێنتەی، کە دەبێتە بەرکاری ڕێزمانی، لە هەمانکاتدا بەرکاری لۆژیکیی ڕستەکەشە، بەڵام هەندێك جاریش بەرکاری لۆژیکی بکەری ڕێزمانیی ڕستەکە دەگرێتەوە، بڕوانە (٦٢، ٦٣).

(٦٢) ئاری پەنجەرەکەی شکاند.

(٦٣) پەنجەرەکە شکا.

لە (٦٢)دا فرێزی ناویی (پەنجەرەکە) بەرکاری ڕێزمانیو لۆژیکیی ڕستەکەیە، چونکە لەڕووی ڕێزمانییەوە جێکەوتەی بەرکاری پڕکردۆتەوەو لەڕووی لۆژیکیشەوە کردەی کردارەکەی بەسەردا جێبەجێکراوە. لە (٦٣)دا فرێزی ناویی (پەنجەرەکە) لەڕووی ڕێزمانییەوە دەبێتە بکەری ڕستەکە، چونکە جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوە، بەڵام لەڕووی لۆژیکییەوە دەبێتە بەرکار، چونکە (پەنجەرەکە) لەخۆیەوە نەشکاوە، بەڵکو دەبێت هێزێك کاری تێکردبێتو شکاندبێتی، ئەو هێزەش دەبێت بکەرێك بێت[٩٦].

کرداری تێپەڕ بەپێی هێزەکەی چەند جۆرێکی لێدەستنیشاندەکرێت، بۆ زانیاری دەربارەی ئەو جۆرانە، بڕوانە پاری دووەمی ئەم بەشەو بەشی سێیەم.

## ٢/١-٢-١-٢) کرداری تێنەپەڕ

ئەو کردارەیە، کە لە ڕستەدا پێویستی تەنها بە فرێزێکی ناویی هەیە، بۆئەوەی جێکەوتەی بکەری بۆ پڕبکاتەوە. کەواتە کرداری تێنەپەڕ کردارێکی یەك جێکەوتەییەو بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی تەنها بە بکەرەو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێت. بەم پێیە تەنها بوونی بکەر لە ڕستەی کردار تێنەپەڕدا بەخورتییە، بەڵام ژمارەی کەرەستە سەربارەکان دیارینەکراوە، بڕوانە (٦٤).

(٦٤) ساڵی ڕابوردوو ئەم کاتە لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە لە یەکێك لە دارستانەکانی وڵاتی بەڕازیل، دوو هەزار دار سووتان.

---

٩٦- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٨٢-١٨٤).

له (٦٤)دا هێڵ بەژێرداهاتووەکان، کە بریتین لە چەند فرێزێکی شکاوە لە ناویەکدا، کەرەستەی سەربارن‌و دەتوانرێت لە ڕستەکەدا لابرێن.

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا کرداری تێنەپەڕ دوو جۆری لێدەستنیشانکراوە[٩٧]:

جۆری یەکەم ناونراوە "تێنەپەڕی ئاسایی یان خوازەکی"، ئەم جۆرەیان ئەو کردارە تێنەپەڕانەن، کە بکەرەکانیان دەستیان لە ڕوودانی کردەی کردارەکەدا هەیە، بڕوانە (٦٥).

(٦٥) چیا هات.

جۆری دووەم ناونراوە "تێنەپەڕی ڕوودان"، ئەم جۆرەیان ئەو کردارە تێنەپەڕانەن، کە بکەرەکانیان دەستیان لە ڕوودانی کردەی کردارەکەدا نییە، بڕوانە (٦٦).

(٦٦) دیوارەکە ڕما.

ئەم جۆرە جیاکردنەوەیە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای بکەرو بەرکاری ڕێزمانی‌و بکەرو بەرکاری لۆژیکی. لە (٦٥)دا بکەر هەم ڕێزمانییەو هەم لۆژیکی، بەڵام لە (٦٦)دا ئەو کەرەستەیەی، کە جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوە(دیوارەکە) لەڕووی ڕێزمانییەوە بکەرەو لە ڕووی لۆژیکیشەوە بەرکارە.

## ٢/١-٢-٢) پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ لە کرداری تێنەپەڕ

لەگەڵ ئەوەی هەندێك زمانەوان[٩٨] پێیانوایە دابەشکردنی کردار بەسەر تێپەڕو تێنەپەڕداو جیاکردنەوەیان لە یەکتری کێشەیەکی ئاڵۆزەو کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵام بە سەرنجدان لەو کارانەی، کە لە زمانی کوردیدا دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ کراون، دەردەکەوێت، کە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان کرداری تێپەڕو تێنەپەڕو چۆنیەتی جیاکردنەوەیان لە یەکتری، چەند پێوەرێك دەستنیشانکراون. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ خستنەڕووی ئەو پێوەرانەدا، سەرنجی خۆشی دەربارەی هەریەکەیان دەخاتەڕوو.

١- یەکێك لەو پێوەرە باوانەی، کە بۆ جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ پشتی پێدەبەسترێت، ئەوەیە: ئەگەر کردارێك لە تافی ڕابوردوودا کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م، ت، ی، مان، تان، یان)ی وەرگرت، ئەوە

---

٩٧- لیژنەی زمان‌و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٦: ١٠٠-١٠١)، ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٥٠).

٩٨- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٥)، عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤: ٣٦)، وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٥٢).

کردارێکی تێپەڕەو ئەگەریش کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م،"ی_یت"، Ø، ین، ن، ن)ی وەرگرت، ئەوە تێنەپەڕە. لەم بارەیەوە (مستەفا محەمەد زەنگەنە) دەڵێت: "هەر کارێك راناوی (مان– تان– یان) وەرنەگری، لە گەردان کردندا، ئەوا ئەو کارە تێنەپەڕە، ئەگەر وەریشی گرت ئەوا تێپەڕە"[٩٩]. هەروەها (ئەورەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێت: "لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا لەگەڵ کرداری تێ نەپەڕی ڕابوردوو و تێ نەپەڕ و تێپەڕی ڕانەبوردوودا دەستە جێناوە لکاوە بێ هێزەکان: (م ، ی ، . ، ین ، ن ، ن) دێن . لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێ پەڕیشدا دەستەی دووەمی جێناوە بەهێزەکان: (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) بەکاردێنرێن"[١٠٠].

کەموکوڕی ئەم پێوەرە لەوەدایە، کە لە بەشێکی ناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوكو ناوچەکانی گەرمیاندا، لەگەڵ کرداری تێنەپەڕیش کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەکاردەهێنرێت، واتە ئاخاوتنی ئەو ناوچانە بەم شێوەیەیە: هاتمان، چوومان، خەوتمان، ... هتد. هەروەها سەرجەم ئەو کردارە تێنەپەڕانەی، کە بەهۆی مۆرفیمی (اند)ەوە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە وەردەگیرێن، وەك کردارە تێپەڕەکان کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م، ت، ی، ...) وەردەگرن، وەك (قیژاندی، نەڕاندی، حیلاندی، ... هتد). بەدەر لەمانەش چەندین کردار بەرچاودەکەون، کە بە پێچەوانەی ئەم پێوەرەوە ڕەفتاردەکەن، ئەمەش بەتایبەت لە کردارە لێکدراوەکاندا دەبینرێت، بۆ نموونە کردارە لێکدراوەکانی وەك (ڕووحی چوو، جەرگی سووتا، حەیای تکا، ...) تێنەپەڕن، کەچی کۆمەڵە جێناوەلکاوەکانی (م، ت، ی، ...) وەردەگرن.

٢– "گەر بکەر هەموو گیانی بەشداریی لە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە کرد ئەوە تێنەپەڕە. (گەر ئەندامێکی لەشی) کارەکەی هێنایە ئەنجام ئەوە تێپەڕە. بەپێی ئەم پێوانەیە (خواردن) تێپەڕە، چونکە ئەندامێکی بکەر(کە دەمیەتی) کارەکە دێنێتە ئەنجام، بەڵام (هاتن) تێنەپەڕە، چونکە بێکێ دێ هەموو لەش و گیانی دێ"[١٠١].

کەموکوڕی ئەم پێوەرە لەوەدایە، کە هەمووکات دەستنیشانکردنی ئەو ئەندامانەی لەشی مرۆڤ (بکەر)، کە بەشداری لە ئەنجامدانی کارێکدا دەکەن ئاسان نییە، واتە هەندێك جار بەتەواوەتی نازانرێت چەند ئەندام بەشداری لە کردەی کردارەکەدا کردووە. لەلایەکی ترەوە هەموو کردارێك ڕووداوگەیەن نییە، واتە لە هەموو کردارێکدا کردەیەکی فیزیکی نییە، تاوەکو ژمارەی ئەندامە بەشداربووەکانی لەشی مرۆڤ(بکەر) بکرێتە پێوەر

٩٩- مستەفا محەمەد زەنگەنە (١٩٨٩: ٢١-٢٢).

١٠٠- ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٦٢).

١٠١- وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٥٢).

بۆ جیاکردنەوەی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی کردارەکە، بۆ نموونە کردارەکانی وەك (خۆشویستن، ڕقلێبوون، غیرەکردن، ...) لایەنی دەروونی مرۆڤ دەردەبڕن‌و هیچ کردەیەکی فیزیکییان تێدا نییە، هەربۆیە لەم جۆرە کردارانەدا ئەم پێوەرە هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت. نووسەر خۆشی دەڵێت: (ئەم پێوانەیە زانستی نییەو کەم‌و کەلەبەری تیا دەرئەکەوێ، ئەشێ بۆ ئەوانەی زمانی دووەم فێر ئەبن بەکاربهێنرێ).

٣- "ئەگەر هەر کردارێ لە گەرداندا دەرکەوت کە لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناوی کەسیی لکاو بە پێشیەوە دەلکێ، ئەوە ئەو کردارە تێ پەڕە، وەك (دەم برد). خۆ بێتوو لە هەمان ڕێژەدا جێناو بکەوێتە کۆتاییەوە، ئەوە ئەو کردارە تێ نەپەڕە، وەك (دەچووم)"[١٠٢].

کەموکوڕی ئەم پێوەرە لەوەدایە، کە لەلایەکەوە لەگەڵ بەشێك لە کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکاندا ناگونجێت، چونکە ئەم کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانە وەك کردارە لێکدراوە تێپەڕەکان جێناوی لکاو بە پێشیانەوە دەلکێت نەك بە کۆتاییانەوە [*]، بڕوانە (٦٧).

(٦٧) أ- پشتمان دەشکا. ⟵ پشت + مان + دەشکا (تێنەپەڕ)

ب- ئابڕووی دەچوو. ⟵ ئابڕوو + ی + دەچوو (تێنەپەڕ)

لەلایەکی ترەوە ئەم پێوەرە لەگەڵ ئەو کردارە تێنەپەڕە داڕێژراوانەشدا ناگونجێت، کە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە وەردەگیرێن، چونکە ئەم کردارە تێنەپەڕە داڕێژراوانە وەك کردارە تێنەپەڕە داڕێژراوەکانی دیکە لە تافی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناوی لکاو بە کۆتاییانەوە نالکێت، بەڵکو دەچێتە دوای ئەسپێکتی (دە)وە، وەك (دەتقیژاند، دەینەڕاند، ... ).

٤- لە زۆربەی ئەو پێناسانەی، کە بۆ کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ کراون، ئاماژە بەوە دراوە، کە کرداری تێپەڕ بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت‌و بکەرنادیاریشی لێ سازدەکرێت، بەڵام کرداری تێنەپەڕ بەپێچەوانەوە. ئەمەش وەك پێوەرێك بینراوە بۆ جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە یەکتری.

---

١٠٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧: ٢٢).

* ئەگەرچی لەو نموونانەی، کە نووسەری پێوەری سێیەم هێناویەتیەوە، جێناوە لکاوەکان ڕۆڵی بکەریان بینیوە، بەڵام نووسەر لە پێوەرەکەدا ڕۆڵی جێناوە لکاوەکانی دەستنیشاننەکردووە، واتە نەیوتووە: "ئەگەر هەر کردارێ لە گەرداندا دەرکەوت کە لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناوی کەسیی لکاوی بکەر بە پێشیەوە دەلکێ، ئەوە ئەو کردارە تێ پەڕە، وەك (دەم برد). خۆ بێتوو لە هەمان ڕێژەدا جێناو(جێناوی کەسیی لکاوی بکەر) بکەوێتە کۆتاییەوە، ئەوە ئەو کردارە تێ نەپەڕە، وەك (دەچووم)"، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی، کە لە نموونەکانی (٦٧)دا (مان)و (ی) جێناوی لکاوی دەرخەرین نەك بکەری، کراونەتە خەوشی‌و کەموکوڕییەك بۆ پێوەرەکە.

سەبارەت بە بکەرنادیار، لەبەرئەوەی مەرج نییە هەموو کردارێکی تێپەڕ بکەرنادیاری لێدروستبکرێت، بۆیە ناکرێت لە جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕدا بە تەواوەتی پشت بەم پێوەرە ببەسترێت، بۆ نموونە ڕستەکانی (٦٨) کردار تێپەڕنو ناشکرێن بە بکەرنادیار.

(٦٨) أ- کاروان دوو ئۆتۆمبێلی هەیە. ←——— * دوو ئۆتۆمبێل هەیرا

ب- منداڵەکە پێی گرت. ←——— * پێ گیرا

لەلایەکی ترەوە مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێت، بڕوانە (٦٩)[١٠٣].

(٦٩) ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ.

بکەردیاری ئەم ڕستەیە (ئێمە ئەستێرە بە ڕۆژ نابینین) نییە، چونکە لەبەر هۆکاری دیاریکراو لە توانای کەسدا نییە بە ڕۆژ (ئەستێرە) ببینێت.

سەبارەت بە وەرگرتنو وەرنەگرتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لەلایەن کردارەوە(ئەگەر کردار بەرکاری ڕاستەوخۆی وەرگرت، ئەوە تێپەڕەو ئەگەریش وەری نەگرت، ئەوە تێنەپەڕە)، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە وەك پێوەرێکی واتایی بۆ جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە یەکتری، ئەم پێوەرە لە زۆر ڕووەوە لە پێوەرەکانی تر باشترە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت، کە مەرج نییە هەمووکات بەرکاری ڕاستەوخۆ لە فۆڕمی فرێزێکی ناوییدا بێت، وەك ئەوەی لە کۆندا زیاتر باوەڕیان وابووە. لەلایەکی تریشەوە ئەم پێوەرە هەندێك جار لە کردارە لێکدراوەکاندا گرفت دروستدەکات، بەوەی کە ئایا کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو دەتوانێت ئەرکو ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەوخۆ ببینێت یان نا[١٠٤]؟

---

١٠٣- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٧٧).

١٠٤- بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارەو زانیاریی زیاتر، بڕوانە پاری دووەمی بەشی سێیەم (هێز لە کرداری لێکدراودا)، لاپەڕە (٩٦-١١٦).

## ٢/٢) پاری دووەم: هێزی کردار(کرداری بنەڕەتی(بنجی))

### ٢/٢-١) کردار لەڕووی فۆڕمو دروستەوە

بە سەرنجدان لە کارو بەرهەمی ئەو زمانەوانو نووسەرانەی، کە لە بارەی کردارو جۆرەکانییەوە دواون، دەردەکەوێت، کە لەڕووی فۆڕمو دروستەوە جۆرەکانی کرداریان بە چەند شێوازێکی جیاوازو لەسەر بنەمای چەند پێوەرێکی جیاواز دەستنیشانکردووە، هاوکات زاراوەی جیاوازشیان بۆ ئەو جۆرانە بەکارهێناوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکردنی کردار لە سەر بنەمای مۆرفیم* بە پەسەند دەزانێت، چونکە لە دابەشکردنەکانی تردا (لفظ، وشە، پارچە، ...) کراونەتە پێوەر، لەم پێوەرانەشدا مۆرفیمەکانی شکاندنەوە ڕەچاونەکراون، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە کرداری زمانی کوردی لە سادەترین فۆڕمیدا مۆرفیمی کاتو کەس، کە دوو مۆرفیمی شکاندنەوەن بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکەن.

ئەگەر لەسەر بنەمای مۆرفیمش لە کردار بڕوانین، ئەوا نابێت کرداری سادەمان لە زمانی کوردیدا هەبێت، چونکە سادەترین کردار وەرگرین لە سێ مۆرفیم کەمتر پێکنەهاتووە، کە ئەوانیش مۆرفیمی (ڕەگ، کات، کەس)ن، بەڵام لە هەندێك باردا دەکرێت مۆرفیمی کەس(جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك) دەرنەکەوێت. هەروەها لە کرداری (بوو)دا دەشێت ڕەگو مۆرفیمی کاتی ئێستایش بسوێنو دەرنەکەون، سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدە.

(٧٠) أ- زیرەکم ←——— زیرەك + ڕەگ (Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (Ø) + مۆرفیمی کەس (م).

ب- زیرەکە ←——— زیرەك + ڕەگ (Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + مۆرفیمی کەس (Ø).

پ- زیرەك بـــوو ←——— زیرەك + ڕەگ (بـ) + مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (وو) + مۆرفیمی کەس(Ø).

---

* بیرۆکەی دابەشکردنی کردار لە سەر بنەمای مۆرفیم دەگەڕێتەوە بۆ (محەمەد مەعروف فەتاح)، کاتێك لە وتاری (کار پۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان)دا جۆرەکانی کرداری لەسەر ئەم بنەمایە دەستنیشانکردووە. نووسەر لەم وتارەیدا تەنها دوو جۆر کرداری جیاکردۆتەوە، کە ئەوانیش کرداری (داڕێژراو)و (لێکدراو)ن. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ناوبراو لە دابەشکردنی کرداردا جیاوازی لە نێوان مۆرفیمی داڕشتنو شکاندنەوە، کە خۆی بە مۆرفیمی ڕێزمانیو ناڕێزمانی ناوی بردوون، نەکردووە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پێیوایە، کە کرداری سادە لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە کردار نییە تەنها لە یەك مۆرفیم پێکهاتبێت.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە پێش (محەمەد مەعروف فەتاح)، (مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی (کار تەواوکردن لە کوردیدا) پێناسەی جۆرەکانی کرداری لەسەر بنەمای مۆرفیم کردووە، بەڵام تێڕوانینی بۆ مۆرفیم هەڵەیە، بۆ نموونە کردارەکانی وەك (هات، کوشت)ی بەیەك مۆرفیم داناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نووسەری ناوبراو لە پێکهاتنی کرداردا مۆرفیمەکانی شکاندنەوەی بە مۆرفیم ئەژمارنەکردووە.

لەسەر بنەمای مۆرفیم، جۆرەکانی کردار لەڕووی فۆڕمو دروستەوە بەم شێوەیە دەخەینەڕوو[١٠٥] :

١- کرداری بنەڕەتی

بریتییە لەو کردارەی، کە لە هەرسێ مۆرفیی (ڕەگ، کات، کەس) پێکدێت. جگە لەم سێ مۆرفیمە دەکرێت مۆرفیمی تری شکاندنەوە بەشداری لە پێکهاتنیدا بکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك مۆرفیمی داڕشتن نابێتە بەشێك لە پێکهاتەی کرداری بنەڕەتی. بەم پێیە کرداری بنەڕەتی ئەو کردارەیە، کە تەنها لە ڕەگو مۆرفیمی شکاندنەوە پێکدێت. لەم نموونانەی خوارەوەدا مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتی دەستنیشانکراون.

(٧١) أ- بینیم ←—— ڕەگ (بین) + م. کاتی ڕابوردوو (یـ) + م. کەس"بکەر" (م) + م. کەس "بەرکار"(Ø).

ب- نەمبینی ←—— م. ناکردن (نە) + م. کەس"بکەر"(م) + ڕەگ (بین) + م. کاتی ڕابوردوو (ی) + م. کەس"بەرکار"(Ø).

پ- بینراین ←—— ڕەگ (بین) + م. نادیاری (ر) + م. کاتی ڕابوردوو (ا) + م. کەس "بەرکار"(ین).

٢- کرداری داڕێژراو

ئەو کردارەیە، کە بەدەر لە ڕەگو مۆرفیمی شکاندنەوە بەلایەنی کەمەوە مۆرفیمێکی داڕشتن بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکات. بە واتایەکی تر کرداری داڕێژراو بریتییە لەو کردارەی، کە لە کردارێکی بنەڕەتیو مۆرفیمێکی داڕشتن یان زیاتر پێکدێت[١٠٦] .

٣- کرداری لێکدراو

ڕۆنانێکە لە کردارێكو کەرەستەیەك یان زیاتر پێکهاتووە[١٠٧] . کردارەکە لە فۆڕمی بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراودا دەردەکەوێت، هەرچی کەرەستەکەی ترە بەزۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی، ...)ە، هەروەها دەشێت ئەو کەرەستەیە فرێزێکی پێشناویی یان ڕەگی کردار یان ئەو وشانە بێت، کە بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێنو واتایەکی ڕوونیان نییە[١٠٨] .

---

١٠٥- محەمەد عومەر عەول(٢٠٠١: ٢٥)و بێستوون حەسەن ئەحمەد(٢٠٠٨:٤٠)، بەهەمان شێوە کرداریان بەسەر ئەم سێ جۆرەدا دابەشکردووە.

١٠٦- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کرداری داڕێژراو، بڕوانە پاری یەکەمی بەشی سێیەم.

١٠٧- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٣٨).

١٠٨- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کرداری لێکدراو، بڕوانە پاری دووەمی بەشی سێیەم.

## ٢/٢–٢) هێزی کردار

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە مەبەست لە کردار کرداری کاتو کەسدارە، نەك فۆڕمی فەرهەنگیی کردار، چونکە "کردار لە فەرهەنگدا لە شێوەی کرداری ناویی یان ناوی ڕووداودا هەڵگیراوەو بە هەموو زانیارییە فەرهەنگییەکانییەوە–زانیاریی فۆنۆلۆژی، سینتاکسیو سیمانتیکیی– دێتە ئاستی قووڵی ڕستەوە –دوای ئەوەی چالاکدەکرێن. کردارە ناوییەکە لە فەرهەنگدا کەسی پێوەنەلکاوەو کاتەکەی سستەو هێشتا چالاکنەکراوە. بۆ چالاککردنی کاتەکەی/خستنەکاری کاتەکەی لە ڕستەدا، سەرەتا مۆرفیمی لەکردارخستن(ن) Deverbal morpheme لادەبرێتو پاشان نیشانەی کەس(نیشانەکانی ڕێککەوتنە ئەرگەتیڤییەکان)ی پێوەدەلکێنرێت. بەو پێیەی، کە کردار لە زمانی کوردیدا لە توخمەکانی (ڕەگ + کات + کەس) پێکهاتووە، لە ڕستەدا ئارگۆمێنت_داواکەرێکی کاتو کەسدارەو چالاکە. بەم ئەدگارانەوەیە، کە دەتوانێت ئارگۆمێنتەکانی دیاریبکاتو حوکمیانبکاتو ڕۆڵیان پێببەخشێت. کردارە چالاککراوەکە یاخود کردەی کردارەکە پێویستی بە هەڵسووڕان هەیە. هەڵسووڕانی کردەکەی بەهۆی بکەرو تەواوکارەکانی ترەوە دێتەجێبەجێکردنو بەجێهێنان"[١٠٩].

لە بەشی یەکەم لە باسی (دروستەی ئارگۆمێنت)دا ئاماژە بەوە درا، کە کردار وەك دیارترین جۆری ئارگۆمێنت_داواکەر بەپێی هێزەکەیو سروشتو تایبەتمەندییەکانی خۆی ژمارەو جۆری ئارگۆمێنتەکانی لە ڕستەدا دیاریدەکات، هەیانە یەك جێکەوتەییەو هەشیانە دوو جێکەوتەیی یان زیاترە. کرداری تێنەپەڕ کردارێکی یەك جێکەوتەییە، واتە تەنها یەك ئارگۆمێنتی پێویستە بۆئەوەی جێکەوتەی بکەری بۆ پڕبکاتەوە، بەڵام کرداری تێپەڕ کردارێکی دوو جێکەوتەیی تا چوار جێکەوتەییە، واتە کرداری تێپەڕ بەلایەنی کەمەوە دوو ئارگۆمێنت وەردەگرێت، تاکو جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ پڕبکەنەوە. ئەو ئارگۆمێنتەی، کە دەچێتە جێکەوتەی بەرکارییەوە بە (ئارگۆمێنتی ناوەکیی) ناودەبرێت، ئارگۆمێنتی جێکەوتەی بکەرییش پێیدەوترێت (ئارگۆمێنتی دەرەکیی)، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی فرێزی کرداریی.

بەم پێیە کەواتە ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە لە ڕستەیەکدا دێن، دەکەوێتە سەر هێزی کردارەکە، واتە هێزی کردارەکە بڕیار لەسەر ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دروستەی ڕستەیەك دەدات، سەرنج لە ڕستەکانی (٧٢، ٧٣، ٧٤) بدە.

---

١٠٩- محەمەدی مەحوییو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٢٨-٢٩).

(٧٢) أ– دانا ڕۆیشت.

ب– * دانا ئۆتۆمبێل ڕۆیشت

(٧٣) أ– دانا نامەکەی نووسی.

ب– * دانا نووسی

پ– * دانا بە نامەکەی نووسی

ت– * دانا نامەکەی دەست نووسی

(٧٤) أ– دانا تۆ بە برا دادەنێت.

ب– * دانا تۆ دادەنێت

پ– * دانا بە برا دادەنێت

ت– * دانا تۆ برا دادەنێت

ج– * دانا بە تۆ بە برا دادەنێت

چ– * دانا بە تۆ برا دادەنێت

ح– * دانا برا بە تۆ دادەنێت

کرداری تێنەپەڕی (ڕۆیشت) کردارێکی یەك هێزییە، بۆیە تەنها پێویستی بە فرێزێکی ناویی هەیە، کە جێکەوتەی بکەری بۆ پڕبکاتەوە، وەك لە (٧٢–أ)دا پیشاندراوە. هاتنی فرێزێکی ناویی دیکە بۆ جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ، ڕستەکە دەکاتە ناڕێزمانی، بڕوانە (٧٢–ب). کرداری تێپەڕی (نووسی) کردارێکی دوو هێزییە، بۆیە بەدەر لە فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر، فرێزێکی ناویی دیکەش بۆ جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، وەك لە (٧٣–أ)دا پیشاندراوە. نەهاتنی فرێزە ناوییە بەرکارییەکە یان گۆڕینی جۆرەکەی(جۆری فرێزەکە) یاخود هاتنی فرێزێکی ناویی دیکە بۆ ناو ڕستەکە، ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە، بڕوانە (٧٣–ب–پ–ت). کرداری تێپەڕی (دادەنێت) کردارێکی سێ هێزییە، هەربۆیە بەدەر لە دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فرێزێکی پێشناویی خورتیش وەردەگرێت، وەك لە (٧٤–أ)دا پیشاندراوە. هەر گۆڕانکارییەك لە ژمارەو جۆری فرێزەکاندا بکرێت، ڕستەکە بەرەو ناڕێزمانی دەبات، بڕوانە (٧٤–ب–پ–ت–ج–چ–ح).

به سەرنجدان لەو نموونانەی، کە خرانەڕوو دەردەکەوێت، بکەر هەمیشە ئارگۆمێنتێکی خورتیی ڕستەی بکەردیاری زمانی کوردییە، بەڵام بەپێی هێزی کردارەکە ژمارەو جۆری ئارگۆمێنتەکانی تر دەگۆڕێن.

بەم پێیە کردار بەپێی ئەو هێزەی، کە هەیەتی چەند جۆرێکی لێدەستنیشاندەکرێت، بەم شێوەیە[١١٠]:

"کرداری سفر هێزیی (zero valence/avalent)*.

کرداری یەك هێزیی (monovalent/monadic).

کرداری دوو هێزیی (bivalent/dyadic).

کرداری سێ هێزیی/ فرە هێزیی (polyvalent/polyadic)".

کرداری چوار هێزیی**.

کەواتە کردار بەپێی هێزەکەی یەك جێکەوتەیی‌و دوو جێکەوتەیی‌و ... لێجیادەکرێتەوە. ئەمەش بە دیاردەی بەبڕشتی کردار (Verb-Valence) ناسراوە.[١١١](Trauth & Kazzazi) بەم شێوەیە پێناسەی زاراوەی بەبڕشتی دەکەن: بریتییە لە توانای لێکسیمێك بۆ ڕێکخستنی ژینگە سینتاکسییەکەی (ژینگەی سینتاکسی لێکسیمەکە خۆی)، لەمەشەوە کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراو دەخاتەسەر پێکهاتەکانی دەوروبەری بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانیان.

---

١١٠- Trauth & Kazzazi (1996:1256-1257), Crystal (2008:507), Anker (2013:1-6).

* کردارەکانی پەیوەست بە (کەش‌وهەوا)، وەك (باران بارین، بەفربارین، ...) بە کرداری سفر هێزیی دادەنرێن، چونکە هیچ ئارگۆمێنتێك داواناکەن. ئەمانە توخمی بێ ناوەڕۆکن (بکەری بێ ناوەڕۆك contentless subject). لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم کردارانە (It)یان هەیە، واتە (It) دەبێتە بکەر بۆیان. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بکەر دەبێت هەمیشە بە فۆنەتیکی دەربڕدرێت، واتە زمانی ئینگلیزی لە زمانە بکەرخراوەکان نییە، بڕوانە (٧٥).

(75) It’s raining. باران دەبارێت

ئەرك‌و ڕۆڵی (It) لە (٧٥)دا تەنها ئەوەندەیە، کە لەڕووی ڕێزمانییەوە جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوە، ئەگینا لەڕووی لۆژیکییەوە بکەر نییەو نە ڕۆڵی بابەتانەی (کارا)و نە هیچ ڕۆڵێکی تری وەرگرتووە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی‌و کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ١٣٨-١٤٠), Anker (2013:5),

** لەو سەرچاوە ئینگلیزییانەی، کە دەربارەی بەبڕشتی کردار دواون (ئەوانەی، کە لێکۆڵەر بەرچاوی کەوتوون)، باسی کرداری چوار هێزیی نەکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا کردار تا سێ هێزی هەیە، هەربۆیە لێکۆڵەر هیچ زاراوەیەکی ئینگلیزی بۆ کرداری چوار هێزیی بەرچاونەکەوتووە.

١١١- Trauth & Kazzazi (1996:1256).

چەمکی بەبڕشتی تێهەڵکێشە لەگەڵ زۆر چەمکی تری وەك: حوکمکردن، تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی، ئارگۆمێنت‌و ئارگۆمێنت_داواکەریی، سێتا ڕۆڵ، ... هتد. ئەمەش وایکردووە تاڕادەیەك بەبڕشتی چەمکێکی سەربەخۆی نەبێت[١١٢]. لەم نموونەیەی خوارەوەدا پەیوەندیی نێوان بەبڕشتی کردارو سێتا ڕۆڵ دەخرێتەڕوو.

(٧٦) کاروان ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت.

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ

کارا کارتێکراو

کرداری تێپەڕی (فرۆشت) کردارێکی دوو هێزییە، هەربۆیە دوو ئارگۆمێنتی خورتیی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە. هەریەك لەو ئارگۆمێنتانە لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵێکی بابەتانەیان پێدراوە. (کاروان)، کە گۆکردنی بکەری هەیە، ڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتووەو (ئۆتۆمبێل)یش، کە گۆکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆی هەیە، ڕۆڵی (کارتێکراو)ی پێبەخشراوە.

بەم پێیە دەتوانرێت بوترێت، ڕستەی زمانی کوردی بەدەر لە ئاستی گۆکردن‌و ئاستی فۆڕم دەکرێت لە ئاستی ڕۆڵی بابەتانەشدا شیبکرێتەوە، واتە ڕستەی زمانی کوردی دەشێت لە سێ ئاستی جیاوازدا شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بەم شێوەیە:

" ئاستی گۆکردن،

ئاستی فۆڕم،

ئاستی ڕۆڵی بابەتانە.

ڕستەی (٧٧) بەپێی هەر سێ ئاستەکەی سەرەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

(٧٧) دییە پەنجەرەکەی شکاند.

ئاستی گۆکردن ◄——— بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کردار،

ئاستی فۆڕم ◄——— { ڕ. {ف.ن} {ف.ك {بە. ڕاستەوخۆ} {ك}} }،

ئاستی ڕۆڵی بابەتانە (ئاستی سیمانتیك) ◄——— کارا + کردەی کردار {کارتێکراو + کردە}.

---

١١٢- Trauth & Kazzazi (1996:1257).

دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ئاستی یەکەمو دووەم شیکردنەوەی سینتاکسییانەن، بەڵام ئاستی سێیەم شیکردنەوەی سیمانتیکییانەیە"[113].

لێرەوە دەچینە سەر باسکردنی هێز لە کرداری (بنەڕەتی)دا.

## ٢/٢–٣) هێز لە کرداری (بنەڕەتی)دا

کرداری بنەڕەتی ئەو کردارەیە، کە تەنها لە ڕەگو مۆرفیمی شکاندنەوە پێکدێت.

کرداری بنەڕەتی بەپێی هێزەکەی بەسەر سێ جۆر دابەشدەبێت، بەم شێوەیە:

١– کرداری بنەڕەتی یەک هێزیی.

٢– کرداری بنەڕەتی دوو هێزیی.

٣– کرداری بنەڕەتی سێ هێزیی.

### ١– کرداری بنەڕەتی یەک هێزیی

مەبەست لە کرداری بنەڕەتی یەک هێزیی، کرداری بنەڕەتی تێنەپەڕە، وەک کردارەکانی (هاتن، ڕۆیشتن، خەوتن، کەوتن، شکان، سووتان، مردن، فڕین، ... هتد). ئەم جۆرەی کرداری بنەڕەتی پێویستی تەنها بە فرێزێکی ناویی هەیە، بۆئەوەی جێکەوتەی بکەری بۆ پڕبکاتەوەو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێت، بڕوانە (٧٨).

(٧٨) أ– هانا خەوت.

ب– من ڕۆیشتم.

پ– دەستی هەستی شکا.

١١٣- محەمەدی مەحوییو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠: ٩٩).

لە (٧٨–أ–ب)دا ناوی تایبەتی کەسی (هانا)و جێناوی سەربەخۆی (من) وەك فرێزی ناویی سادە جێکەوتەی بکەریان پڕکردۆتەوە. لە (٧٨–پ)یشدا جێکەوتەی بکەر بە فرێزی ناویی خستنەپاڵی خاوەنداریی (دەستی هەستی) پڕبووەتەوە *.

## ٢– کرداری بنەڕەتی دوو هێزیی

کرداری بنەڕەتی دوو هێزیی ئەو کردارە بنەڕەتییە تێپەڕانەن، کە بۆ تەواوبوونی واتاکەیان پێویستیان بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، واتە بەدەر لە بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆش وەردەگرن، هەربۆیە بە کرداری تێپەڕی یەك بەرکاریی ناودەبرێن. ئەو بەرکارەی، کە وەریدەگرن، دەشێت بەرکارێکی ناوەکیی بێتو لە فۆڕمی فرێزێکدا بێت، یاخود بەرکارێکی دەرەکیی بێتو لە فۆڕمی ڕستەیەك یان ڕستیلەیەکدا ** بێت. کردارەکانی وەك (خواردن، بردن، گرتن، کوشتن، کڕین، بینین، کێلآن، هێنان،... هتد) لە چەشنی ئەم جۆرەی کرداری بنەڕەتین، بڕوانە (٧٩، ٨٠).

(٧٩) أ– چرۆ ڕۆزە دەبینێت.

ب– چرۆ تۆ دەبینێت.

پ– چرۆ کێ دەبینێت؟

(٨٠) أ– چرۆ گوتی، کە ڕۆزە بە یەکەم دەرچووە.

ب– چرۆ توانی، وتارێك بنووسێت.

لە (٧٩–أ–ب)دا ناوی تایبەتی کەسی (ڕۆزە)و جێناوی سەربەخۆی (تۆ) وەك فرێزی ناویی سادە گۆکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆیان هەیە. لە (٧٩–پ)یشدا، کە دروستەیەکی پرسیارییە فرێزی پرسیاریی (کێ)

---

* فرێزی ناویی دەبێتە دوو جۆرەوە: فرێزی ناویی سادەو فرێزی ناویی خستنەپاڵ. فرێزی ناویی خستنەپاڵیش دوو جۆری لێجیادەکرێتەوە: خستنەپاڵی خاوەنداریی‌و خستنەپاڵی تایبەتیی. خستنەپاڵی خاوەندارییش دیسان دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر: خستنەپاڵی خاوەنداریی ڕووتو خستنەپاڵی خاوەنداریی زگماکیی. بۆ زانیاری دەربارەی دروستەی فرێز بە شێوەیەکی گشتی‌و فرێزی ناویی بە تایبەتی، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠).

** ڕستیلە (Clause) هەمان دروستەی ڕستەی هەیە، بەلآم جیاوازی لەگەڵ ڕستەدا ئەوەیە، کە بە تەنها ئازادیی بەکارهێنانی نییە، واتە بە تەنها خۆی دەرناکەوێت، بەڵکو بە شکاندنەوە لەناو ڕستەی دیکەدا دێت. نائازادیی بەکارهێنانی ڕستیلە بووەتە هۆی ئەوەی، کە لە هێنانی ڕستەی تردا ڕۆڵی هەبێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕستیلەو جۆرەکانی، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٩٢-١٠٢).

لەبری فرێزە ناوییەکەی (٧٩-أ-ب) جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆی پڕکردۆتەوە. هەریەك لەو فرێزانەش بوونەتە بەرکارێکی ناوەکیی بۆ کردارەکە.

لەو ڕستانەی، کە دروستەیەکی ئاڵۆزیان هەیە، بەرکارێکی دەرەکیی شوێنی بەرکارە ناوەکییەکە دەگرێتەوە، وەك لە (٨٠-أ-ب)دا پیشاندراوە. لە (٨٠-أ)دا ڕستە(پاڕستە)ی (کە ڕۆژە بە یەکەم دەرچووە) لەڕووی ئەرکەوە کرداری ڕستە سەرەکییەکە(شاڕستەکە)ی تەواوکردووەو بووە بە بەرکارێکی دەرەکیی بۆی. لە (٨٠-ب)یشدا ڕستیلەی (وتارێك بنووسێت) بەهەمان شێوە بووە بە بەرکارێکی دەرەکیی بۆ کرداری ڕستیلە سەرەکییەکە (ڕستیلەی یەکەم) *.

دوای خستنەڕووی جۆری یەکەمو دووەمی کرداری بنەڕەتی پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە چەند کردارێکی بنەڕەتی هەن، کە وەك کرداری یەك هێزییو دوو هێزییش دەردەکەون، واتە لە هەندێك باردا وەك کرداری یەك هێزییو لە هەندێك باری دیکەدا وەك کرداری دوو هێزیی ڕۆڵ دەبینن، هەربۆیە دەگونجێت ناوی (کرداری بنەڕەتی یەك هێزییو دوو هێزیی)یان لێبنرێت. لە زمانی کوردیدا چەند کردارێك لەم چەشنە بەرچاودەکەون، وەك:

أ- کرداری (بوون)**

(بوون) وەك کرداری یەك هێزیی لەڕووی بەرهەمدارییەوە کەم بەرهەمەو تەنها لەچەند بارێکی دیاریکراودا دەبینرێت، بڕوانە (٨١).

(٨١) أ- منداڵەکە بوو. (لەدایکبوو)

ب- ئیشەکەم بوو. (جێبەجێبوو)

* ئەو ڕستانەی، کە دروستەیەکی هاوشێوەی (٨٠-ب)یان هەیە، واتە لە دوو ڕستیلە پێکهاتوون، لە هەندێك سەرچاوەدا بە (ڕستەی سادەی ئاڵۆز) ناوبراون، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب (٢٠٠٨: ٣٤)، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٥٢-٦٠)، شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٧٩).

** کرداری (بوونو هەبوون) لە زمانی کوردیدا لەلایەن زمانەوانو نووسەرانەوە زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە. ناوەڕۆکی بەشێك لە کارەکان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام لە بەشێکی تری کارەکاندا بۆچوونی جیاواز دەبینرێت. ئەمانە بەشێکن لەو کارە دیارانەی، کە دەربارەی کرداری (بوونو هەبوون) کراون: Amin (1979:97-108)، مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد (١٩٨٨: ٥٤-٩٨)، شێرکۆ بابان (١٩٩٧)، سەلاح حەوێز ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٤١-٥٦)، عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠١٠).

(بوون) کاتێك وەك کرداری دوو هێزیی دەردەکەوێت، واتای ئەوەیە، کە بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە دوو ئارگۆمێنتی خورتی هەیە. ئارگۆمێنتێکیان فرێزێکی ناویی دەبێتو جێکەوتەی بکەر پڕدەکاتەوە، ئارگۆمێنتەکەی تریش دەشێت تەواوکەرێکی ناوەکیی بێتو لە فۆڕمی فرێزێکی ناویی یان پێشناویی یان ئاوەڵناوییدا بێت، یاخود تەواوکەرێکی دەرەکیی بێتو لە فۆڕمی ڕستەیەك یان ڕستیلەیەکدا ببینرێت، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(٨٢) أ– ڕۆزە کوڕی بوو.

فرێزی ناویی

ب– ڕۆزە لە زانکۆ بوو.

فرێزی پێشناویی

پ– ڕۆزە قەڵەو بوو.

فرێزی ئاوەڵناویی

(٨٣) أ– ڕۆزە بوو، کە نامەکەی گەیاند.

ڕستە

ب– ڕۆزە دەبوو، بڕۆشتبایە.

ڕستیلە

پێویستە ئەوەش بوترێت، کە ڕەگی کرداری (بوون)، کە (ب)ە بۆ کاتی ئێستا دەبێت بە سفر، واتە دەسوێتو دەرناکەوێت، بڕوانە (٨٤).

(٨٤) ڕۆزە قەڵەوە. ⟵ ڕۆزە + قەڵەو + ڕەگ (Ø) + مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + مۆرفیمی کەس(Ø).

ب– کرداری (خوێندن)

(خوێندن) ئەگەرچی کردارێکی تێپەڕی دوو هێزییە، بەڵام لە هەندێك باری دیاریکراودا وەك کرداری یەك هێزیی(تێنەپەڕ)یش دەردەکەوێت. لە (٨٥–أ)دا (خوێندن) وەك کرداری یەك هێزییو لە (٨٥–ب)یشدا وەك کرداری دوو هێزیی پیشاندراوە.

(٨٥) أ- کەوەکە باش دەخوێنێ[١١٤].

ب- کاروان وانەکانی دەخوێنێت.

بە بۆچوونی ئێمە کرداری (خوێندن) لە (٨٥-أ)دا هەمان تایبەتمەندیی ئەو کردارە تێنەپەڕانەی هەیە، کە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە وەردەگیرێن. تەنها ئەوەندە هەیە، کە (خوێندن) لەڕووی فۆڕمەوە کردارێکی بنەڕەتییەو ئەو کردارە تێنەپەڕانەش داڕێژراون.

ئەم دیاردەیە، واتە دەرکەوتنی چەند کردارێك وەك کرداری یەك هێزیی‌و دوو هێزییش، تەنها تایبەت نییە بە زمانی کوردی، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەشدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بەهەمان شێوەی زمانی کوردی "هەندێك لە کردارەکان دەکرێت وەك کرداری یەك هێزیی‌و دوو هێزییش دەربکەون، ئەمەش بەگوێرەی بەکارهێنانیان دەبێت لە ڕستەدا"[١١٥]، بڕوانە (٨٦).

(86) a- He moved.

b- He moved the stone.

لە (86-a)دا (Move) وەك کرداری تێنەپەڕ (یەك هێزیی)و لە (86-b)یشدا وەك کرداری تێپەڕی دوو هێزیی دەرکەوتووە.

### ٣- کرداری بنەڕەتی سێ هێزیی

کرداری بنەڕەتی سێ هێزیی ئەو کردارە بنەڕەتییە تێپەڕانەن، کە بۆ تەواوبوونی واتاکەیان بەدەر لە دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فریزێکی پێشناویی خورتیش وەردەگرن، هەربۆیە بە کرداری تێپەڕی ئاڵۆز ناودەبرێن. کرداری بنەڕەتی سێ هێزیی(کرداری تێپەڕی ئاڵۆز) ژمارەیان کەمەو لە چەند دانەیەك تێناپەڕن. کردارەکانی وەك (کردن، زانین، ...)[*]، لە چەشنی ئەم جۆرەی کرداری بنەڕەتین، بڕوانە (٨٧، ٨٨).

---

١١٤- عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤: ٤١).

١١٥- Decapua (2008:141).

* جگە لە کرداری (کردن)و (زانین) کردارەکانی تری وەك (دانان، لەقەڵەمدان، حسێبکردن، ئەژمارکردن، ...) بەهەمان شێوە کرداری تێپەڕی ئاڵۆزن، واتە ئەمانیش خاوەنی سێ هێزن، بەڵام بۆیە لێرەدا ئاماژەیان پێنەدراوە، چونکە ئەم کردارانە لەڕووی فۆڕمەوە لە فۆڕمی کرداری بنەڕەتیدا نین.

(٨٧) أ– باوكم سيامەند دەكات بە شاگرد.

ب– * باوكم سيامەند دەكات

پ– باوكم دەكات بە شاگرد.

ت– * باوكم بە شاگرد دەكات سيامەند

ج– * باوكم سيامەند بە شاگرد دەكات

چ– * باوكم بە شاگرد سيامەند دەكات

(٨٨) أ– من ئەو بە ئازا دەزانم.

ب– * من ئەو دەزانم

پ– * من بە ئازا دەزانم

ت– * من بە ئازا ئەو دەزانم

لە (٨٧–أ)دا كرداری (دەكات) وەك كردارێكی سێ هێزیی دوو فرێزی ناویی‌و فرێزێكی پێشناویی خورتیی وەرگرتووە. هەریەك لەو فرێزانە جێكەوتەی چەسپاویان هەیە، بۆیە لابردنی هەریەكەیان یان گۆڕینی جێكەوتەیان ناڕێزمانیی ڕستەكەی لێدەكەوێتەوە، بڕوانە (٨٧–ب–ت–ج–چ). ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە، كە لە (٨٧–پ)دا هەرچەندە فرێزە ناوییە بەركارییەكە(سیامەند) لابراوە، بەڵام ڕستەكە بەرەو ناڕێزمانیی‌و واتا_ناڕاستی نەڕۆیشتووە. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، كە لەو ڕستەیەدا فرێزی ناویی (باوك) شوێنی فرێزە ناوییە بەركارییەكە(سیامەند)ی گرتۆتەوە، واتە لە (٨٧–پ)دا فرێزی ناویی (باوك) گۆكردنی بەركاری ڕاستەوخۆی هەیەو بكەرەكەش بە فۆنەتیكی دەرنەبڕاوەو بە جێناوێكی لكاو جێگیركراوە.

كرداری (دەزانم)یش بەهەمان شێوە كردارێكی سێ هێزییەو بۆ تەواوبوونی واتاكەی پێویستی بە سێ ئارگۆمێنتی خورتی هەیە، كە دوو دانەیان فرێزی ناویی‌و ئەوی تریشیان فرێزی پێشناویی دەبێت، بڕوانە (٨٨–أ). لابردنی هەریەك لە فرێزەكان یان گۆڕینی جێكەوتەیان ڕستەكە دەكاتە ناڕێزمانی، بڕوانە (٨٨–ب–پ–ت).

تایبەتمەندییەکی کرداری (کردن، زانین) ئەوەیە، کە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا پارێزگاری لە فرێزە پێشناوییەکەیان دەکەن، واتە فرێزی پێشناویی ئەم کردارانە ناتوانرێت بە جێناو جێگیربکرێت، بڕوانە (٨٩).

(٨٩) أ- دەیکات بە شاگرد.

ب- بە ئازای دەزانم.

ئەگەرچی تا ئێرە وەك کرداری سێ هێزیی لە (کردن، زانین) دواین، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت، کە لە هەندێك باری دیاریکراودا وەك کرداری دوو هێزییش دەردەکەون، وەك لە (٩٠، ٩١)دا پیشاندراوە.

(٩٠) أ- پێنجو دوو حەوت دەکات.

ب- پێنجو دوو دەکاتە حەوت.

(٩١) أ- من وەڵامی پرسیارەکە دەزانم.

ب- من دەزانم، کە وەڵامی پرسیارەکە چییە.

کرداری (دەکات) کاتێك بەواتای (ئەنجام) دێت، ئەوا وەك کردارێکی دوو هێزیی دەردەکەوێت، بڕوانە (٩٠-أ-ب). لە (٩٠-أ)دا کرداری (دەکات) دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام لە (٩٠-ب)دا فرێزە ناوییە بەرکارییەکە بووە بە فرێزی پێشناویی. کرداری (دەزانم)یش لە (٩١-أ)دا دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام لە (٩١-ب)دا فرێزە ناوییە بەرکارییەکە لە بەرکارێکی ناوەکییەوە بووە بە بەرکارێکی دەرەکیی‌و لە فۆڕمی پاڕستەیەکدا دەرکەوتووە[١١٦].

دوای خستنەڕووی جۆرەکانی کرداری بنەڕەتی لەڕووی هێزەوەو ئاماژەدان بەوەی، کە ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتە خورتییانەی لە ڕستەیەکدا دێن، دەکەوێتە سەر هێزی کردارەکە، پێویستە ئەوەش بوترێت، کە ڕستە سەرەڕای ئارگۆمێنتە خورتییەکانی کردار، دەشێت سەرباریشی تێدابێت. سەربار بەو کەرەستانە دەوترێت، کە بوونیان لە ڕستەدا سەرپشکییەو لابردنیان ناڕێزمانیی‌و واتا_ناڕاستی ڕستەکەی لێناکەوێتەوە، چونکە ئەرکیان تەنها زانیاری بەخشینە دەربارەی چۆنیەتی‌و کات‌و شوێنی ڕوودانی کردەی کردارەکە[١١٧].

---

١١٦- بۆ کرداری بنەڕەتی سێ هێزیی (کرداری تێپەڕی ئاڵۆز)، سوودوەرگیراوە لە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٧٠-٧٨).

١١٧- بۆ ئەم پێناسەیە سوودوەرگیراوە لە پێناسەیەك، کە (Radford:1997:252) بۆ سەربار(adjunct)ی کردووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەبوون یان نەبوونی سەربار لە ڕستەدا پەیوەندیی بە هێزی کردارەوە نییەو هیچ لە هێزی کردار ناگۆڕێت.

بەڵام هەندێك جار "سەربار لەچوارچێوەی بارێکی دیاریکراودا دەشێت وەك تەواوکەر لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە لەگفتوگۆی نێوان دوو کەسدا کاتێك قسەکەر بەگوێگر دەڵێت: – باوکت لەکوێ دەژی؟

گوێگر لەوەڵامدا دەڵێت: – باوکم لە هەولێر دەژی.

فرێزی پێشناویی (لەهەولێر) لەم نێوانەدا بەخورتییە، چونکە بەلابردنی کرۆکی واتای کردارەکە دەگۆڕێتو دەبێت بە: – باوکم دەژی. واتە گەرمی خوێن لە لەشیدا ماوە (نەمردووە)"[118].

پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە هەمووکات دەستنیشانکردنی پێکهاتەیەکی سەربار لە ڕستەدا کارێکی ئاسان نییە، بڕوانە (٩٢).

(٩٢) من کتێبەکە بۆ تۆ دەهێنم.

لە (٩٢)دا فرێزی پێشناویی (بۆ تۆ) دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت: ئەگەر کرداری ڕستەکە بە کرداری بنەڕەتی (هێنان) دابنرێت، ئەوا فرێزی پێشناویی (بۆ تۆ) سەربارەو دەتوانرێت لە ڕستەکەدا لابرێت، بەڵام ئەگەر کردارەکە بە کرداری داڕێژراوی (بۆهێنان) دابنرێت، ئەوا فرێزی پێشناویی (بۆ تۆ) سەربار نییەو ناتوانرێت لە ڕستەکەدا لابرێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پرسیارێك دەخرێتەڕوو: ئایا دەتوانرێت هێزی کرداری بنەڕەتی زیادبکرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لەڕێی مۆرفیمی بەندەوە ناتوانرێت هێزی کرداری بنەڕەتی زیادبکرێت، چونکە ئەو مۆرفیمە بەندانەی، کە وەك پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر کرداری بنەڕەتیو دەبنە هۆی زیادبوونی هێزەکەی، لەڕووی فۆڕمشەوە کردارەکە لە بنەڕەتییەوە دەکەن بە داڕێژراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو پێشگرو پاشگرانە، لە هەمانکاتدا ئەرکێکی سینتاکسی بەجێدەهێننو وەك مۆرفیمی داڕشتنیش ڕۆڵ دەبینن[119]. کەواتە پێشگرو پاشگر بەبێ گۆڕینی فۆڕمەکەی ناتوانن هێزی کرداری بنەڕەتی زیادبکەن، بەڵام لەڕێی کردەیەکی سینتاکسییەوە دەتوانرێت ئەم کارە بکرێت، واتە لەڕێی کردەیەکی سینتاکسییەوە دەتوانرێت هێزی کرداری بنەڕەتی زیادبکرێت، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمەکەشیدا بێت[*]. "ئەمەش

---

١١٨- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٩).

١١٩- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە پاری یەکەمی بەشی سێیەم (هێز لە کرداری داڕێژراودا).

* مەبەست لەوەیە، کە لەڕووی فۆڕمەوە کردارەکە لە بنەڕەتییەوە نابێت بە داڕێژراو، بەڵام لە کرداری کاتو کەسدارەوە دەبێت بە کرداری ناویی.

به یارمەتی کرداری یاریدەدەری (خستن، هێنان،...) دەبێت، کە بەهۆیانەوە دروستەیەکی تێنەپەڕ دەبێت بە دروستەیەکی تێپەڕی ئالۆز، بڕوانە (٩٣، ٩٤).

(٩٣) منداڵەکە گریا.

(٩٤) أ- ئەو منداڵەکەی خستە گریان.

ب- ئەو منداڵەکەی هێنایە گریان.

لە بەراوردکردنی ڕستەی (٩٣) لەگەڵ ڕستەکانی (٩٤)دا دەردەکەوێت، کە کاتو کەس لە کردارە تێنەپەڕەکە سەندراوەتەوەو بەکردارە یاریدەدەرەکە بەخشراوە. پاشان قەدی کردارە تێنەپەڕەکە کراوە بە کرداری ناویی‌و لەگەڵ پێشناوی (ە)دا پێکەوە فرێزێکی پێشناویی خورتییان پێکهێناوە. دواتر بکەری کردارە تێنەپەڕەکە کراوەتە بەرکارو بکەرێکی تر بۆ ناو ڕستەکە زیادکراوە"[١٢٠] .

## ٢/٢-٣-١) کرداری بنەڕەتی‌و دروستەی بکەرنادیار

بکەرنادیار لە سادەترین واتایدا دەرنەکەوتن‌و ونبوونی بکەر لە ناو دروستەی ڕستەیەکدا دەگەیەنێت، واتە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بکەری ڕستەکە لابراوەو نازانرێت چ کەسێك کارەکەی ئەنجامداوە. هەر ئەمەش یەکێکە لە دیارترین جیاوازییەکانی نێوان ڕستەی بکەردیارو بکەرنادیار، چونکە لە ڕستەی بکەردیاردا ئەگەر بکەر بە فۆنەتیکیش دەرنەبڕدرێت، واتە فۆڕمێکی بەرجەستەشی نەبێت، ئەوا لە ڕێگەی جێناوێکی لکاوەوە ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام لە دروستەی بکەرنادیاردا بکەر نە بە فۆنەتیکی دەردەبڕدرێت‌و نە بە جێناوی لکاویش جێگیردەکرێت.

ئەوەی لە سەرەوە باسکرا دەکرێت تەنها وەك یاسایەکی گشتی ببینرێت دەربارەی ڕستەی بکەردیارو بکەرنادیار، چونکە لە هەندێك باری دیاریکراودا ئەگەرچی کرداری ڕستەکە لە فۆڕمی بکەرنادیاردایە، بەڵام جۆرێك لە بکەر لە ڕستەکەدا بوونی هەیە. لەلایەکی تریشەوە ڕستەی بکەرنادیاری وا بەرچاودەکەون، کە ڕستەی بکەردیار بەرانبەریان نییە، واتە لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرنەگیراون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێت[١٢١] .

---

١٢٠- سوودوەرگیراوە لە: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (١٩٩١: ٩-١٢)، محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٧٧).

١٢١- بڕوانە لاپەڕە (٧٢).

لێرەدا بەر لە باسکردنی دروستەی بکەرنادیار پەیوەست بە کرداری بنەڕەتییەوە، سەرەتا بە کورتی وەك لایەنی مۆرفۆلۆژیی بکەرنادیار باس لە داڕشتنی فۆڕمی کرداری بکەرنادیار دەکرێتو وەك لایەنی سینتاکسی دیاردەکەش هەنگاوەکانی ڕۆنانی دروستەی بکەرنادیار دەخرێنەڕوو. پاشان باس لە جۆرەکانی کرداری بنەڕەتی لە دروستەی بکەرنادیاردا دەکرێتو ئەوە دەخرێتەڕوو، کە کام جۆرەی کرداری بنەڕەتی بکەرنادیاری لێ سازدەکرێتو کام جۆرەش لێی سازناکرێت*.

## ٢/٢-٣-١-١) مۆرفۆلۆژیای بکەرنادیار

سەرەتا پێویستە ئەوە بوترێت، کە تەنها کرداری تێپەڕ فۆڕمی بکەرنادیاری لێدروستدەکرێت، واتە دروستەی بکەرنادیار تایبەتە بە ڕستەی کردار تێپەڕ. هەروەها "دەبێت ئەوەشمان لەبیربێت، کە گەیشتن بە ڕێگەو دەستورێك، کە هەموو کردارێکی تێپەڕ بێ ناوازە بکات بە بکەرنادیار، کارێکی گرانو مەحاڵە، بۆیە دەبینین ئەو زمانەوانانەی لەم بابەتە دواون نەگەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە ڕێگەیەکی هاوبەش بۆ وەرگرتنی فۆڕمی کرداری بکەرنادیار بدۆزنەوە"[١٢٢]، بەڵام وەك یاسایەك، کە بەشێکی زۆری کردارە تێپەڕەکانی پێبکرێت بە فۆڕمی بکەرنادیار، ئەم هەنگاوانە دەگیرێنەبەر[١٢٣]:

١- مۆرفیمی لەکردارخستن، واتە (ن)ی سەر کردارە ناوییەکەو مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو، کە لە پێش (ن)ی سەر کردارە ناوییەکەوە دێتو یەکێکە لەم مۆرفیمانە (ا، د، ت، و/ وو، ی) لادەبرێن. بەم پێیەش ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە ڕەگی کردارەکە.

٢- مۆرفیمی نادیاری/ بکەرنادیاری (ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کردارەکە.

٣- بۆ ڕابوردوو مۆرفیمی کاتی ڕابوردووی (ا)و بۆ ڕانەبوردووش (ێ)ی مۆرفیمی کاتی ڕانەبوردوو (ئێستاو داهاتوو) دەخرێتە سەر مۆرفیمە نادیارییەکە.

٤- جێناوێکی لکاو بەپێی کەسو ژمارەی بەرکارەکە بە کۆتایی کردارەکە دەلکێنرێت**.

* دروستەی بکەرنادیار بابەتێکی فراوانەو ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە. ئێمە لێرەدا بەپێی پێویستیی لێکۆڵینەوەکەی خۆمان لێی دەدوێینو لە بەشی سێیەمیشدا پەیوەست بە کرداری داڕێژراوو لێکدراوەوە دەگەڕێینەوە سەری.

١٢٢- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٦٤).

١٢٣- سوودوەرگیراوە لە: سەرچاوەی پێشوو (٦٤-٦٥)، وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٧١).

** لە دروستەی بکەرنادیاردا ئەو مۆرفیمانەی، کە تافو ڕێژەی کردار دیاری دەکەن (جگە لە مۆرفیمەکانی کاتی ڕابوردوو)، وەك خۆیان دەمێننەوە.

بەپێی ئەو هەنگاوانەی، کە ئاماژەیان پێدرا چەند نموونەیەك بۆ فۆڕمی کرداری بکەرنادیار دەهێنرێنەوە، بڕوانە (٩٥).

(٩٥) أ– نووسین ⟵ نووسرا (ڕابوردوو)، دەنووسرێت (ڕانەبوردوو).

ب– هێنان ⟵ هێنرا (ڕابوردوو)، دەهێنرێت (ڕانەبوردوو).

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بۆ داڕشتنی فۆڕمی کرداری بکەرنادیار ئەو هەنگاوانەی، کە خرانەڕوو بەتەواوەتی بەسەر هەموو کردارێکی تێپەڕدا جێبەجێ نابن، بۆ نموونە کردارە تێپەڕەکانی وەك (وتن/گوتن، ویستن،...) دوای لابردنی مۆرفیمی لەکردارخستن، یەکسەر مۆرفیمی نادیارییان دەخرێتەسەر، بەبێ لابردنی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو. بەدەر لەو چەند کردارەش داڕشتنی فۆڕمی کرداری بکەرنادیار بەپێی هەنگاوەکان هێشتا ناوازەیی تێدەکەوێت. لەو ناوازانەشدا یاسا فۆنۆلۆژییەکانی وەك پەیدابوونی دەنگو دەنگەگۆڕکێو ... ڕۆڵ دەبینن[١٢٤].

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەندێك زمانەوان[١٢٥] پەیوەست بە تیۆری (بە لێکسیمبوونی سەربەخۆ)وە، لە دیاردەی بکەرنادیاریان کۆڵیوەتەوەو پێیانوایە، کە کرداری بکەرنادیاری زمانی کوردی وەك هەر کردارێکی تر لێکسیمێکی ناو فەرهەنگەو کردارێکی کاتو کەسدارەو وەك کردارەکانی تر دێتە ناو ئاستی قووڵی ڕستەوەو ڕستەی بکەرنادیار بەرهەمدەهێنێت.

## ٢/٢–٣–١–٢) سینتاکسی بکەرنادیار

گۆڕینی دروستەیەکی بکەردیار بۆ بکەرنادیار تەنها بە گۆڕینی فۆڕمی کرداری ڕستەکە نابێت، بەڵکو کەرەستەکانی تری ڕستەکەش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەربۆیە وەك لایەنی سینتاکسی بکەرنادیار، چۆنیەتی داڕشتنی دروستەی بکەرنادیار بە چەند هەنگاوێك دەخرێتەڕوو:

١– بکەرو ئەو جێناوە لکاوەی، کە بۆی دەگەڕێتەوە لە ڕستەدا لادەبرێن.

٢– بەرکار جێگەی بکەر دەگرێتەوە، بەڵام چەمکی بەرکاریی خۆی لەدەستنادات.

٣– کرداری ڕستەکە دەگۆڕدرێت بۆ فۆڕمی بکەرنادیار بەپێی ئەو هەنگاوانەی، کە پێشتر خرانەڕوو.

---

١٢٤- بۆ زانیاری دەربارەی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆژییانەی، کە لە کاتی داڕشتنی فۆڕمی بکەرنادیاری هەندێك کرداری تێپەڕدا ڕوودەدەن، بڕوانە: فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٦٦-٧٦)، وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٧٣-٢٧٥)، ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٣٣٣-٣٤٢).

١٢٥- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٢٤-٢٤٥)، کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٢٦-٢٧)، شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٨٠-٨١).

بەپێی ئەو سێ هەنگاوەی، کە ئاماژەیان پێدرا چەند ڕستەیەك لە بکەردیارەوە دەکرێن بە بکەرنادیار، بڕوانە (٩٦).

(٩٦) أ- ئاری نامەکەی نووسی. ←——— نامەکە نووسرا.

ب- دانا دیارییەکە دەهێنێت. ←——— دیارییەکە دەهێنرێت.

پێویستە ئەوە بزانرێت، کە مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی کردار تێپەڕ بەپێی ئەو هەنگاوانەی، کە خرانەڕوو بکەرنادیاری لێ سازبکرێت. هەروەها لە لایەکی تریشەوە مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێت. سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت جۆرێك لە بکەر لە ڕستەی بکەرنادیاردا بوونی هەبێت، کە بە بکەری لۆژیکی ناودەبرێت، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە[١٢٦].

(٩٧) أ- پیاوەکەو دزەکە تەقەیان لە یەکتری کرد. ←——— * تەقە لە یەکتری کرا

ب- میکرۆب بە چاو نابینرێ.

پ- ئەم نامەیە بە دەستی ئاری نووسراوە.

لە (٩٧-أ)دا هەرچەندە کرداری ڕستەکە تێپەڕە، بەڵام دروستەی بکەرنادیاری لێ سازناکرێت. (٩٧-ب)یش ڕستەیەکی بکەرنادیارەو لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرنەگیراوە.لە (٩٧-پ)یشدا، کە ڕستەیەکی بکەرنادیارە بکەرێکی لۆژیکی بوونی هەیە.

## ٢/٢-٣-١-٣) جۆرەکانی کرداری بنەڕەتیو دروستەی بکەرنادیار

لە دروستەی بکەرنادیاردا کردار هێزێك لەدەستدەدات، واتە لە هێزی کەمدەبێتەوە. لەم پرۆسەیەدا هەمیشە ئەو ئارگۆمێنتەی کردارە تێپەڕەکە نوقمدەبێتو تێدەچێت، کە ڕۆڵی بابەتانەی ئاجێنسی هەیە[١٢٧]. لێرەدا باس لەوە دەکرێت، کە کام جۆرەی کرداری بنەڕەتی بکەرنادیاری لێ سازدەکرێتو کام جۆرەش لێی سازناکرێت.

جۆری یەکەمی کرداری بنەڕەتی، کە کردارە بنەڕەتییە یەك هێزییەکان(کردارە بنەڕەتییە تێنەپەڕەکان)ن، لە هیچ بارێکدا بکەرنادیاریان لێ سازناکرێت. ئەم جۆرەی کرداری بنەڕەتی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرن، تاوەکو لە ڕستەی بکەرنادیاردا جێگەی بکەری ڕستەی بکەردیارەکەیان بۆ بگرێتەوە، بڕوانە (٩٨).

---

١٢٦- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٥٢-٩٠).

١٢٧- محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٢٩).

(٩٨) هانا خەوت. ←——— * هانا خەورا

تاكە ڕێگەیەك، كە بەهۆیەوە بتوانرێت ئەم كرداره بنەڕەتییه یەك هێزییانە(تێنەپەڕانە) فۆڕمی بكەرنادیاریان لێپێكبهێنرێت ئەوەیە، كە دەبێت لە پێشدا لەڕێی مۆرفیمی (اند)ەوە هێزێكیان بۆ زیادبكرێتو بكرێن بە تێپەڕ، پاشان دەكرێت بۆ فۆڕمی بكەرنادیار بگۆڕدرێن، بڕوانە (٩٩).

(٩٩) ڕۆزە هانای خەواند. ←——— هانا خەوێنرا.

بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە، كە هەموو كرداره تێنەپەڕەكان لەڕێی مۆرفیمی (اند)ەوە هێزیان بۆ زیادناكرێتو ناكرێن بە تێپەڕ. لەلایەكی تریشەوە لەم پرۆسەیەدا كردار لە فۆڕمی بنەڕەتییەوە دەگۆڕێت بۆ فۆڕمی داڕێژراو، ئەمەش لە كاتێكدایە، كە لێرەدا باسەكەی ئێمە تایبەتە بە كرداری بنەڕەتی.

جۆری دووەمی كرداری بنەڕەتی، كە كرداره بنەڕەتییه دوو هێزییەكان(كرداره تێپەڕه یەك بەركارییەكان)ن، بە شێوەیەكی گشتی بكەرنادیاریان لێ سازدەكرێت. جا بەركاری ڕستەكە بەركارێكی ناوەكیی بێت و لە فۆڕمی فرێزێكدا بێت، یان بەركارێكی دەرەكیی بێتو لە فۆڕمی ڕستەیەك یان ڕستیلەیەكدا بێت، جیاوازی نییە، واتە گەر بەركاری ئەم جۆرەی كرداری بنەڕەتی ناوەكیی بێت یان دەرەكیی دروستەی بكەرنادیاری هەر لێپێكدەهێنرێت. لە (١٠٠)دا دروستەی بكەرنادیار لە بەركاری ناوەكییو لە (١٠١)یشدا لە بەركاری دەرەكیی پیشاندراوە.

(١٠٠) چرۆ ڕۆزە دەبینێت. ←——— ڕۆزە دەبینرێت.

(١٠١) أ– چرۆ گوتی، كە ڕۆزە بە یەكەم دەرچووە. ←——— گوترا، كە ڕۆزە بە یەكەم دەرچووە.

ب– چرۆ توانی، وتارێك بنووسێت. ←——— توانرا، وتارێك بنووسرێت.

ئاماژە بەوە درا، كە ئەم جۆرەی كرداری بنەڕەتی بە شێوەیەكی گشتی بكەرنادیاریان لێ سازدەكرێت، بەڵام دەكرێت لە بارێكی دیاریكراودا كردارێك لێی سازنەكرێت، بۆ نموونە كرداری (گرتن) كاتێك بە واتای (پێوانە) دێت، بكەرنادیاری لێپێكناهێنرێت، بڕوانە (١٠٢).

(١٠٢) تەنكییەكە پێنج بەرمیل ئاو دەگرێت. ←——— * پێنج بەرمیل ئاو دەگیرێت/ دەگرترێت

هەرچی کرداری (بوون، خوێندن)ە، کە لە هەندێك باردا وەك کرداری یەك هێزیی‌و لە هەندێك باری دیکەدا وەك کرداری دوو هێزیی دەردەکەون، لەڕووی سازبوون‌و سازنەبوونی دروستەی بکەرنادیارەوە لێیان جیاواز دەبینرێن. کرداری (بوون) لە هیچ بارێکدا دروستەی بکەرنادیاری لێ سازناکرێت، جا وەك کرداری یەك هێزیی دەربکەوێت یان وەك دوو هێزیی، بڕوانە (١٠٣).

(١٠٣) أ- منداڵەکە بوو. ———← * منداڵەکە بورا

ب- ڕۆزە کوڕی بوو. ———← * کوڕ بورا

کرداری (خوێندن)یش، کاتێك وەك کرداری یەك هێزیی(تێنەپەڕ) دەردەکەوێت، ئەوا وەك کردارە بنەڕەتییە یەك هێزییەکان(تێنەپەڕەکان)ی دیکە بکەرنادیاری لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٠٤).

(١٠٤) کەوەکە دەخوێنێ. ———← * کەوەکە دەخوێنرێ

بەڵام کاتێك وەك کرداری تێپەڕی دوو هێزیی دەردەکەوێت، ئەوا وەك کردارە بنەڕەتییە تێپەڕە دوو هێزییەکانی دیکە بکەرنادیاری لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٠٥).

(١٠٥) کاروان وانەکانی دەخوێنێت.———← وانەکان دەخوێنرێن.

جۆری سێیەمی کرداری بنەڕەتی، کە کردارە بنەڕەتییە سێ هێزییەکان(کردارە تێپەڕە ئاڵۆزەکان)ن، وەك کردارە بنەڕەتییە دوو هێزییەکان(کردارە تێپەڕە یەك بەرکارییەکان) دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەم جۆرەی کرداری بنەڕەتی لە جۆری دووەم جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە "ئەم جۆرە کردارانە لە دروستەی بکەرنادیاردا وەك کرداری لێکدراو ڕەفتاردەکەن، چونکە کە دەکرێن بەبکەرنادیار تەواوکەرەکەی خۆیان (فرێزە پێشناوییەکەیان) لەدەستنادەن"[١٢٨]، بڕوانە (١٠٦، ١٠٧).

(١٠٦) باوکم سیامەند دەکات بە شاگرد.———← سیامەند دەکرێت بە شاگرد.

(١٠٧) من ئەو بە ئازا دەزانم.———← ئەو بە ئازا دەزانرێت.

وەك لە کاتی خۆیدا ئاماژەی پێدرا، کردارە بنەڕەتییە سێ هێزییەکان، کە کرداری (کردن، زانین، ...) دەگرێتەوە، لە هەندێك باری دیاریکراودا وەك کرداری دوو هێزییش دەردەکەون. کرداری (کردن) لە کاتی دەرکەوتنی وەك کرداری دوو هێزیی بکەرنادیاری لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٠٨).

---

١٢٨- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی‌و سەباح ڕەشید (٢٠١٣: ٦٠).

(١٠٨) أ- پێنجو دوو حەوت دەكات. ←——— * حەوت دەكرێت

ب- پێنجو دوو دەكاتە حەوت. ←——— * دەكرێتە حەوت

بەڵام كرداری (زانین) لە كاتی دەركەوتنی وەك كرداری دوو هێزیی، گەر بەركارەكەی ناوەكیی بێت یان دەرەكیی بكەرنادیاری هەر لێ سازدەكرێت، بڕوانە (١٠٩).

(١٠٩) أ- من وەڵامی پرسیارەكە دەزانم. ←——— وەڵامی پرسیارەكە دەزانرێت.

ب- من دەزانم، كە وەڵامی پرسیارەكە چییە.←——— دەزانرێت، كە وەڵامی پرسیارەكە چییە.

# بەشی سێیەم

# هێز لە کرداری داڕێژراوو لێکدراودا

## ١/٣) پاری یەکەم: هێز لە کرداری داڕێژراودا

### ١/٣–١) کرداری داڕێژراوو مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی

کرداری داڕێژراو ئەو کردارەیە، کە بەدەر لە ڕەگو مۆرفیمی شکاندنەوە بەلایەنی کەمەوە مۆرفیمێکی داڕشتن بەشداری لە پێکهاتنیدا دەکات. بە واتایەکی تر کرداری داڕێژراو بریتییە لەو کردارەی، کە لە کردارێکی بنەڕەتیو مۆرفیمێکی داڕشتن یان زیاتر پێکدێت.

لەو پێناسەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە کەمترین ژمارەی ئەو مۆرفیمانەی، کە بەشداری لە پێکهاتنی کرداری داڕێژراودا دەکەن چوار مۆرفیمن، کە ئەوانیش بریتین لە: مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتی(ڕەگ، کات، کەس) لەگەڵ مۆرفیمێکی داڕشتن، کە پێشگرێك یان پاشگرێکە. کەواتە ژمارەی مۆرفیمە بەشداربووەکان لە پێکهاتنی کرداری داڕێژراودا لە چوار مۆرفیم کەمتر نین، بەڵام دەشێت زیاتر بن، چونکە هەندێك جار زیاتر لە یەك مۆرفیمی داڕشتن بەشداری لە پێکهاتنی کرداری داڕێژراودا دەکەن، بۆ نموونە لە کردارێکی وەك (پێلێکردنەوە)دا سێ مۆرفیمی داڕشتن دەبینرێت، کە دوو مۆرفیمیان پێشگرو ئەوی تریشان پاشگرە. بەمەش ژمارەی مۆرفیمە بەشداربووەکان لە پێکهاتنی کرداری داڕێژراودا لە چوار مۆرفیم زیاتر بوونەو گەیشتوونەتە شەش مۆرفیم.

پێشگرو پاشگر وەك دوو جۆری مۆرفیمی داڕشتن، دەچنە سەر کرداری بنەڕەتیو کرداری داڕێژراوی لێپێکدەهێنن. لە زمانی کوردیدا پێشگر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕۆنانی کرداری داڕێژراودا هەیە، هاوکات دوو پاشگریش هەمان ڕۆڵ دەبینن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لێرەدا تەنها بە سێ یاسای گشتی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەخاتەڕوو، چونکە دواتر پەیوەست بە هێزی کرداری داڕێژراوەوە لەو پێشگرو پاشگرانە دەدوێت، کە بەشداری ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەکەنو بەسەر چەند جۆرێکیشدا دابەشیاندەکات.

١– پێشگر + کرداری بنەڕەتی، وەك: ڕادەخات، دادەگرێت، هەڵدەکات، پێدەزانێت، تێوەدەگلێت، ... هتد

٢– کرداری بنەڕەتی + پاشگر، وەك: دەکاتەوە، دەباتەوە، دەگرێتەوە، دەخواتەوە، دەخوێنێتەوە، ... هتد

٣- پێشگر + کرداری بنەڕەتی + پاشگر، وەك: هەڵدەداتەوە، هەڵدەگەڕێتەوە، لێدەکاتەوە، لێدەبێتەوە، لێکدەداتەوە، ... هتد

بە سەرنجدان لەو سێ یاسایەی، کە خرانەڕوو، ئەوە دەردەکەوێت، کە بناغەی دروستبوونی کرداری داڕێژراو کرداری بنەڕەتییە. کەواتە کرداری داڕێژراو هەنگاوێکی دوای کرداری بنەڕەتییەو ئەگەر کرداری بنەڕەتی نەبوایە، نەدەتوانرا کرداری داڕێژراو سازبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەند کردارێکی داڕێژراو هەن، کە بەبێ پاشگرە داڕشتنەکەیان واتایان نامێنێتو فۆڕمی کردارە بنەڕەتییەکەیان بە تەنها بەکارناهێنرێت، وەك[١٢٩]:

| کرداری داڕێژراو | کرداری بنەڕەتی |
|---|---|
| دەپاڕێتەوە | * دەپاڕێت |
| دەخولێتەوە | * دەخولێت |
| دەحەسێتەوە | * دەحەسێت |

## ٢-١/٣) تێکەڵبوونی سنووری مۆرفیمەکانو پەیوەندیی بە هێزی کرداری داڕێژراوەوە

مەبەست لە تێکەڵبوونی سنووری مۆرفیمەکان "دەرکەوتنی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییە بە دووچەمكو واتای جیاوازەوە، کە زۆرجار جیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت، هەربۆیە (ئارۆنۆڤ Aronoff) باوەڕی وایە، کە جیاکردنەوەی ئەم چەشنە مۆرفیمانە کارێکی زۆر ناسکەو هەندێك جاریش ئاڵۆزە. ئەم جۆرە تێکەڵاوبوونەش دەشێت، لە ڕێگەی دەورووبەر یان سترێس(Stress)ەوە جیاکردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆ نموونە مۆرفیمی بەندی (نا) وەك مۆرفیمی داڕشتنو مۆرفیمی شکاندنەوەش دەردەکەوێتو لە هەردوو بارەکەشدا یەك چەمك دەگەیەنێت، کە ئەویش چەمکی (ناکردن)ە، بڕوانە (١١٠).

(١١٠) نا
← أ- ناچم، ناڕۆم، ناخۆم،...
← ب- ناخۆش، ناشاد، ناپاك،...

١٢٩- بڕوانە: لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٦: ٢٤١)، محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٣٤).

له نموونەکانی (١١٠–أ–ب)دا مۆرفیمی (نا) بەهەمان فۆڕمو چەمکەوە(چەمکی ناکردن) دوو ئەرکی جیاواز دەبینێت. له (١١٠–أ)دا مۆرفینی (نا) ئەرکێکی سینتاکسی بەجێدەهێنێتو لەگەڵ کرداری ڕانەبوردوودا دەردەکەوێت، که لەم کاتەشدا دوو چەمکی له خۆدا کۆکردۆتەوە: نەرێکردنو نیشانەی کاتی ڕانەبوردوو. له (١١٠–ب)یشدا مۆرفیمی (نا) وەك مۆرفیمێکی داڕشتن دەرکەوتووەو بەشداری له ڕۆنانی وشەی نوێدا کردووە. بەزۆریش له ڕۆنانی ئاوەڵناودا بەشداردەبێت"[١٣٠].

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە مەبەستە تێکەڵبوونی سنووری نێوان ئەو مۆرفیمانەیە، که له لایەکەوە وەك مۆرفیمی داڕشتن بەشداری له ڕۆنانی کرداری داڕێژراودا دەکەنو لەلایەکی تریشەوە ئەرکێکی سینتاکسی بەجێدەهێننو کاریگەرییان لەسەر هێزی کردارەکە دەبێت، بەوەی که یان دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردارەکە یاخود له هێزەکەی کەمدەکەنەوە، بۆ نموونە له کرداری داڕێژراوی (تێگرتن)دا مۆرفیمی (تێ) وەك مۆرفیمێکی داڕشتن له کرداری بنەڕەتی (گرتن)ەوە کردارێکی نوێی به واتاو فۆڕمێکی نوێوە بەرهەمهێناوە، لەهەمانکاتیشدا هێزێکی بۆ کردارەکە زیادکردووەو له کردارێکی دوو هێزییەوە کردوویەتیە کردارێکی سێ هێزیی.

مۆرفیمەکانی داڕشتن بەپێی جێکەوتەیان له ناو وشەدا دەبن به سێ جۆرەوە: جۆری یەکەم ئەوانەن، که به پێشەوەی (ڕەگ/بناغە)[*]وە دەلکێنو پێیاندەوترێت پێشگر. جۆری دووەم ئەوانەن، که به دواوەی (ڕەگ/بناغە)وە دەلکێنو پێیاندەوترێت پاشگر. جۆری سێیەمییش ئەوانەن، که دەچنە ناو (ڕەگ/بناغە)وەو به ناوگر ناودەبرێن.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی تاکو ئێستا ئەنجامدراون دەردەکەوێت، که داڕشتنی وشەی نوێ له زمانی کوردیدا له جەمسەری وشەکانەوە دەبێت، واتە تەنها له ڕێگەی پێشگرو پاشگرەوە وشەی نوێ دادەڕێژرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، که له زمانی کوردیدا ناوگر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك نووسەر/ زمانەوان[١٣١] بوونی ناوگر له زمانی کوردیدا به دوور نازاننو وشەگەلێك دەهێننەوە، که زیابوونەکەیان له جەمسەرەوە نییەو له ناوەندی وشەکانەوەیە، وەك:

---

١٣٠- بڕوانە: شیروان حسێن حمد (٢٠١٤: ٣٧-٣٨).

* جیاوازی نێوان ڕەگو بناغە ئەوەیە، که"هەموو ڕەگێك، کاتێك لاگر وەردەگرێت بناغەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو بناغەیەك ڕەگ بێت"، بۆ نموونە له وشەیەکی وەك (نەخۆشیی)دا (خۆش) ڕەگیشەو بناغەشە بۆ (نەخۆش)، بەڵام (نەخۆش) ڕەگ نییە بۆ (نەخۆشیی)، بەڵکو تەنها بناغەیە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ١٠)، محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٢-١٣).

١٣١- مەسعوود محەمەد (١٩٧٦: ٧٧-٨٥)، ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٤٦).

شەق – شەبەق

بوردن – بواردن

ئاسار – ئاسەوار ...

ئەگەرچی لێرەدا بە ڕەهایی بڕیار لەسەر نەبوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا نادرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوایە لەو چەند نموونەیەدا، ئەگەر مۆرفیمەکانی (بە، ا، ەو،...) بە ناوگریش دابنرێن، ئەوا بەس نین بۆئەوەی، کە ببنە بەڵگەی بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا، چونکە ئەو نموونانە بەبەرهەم نین‌و لە چەند دانەیەك تێناپەڕن.

مۆرفیمەکانی شکاندنەوەش، کە ئەرکی سینتاکسی بەجێدەهێنن، بەهەمان شێوەی مۆرفیمەکانی داڕشتن لە شێوەی پێشگرو پاشگردا دەردەکەون، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە: ئایا لە هەردوو بارەکەدا، واتە وەك پێشگرو وەك پاشگریش مۆرفیمی شکاندنەوە هەن، کە کاریگەرییان لەسەر هێزی کردار هەبێت؟

لەو کارانەی، کە دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا کراون، زیاتر تەنها ئاماژە بەوە دراوە، کە پاشگری (اند)[١٣٢] وەك مۆرفیمی تێپەڕاندن توانای گۆڕینی هێزی کرداری هەیەو کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ، بەڵام لەڕاستیدا چەند پێشگرێکیش هەن، بەهەمان شێوەی پاشگری (اند) کاریگەرییان لەسەر هێزی کردار دەبێت‌و دەبنە هۆی زیادبوونی هێزەکەی. تەنانەت لە چەند کردارێکی دیاریکراودا پێشگر دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کردارەکان نەك زیادبوونی. هەریەك لەو پێشگرو پاشگرانەش جگە لەو ئەرکە سینتاکسییەی، کە بەجێیدەهێنن، بەوەی کە دەبنە هۆی گۆڕینی هێزی کردار، لەهەمانکاتدا وەك مۆرفێمی داڕشتنیش ڕۆڵ دەبینن.

## ٣-١/٣) پێشگرو پاشگرو ڕۆڵیان لە گۆڕینی هێزی کرداری داڕێژراودا

### ١-٣-١/٣) پێشگر

بەپێی ئەو ڕۆڵەی، کە دەیبینن لە گۆڕینی هێزی کرداری داڕێژراودا، پێشگرەکان لێرەدا بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکرێن، بەم شێوەیە:

---

١٣٢- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم پاشگرە، بڕوانە لاپەڕە (٩١-٩٣).

١- ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار.

٢- ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کردار.

٣- ئەو پێشگرانەی، کە هێزی کردار ناگۆڕن.

### ١/٣-٣-١-١) ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار

لە زمانی کوردیدا چەند پێشگرێك هەن، کاتێك دەچنە سەر کرداری بنەڕەتیو کرداری داڕێژراوی لێپێکدەهێنن، لەهەمانکاتدا کاریگەرییان لەسەر هێزی کردارەکە دەبێتو هێزێکی بۆ زیاددەکەن، واتە گەر کردارەکە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا کردارێکی یەك هێزیی بێت، ئەوا لە فۆڕمی داڕێژراویدا دەبێت بەکردارێکی دوو هێزییو گەر دوو هێزییش بێت، دەبێت بە سێ هێزییو ... پێشگرەکانیش بریتین لە: (پێ، تێ، لێ).

لە بارەی ناونانی مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ)وە زمانەوانان کۆکنینو بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەیانە بە پێشگرو هەشیانە بە پێشناو ناویان دەبات. ئەم لێکۆڵینەوەیە زاراوەی (پێشگری پێشناویی) * بە گونجاو دەزانێت، کە بۆیان بەکاربهێنرێت، چونکە لەهەمانکاتدا وەك پێشگرو وەك پێشناویش ڕۆڵ دەبینن. لەلایەکەوە وەك پێشگری داڕشتن بەشداری لە ڕۆنانی کرداری داڕێژراودا دەکەنو کردارێکی نوێ بە فۆڕمو واتایەکی نوێوە بەرهەمدەهێنن. لەلایەکی تریشەوە بریتین لە (پێشناوی فەرهەنگیی یان مۆرفۆسینتاکسیی). مەبەست لە پێشناوی فەرهەنگیی یان مۆرفۆسینتاکسیی "ئەو پێشناوانەن، کە خۆیان سەربەخۆ لەناو فەرهەنگدا تۆمارنەکراونو نەنووسراونەتەوە، بەڵکو وەك بەشێکی بنجی کردار بە فۆڕمێکی فەرهەنگییەوە تۆمارکراون، هەربۆیە بە پێشناوی (درۆینە یان ناڕەسەن)یش ناودەبرێن. ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە کاتێك دێنە ناو سینتاکسەوە فۆڕمی پێشناوی ڕەسەن(بە، لە، ە) وەردەگرن، تاکو وەك سەرێکی ڕێزمانی حوکمی فرێزە ناوییە تەواوکەرەکانیان بکەنو دۆخی ڕێزمانییان پێببەخشن، چونکە پێشناوە فەرهەنگییەکان هەرچەندە خاوەنی دۆخی ڕێزمانین، بەڵام بە فۆڕمی پێشگرییەوە توانای بەخشینی دۆخەکەیان نییە، بۆیە لە سینتاکسدا لەبری ئەو پێشناوە فەرهەنگییانە پێشناوە ڕەسەنەکان(سینتاکسییەکان) دادەنرێن[١٣٣]. ئەم

---

* زاراوەی (پێشگری پێشناویی) لە: محەمەد مەحویو نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ١٠٤)ەوە وەرگیراوە.

١٣٣- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پرۆسەی گۆڕینی پێشناوە فەرهەنگییەکان بۆ پێشناوی سینتاکسیو چۆنیەتی بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی لەلایەن پێشناوە سینتاکسییەکانەوە، بڕوانە: بەشی یەکەم، لاپەڕە (١٢-١٦)و ئەو سەرچاوانەی، کە لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە.

دیاردەی لەبرییدانانە خورتییە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆئەوەی، کە دەبێت پێشناوە فەرهەنگییەکان لە بنەڕەتدا دۆخی ڕێزمانییان هەبێت، بەڵام توانای بەخشینیان نەبێت"[١٣٤].

بەم شێوەیە ئەوە ڕوونبووەوە، کە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) لەهەمانکاتدا وەك پێشگری داڕشتن‌و وەك پێشناویش ڕۆڵ دەبینن، هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەمەوبەدوا زاراوەی (پێشگری پێشناویی)یان بۆ بەکاردەهێنرێت.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە زیادکردنی هەریەك لە پێشگرە پێشناوییەکان بۆ کردارێك، هێزێك لە بەبڕشتی کردارەکە زیاددەکات، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(١١١) أ– کاروان ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت. (فرۆشتن)

ب– کاروان ئۆتۆمبێلەکەی بە من فرۆشت. (پێفرۆشتن)

(١١٢) أ– کاروان چۆلەکەکەی گرت. (گرتن)

ب– کاروان بەردێکی لە چۆلەکەکە گرت. (تێگرتن)

(١١٣) أ– کاروان کتێبێکی سەند. (سەندن)*

ب– کاروان کتێبێکی لە من سەند. (لێسەندن)

لە (١١١–أ)دا کرداری (فرۆشتن) وەك کردارێکی دوو هێزیی دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام لە (١١١–ب)دا کرداری (پێفرۆشتن) بەدەر لە دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فرێزێکی پێشناویی خورتیشی وەرگرتووە، چونکە (پێفرۆشتن) کردارێکی سێ هێزییەو بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە سێ ئارگۆمێنتی خورتی هەیە. لە (١١٢–ب)و (١١٣–ب)یشدا بە زیادکردنی پێشگری پێشناویی (تێ)و (لێ) بۆ کرداری (گرتن)و (سەندن) هێزێك لە بەبڕشتی کردارەکان زیادی کردووەو لە کرداری دوو هێزییەوە بوونە بە کرداری سێ هێزیی، هەربۆیە بەهەمان شێوەی کرداری (پێفرۆشتن) سێ ئارگۆمێنتی خورتییان وەرگرتووە.

---

١٣٤- بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٥٦-٥٨)، محەمەد مەحوی‌و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ١٠٤-١١٣).

* (سەندن) بە واتای (کڕین) دێت.

ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە، ئەو ئارگۆمێنتە خورتییەی، کە بە زیادبوونی هێزەکەی کردارەکە وەریدەگرێت، هەمیشە فرێزێکی پێشناویی دەبێت. ئەمەش پەیوەندیی بە بەخشینی دۆخی ڕێزمانییەوە هەیە، وەك پێشتر ڕوونکرایەوە.

پێشگرە پێشناوییەکان دەکرێت لە یەك کاتدا دوو دانەیان پێکەوە بچنە سەر کردارێك، بەمەش دوو هێز بۆ کردارەکە زیاددەکەن، بڕوانە (١١٤).

(١١٤) أ- هەستی دەرگاکەی کردەوە. (کردنەوە)

ب- هەستی دەرگاکەی لە ڕاستی کردەوە. (لێکردنەوە)

پ- هەستی دەرگاکەی لە ڕاستی بە هانا کردەوە. (پێلێکردنەوە)

کرداری (کردنەوە) کردارێکی دوو هێزییە، واتە تەنها دوو فرێزی ناویی پێویستە بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، وەك لە (١١٤-أ)دا پیشاندراوە. لە (١١٤-ب)دا بە زیادکردنی پێشگری پێشناویی (لێ) بۆ کرداری (کردنەوە) هێزێك لە بەبڕشتی کردارەکە زیادی کردووەو بووە بە کردارێکی سێ هێزیی، هەربۆیە بەدەر لە دوو فرێزە ناوییەکەی جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فرێزێکی پێشناویی خورتیشی وەرگرتووە. لە (١١٤-پ)یشدا پێشگری پێشناویی (پێ) چووەتە سەر کرداری (لێکردنەوە)و هێزێکی تری بۆ کردارەکە زیادکردووەو کردوویەتیە کردارێکی چوار هێزیی، هەر بەو هۆیەشەوەیە، کە لە یەك کاتدا دوو فرێزی ناویی‌و دوو فرێزی پێشناویی خورتیی وەرگرتووە.

لە باسی کرداری تێنەپەڕدا ئاماژە بەوە درا، کە کردارە تێنەپەڕەکان کرداری یەك هێزیین‌و تەنها فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەردەگرن. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکرێت: ئایا پێشگرە پێشناوییەکان بەهەمان شێوەی کردارە تێپەڕەکان هێزی کردارە تێنەپەڕەکانیش زیاددەکەن؟ ئایا لە کرداری تێنەپەڕەوە دەیانکەن بە کرداری تێپەڕ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ پێشگرە پێشناوییەکان بەهەمان شێوەی کردارە تێپەڕەکان هێزی کردارە تێنەپەڕەکانیش زیاددەکەن‌و لە کرداری یەك هێزییەوە دەیانکەن بە کرداری دوو هێزیی. سەبارەت بەوەش، کە ئایا لە کرداری تێنەپەڕەوە دەیانکەن بە کرداری تێپەڕ؟ ئەگەرچی بەشێکی زۆری زمانەوانان‌و نووسەرانی کورد تەنها پاشگری (اند)یان وەك مۆرفیمی تێپەڕاندن دیاریکردووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کە پێیوایە "پێشگرە پێشناوییەکان کردار لە تێنەپەڕەوە دەکەن بە تێپەڕ"[١٣٥]. ئەم کردارە تێپەڕانە(ئەوانەی،

---

١٣٥- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (١٩٩١: ١٣)، محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢٣٧)، شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ٧٤).

که به هۆی پێشگری پێشناویی (پیٚ، تیٚ، لیٚ)وه دەبن بە تێپەڕ)، جیاوازییان لەگەڵ کردارە تێپەڕە دوو هێزییەکانی دیکەدا ئەوەیە، کە ئەمانە وەك کردارە تێپەڕە دوو هێزییەکانی دیکە، دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرن، بەڵکو فرێزە ناوییە بەرکارییەکە لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەردەکەوێت، واتە یەکێك لەو دوو فرێزەی، کە وەری دەگرن فرێزی ناویی دەبێتو ئەوی تریشیان فرێزی پێشناویی، بڕوانە (١١٥).

(١١٥) أ- دەرمانەکە بە نەخۆشەکە کەوت. (پێکەوتن)*

ب- ئاری لە وانەکە گەیشت. (تێگەیشتن)

پ- کراسەکە لە ئاری هات. (لێهاتن)

ئاماژە بەوە درا، کە بە زیادکردنی هەر پێشگرێکی پێشناویی بۆ کردارێك هێزێك لە بەبڕشتی کردارەکە زیاددەکاتو فرێزێکی پێشناوییش دەبێتە یەکێك لە ئارگۆمێنتە خورتییەکانی کردارەکە، بەڵام ڕەنگە بپرسرێت: لە ڕستەیەکی وەك (١١٥-ب)دا دەتوانرێت فرێزە پێشناوییەکە لاببرێت، بەبێ ئەوەی پاشماوەی ڕستەکە ناڕێزمانی بێت. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە لابردنی هەر ئارگۆمێنتێکی خورتی لە ڕستەدا ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە.

(١١٧) ئاری گەیشت. (گەیشتن)

ڕستەی (١١٧) پاشماوەی ڕستەی (١١٥-ب)ە پاش لابردنی فرێزی پێشناویی (لە وانەکە)، وەك دەریشدەکەوێت (١١٧) لەڕووی سینتاکسیو سیمانتیکییەوە ڕستەیەکی تەواوە. هۆی ڕێگەپێدانی ڕستەی (١١٧) بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە (١١٧)دا کرداری ڕستەکە کرداری بنەڕەتی (گەیشتن)ە نەك کرداری داڕێژراوی (تێگەیشتن). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەو ڕستانەی، کە فرێزی پێشناویی خورتییان تێدایەو دەتوانرێت فرێزە پێشناوییەکە لاببرێت، بەبێ ئەوەی ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێبکەوێتەوە، ئەوا بە لابردنی فرێزە پێشناوییەکە، کردارەکە پێشگرە پێشناوییەکەی لەدەستدەداتو دەگەڕێتەوە بۆ فۆڕمی پێش وەرگرتنی پێشگرە پێشناوییەکە، بەجۆرێك ئەگەر جگە لە پێشگرە پێشناوییەکە هیچ جۆرە پێشگرو

---

* (پێکەوتن) جگە لەو واتایەی، کە لە ڕستەی (١١٥-أ)دا هەیەتی، بە واتای (بەرکەوتن)یش دێت، بڕوانە ڕستەکانی (١١٦)، کە هاوواتان.

(١١٦) أ- بەردەکە بە ئاری کەوت. (پێکەوتن)

ب- بەردەکە بەر ئاری کەوت. (بەرکەوتن)

پاشگرێکی دیکە بەشدارییان لە ڕۆنانی کردارە داڕێژراوەکەدا نەکردبێت، ئەوا بەلابردنی فرێزە پێشناوییەکە فۆڕمی کردارەکە لە داڕێژراوییەوە دەبێتەوە بە بنەڕەتی، وەك لە (١١٧)دا بینرا.

پێشناوی (بۆ) ئەگەرچی پێشناوێکی سینتاکسییەو وەك سەرێکی حوکمکەر دۆخی ڕێزمانیی بە فرێزە ناوییە تەواوکەرەکانی دەبەخشێت، بەڵام دەکرێت وەك پێشگرە پێشناوییەکان ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی کردارێکی داڕێژراوو هێزێکیش بۆ کردارەکە زیادبکات، بڕوانە (١١٨).

(١١٨) من نامەکەم بۆ چیا نووسی.

ڕستەی (١١٨) دەتوانرێت دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەم شێوەیە[١٣٦] :

١- (چیا) لە شارێکی تر یان شوێنێکی ترەو (من) نامەیەکی بۆ دەنووسم. لەم حاڵەتەدا کرداری ڕستەکە (نووسین) دەبێت، نەك (بۆنووسین).

٢- (چیا) نابینایە یان نەخوێندەوارەو خۆی ناتوانێت نامە بنووسێتو (من) بۆی دەنووسم. لەم حاڵەتەدا کرداری ڕستەکە (بۆنووسین) دەبێت، نەك (نووسین).

دەکرێت پێشناوی (بۆ) لەگەڵ یەکێك لە پێشگرە پێشناوییەکاندا پێکەوە ببنە بەشێك لە پێکهاتەی کردارێکی داڕێژراو، بەمەش دوو هێز بۆ کردارەکە زیاددەکەن، بڕوانە (١١٩).

(١١٩) من نامەکەم لە چیا بۆ هەردی وەرگرت. (بۆلێوەرگرتن)

هەندێك جار پێشگرە پێشناوییەکان لەگەڵ پاشگری (دا، ەوە)دا فۆڕمی (پێدا، پێوە، تێدا، تێوە،....) وەردەگرنو لە سینتاکسیشدا لە فۆڕمی (بە...دا، بە...ەوە، لە...دا، لە...ەوە)دا دەردەکەون، بڕوانە (١٢٠، ١٢١).

(١٢٠) أ- هانا ئاوەکەی ڕشت. (ڕشتن)

ب- هانا ئاوەکەی بە منداڵەکە ڕشت. (پێڕشتن)

پ- هانا ئاوەکەی بە منداڵەکەدا ڕشت. (پێداڕشتن)

(١٢١) أ- سوارەکە گلا. (گلان)

ب- بەرپرسێکی باڵا لە گەندەڵییەوە گلاوە. (تێوەگلان)

---

١٣٦- بێستوون حەسەن ئەحمەد، وانەی تایبەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥/١/٨.

پێشگرە پێشناوییەکان کاتێك بەشداری "لە دروستەی ژمارەیەك فۆڕمی کرداری وەك (لێخواردن، لێبردن،...)دا دەکەن، دەشێت لەو دروستەیەدا جێکەوتەی بەرکار پڕنەکرێتەوە، چونکە لەو جۆرە دروستەیەدا فرێزە پێشناوییەکە لە پێشناوێكو بەرکارە بنجییەکە پێکهاتووە، کە دۆخی هەندەکی (بەشێك لە شتێك) دەگەیەنێت، بڕوانە (١٢٢).

(١٢٢) أ– مشکەکە لە گەنمەکەی خوارد.

ب– مشکەکە تۆزێکی لە گەنمەکە خوارد."[١٣٧]

لە (١٢٢–أ)دا بەرکارەکە، کە (تۆزێك،...) دەگەیەنێت، دەرنەبڕدراوە، بەڵام لە (١٢٢–ب)دا دەربڕدراوە *.

تا ئێرە لە پێشگرە پێشناوییەکان دواین وەك ئەو جۆرەی پێشگر، کە دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە پێشگرە پێشناوییەکان لەگەڵ چەند کردارێکی دیاریکراودا ئەو ڕۆڵە نابینن، واتە نابنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار، بەڵکو تەنها فۆڕمی بەرکاری ڕستەکە لە فرێزی ناوییەوە بۆ فرێزی پێشناویی دەگۆڕن. کردارە داڕێژراوەکانی وەك (پێزانین، لێکۆڵینەوە،...) لەو جۆرەی کرداری داڕێژراون، کە پێشگرە پێشناوییەکان تەنها کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی فۆڕمی بەرکارەکانیان دەبێتو نابنە هۆی زیادبوونی هێزەکەیان، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(١٢٤) أ– من وەڵامی پرسیارەکەم زانی. (زانین)

ب– من بە هاتنی تۆم زانی. (پێزانین)**

(١٢٥) من لە بابەتەکەم کۆڵییەوە. (لێکۆڵینەوە)

---

١٣٧- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٧٠).

* لە کردارەکانی وەك (لێدان، پێداکێشان،...)یشدا هەرچەندە بەرکار لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بوونی هەیە، بەڵام دەشێت لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، بڕوانە (١٢٣). (١٢٣) أ- باوکەکە لە منداڵەکەی دا. (لێدان)

ب- باوکەکە بە منداڵەکەیدا کێشا. (پێداکێشان)

بەرکاری ڕستەکانی (١٢٣)، کە (زللەیەك، یان شەقێك یان،...)ە دەرنەبڕدراوە، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە گوێگر بە بەرکاری ئەم کردارانە ئاشنایەو پێویست بە ناوهێنان ناکات.

** (پێزانین) جگە لەو واتایەی، کە لە ڕستەی (١٢٤-ب)دا هەیەتی، واتایەکی میتافۆڕیشی هەیە، کە بەرانبەر (تقدیر)ی زمانی عەرەبی دەوەستێت، وەك: سوپاسی دڵسۆزیت دەکەم، پێیدەزانم.

له (١٢٤–أ)دا کرداری (زانین) وەك کردارێکی بنەڕەتی دوو هێزیی دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام له (١٢٤–ب)دا فرێزە ناوییە بەرکارییەکە له فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەرکەوتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کرداری (پێزانین) بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە فرێزێکی ناویی‌و فرێزێکی پێشناوییە، نەك دوو فرێزی ناویی. کەواتە له کرداری (پێزانین)دا پێشگری پێشناویی (پێ) نەبووەتە هۆی زیادبوونی هێزی کردارەکە، بەڵکو تەنها ڕۆڵی هەبووە له گۆڕینی فۆڕمی بەرکاری ڕستەکە له فرێزی ناوییەوە بۆ فرێزی پێشناویی. له (١٢٥)یشدا کرداری (لێکۆڵینەوە) بەهەمان شێوەی کرداری (پێزانین) فرێزێکی ناویی‌و فرێزێکی پێشناویی وەرگرتووە.

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، کە مەرج نییە هەمیشە بەرکاری ڕاستەوخۆ له فۆڕمی فرێزێکی ناوییدا بێت، چونکە ئەگەر گومان له تێپەڕیی کردارەکانی وەك (پێکەوتن، تێگەیشتن، لێهاتن،...)دا هەبێت، ئەوا هیچ گومانێك له تێپەڕیی کردارەکانی وەك (پێزانین، لێکۆڵینەوە،...)دا نییەو وەك له (١٢٤–ب)و (١٢٥)یشدا پیشاندرا بەرکاری ئەم کردارانە فرێزی پێشناویی دەبێت نەك فرێزی ناویی.

ژمارەیەك لەو کردارە داڕێژراوانەی، کە پێشگرە پێشناوییەکان یان پێشگرە پێشناوییەکان‌و پێشناوی (بۆ) پێکەوە بەشداری له پێکهاتنیاندا دەکەن، وەك کردارەکانی (تێخستن، تێکردن، لێخستن، لێدان، بۆلێدان، ...) کاتێك دروستەی مۆرفۆسینتاکسیان لێدروستدەکرێت، تابۆ* (Taboo) دەهێننەئاراوە[١٣٨]، بڕوانە (١٢٦، ١٢٧).

(١٢٦) أ– دانا کتێبەکەی خستە چەکمەجەکەوە. (تێخستن) ———◄ دروستەی سینتاکسی

ب– تێی خست.———◄ دروستەی مۆرفۆسینتاکسی

(١٢٧) أ– دانا گۆرانییەکی بۆ تۆ لێدا. (بۆلێدان) ———◄ دروستەی سینتاکسی

ب– بۆی لێدایت. ———◄ دروستەی مۆرفۆسینتاکسی

---

* تابۆ: بریتییە له سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەڕووی کۆمەڵایەتی‌و کلتورییەوە دەربڕینیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە. ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی وابەستبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکانەوە، یان نەخۆشی‌و شتە شومەکان، لەلایەکی تریشەوە وابەستی دەربڕینەکانە بە بابەت‌و شوێنە پیرۆزەکانەوە. (شاخەوان جەلال فەرەج :٢٠١١:٥٩).

١٣٨- بێستوون حەسەن ئەحمەد، وانەی تایبەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥/١/٨.

لە کۆتایی باسی ئەم جۆرەی پێشگردا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەمووکات دەستنیشانکردنی فۆڕمی کردارێك (بە تایبەت ئەو کردارانەی، کە پێشگرە پێشناوییەکان بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکەن) لە ڕستەدا کارێکی ئاسان نییە، لەم نموونەیەی خوارەوەدا مەبەستەکەمان زیاتر ڕووندەکەینەوە.

(١٢٨) أ- منداڵەکە گەڕا. (گەڕان)

ب- منداڵەکە بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا. (هەڵگەڕان/ پێداهەڵگەڕان)

پ- پێیداهەڵگەڕا.

لە (١٢٨-أ)دا کرداری (گەڕان) تەنها فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەرگرتووە، چونکە کردارێکی یەك هێزییەو بۆ تەواوبوونی واتاکەی تەنها پێویستی بەو فرێزە ناوییەیە، بەڵام لە (١٢٨-ب)دا کرداری (هەڵگەڕان/ پێداهەڵگەڕان) وەك کردارێکی دوو هێزیی دەرکەوتووە، چونکە بەدەر لە فرێزە ناوییەکەی جێکەوتەی بکەر، فرێزێکی پێشناویی خورتیشی وەرگرتووە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بزانرێت ئەوەیە: ئایا ئەو هێزەی، کە بۆ کرداری ڕستەی (١٢٨-ب) زیادبووە، بەهۆی پێشگری (هەڵ)ەوەیە یان بەهۆی پێشگری پێشناویی (پێ)وەیە؟ بە واتایەکی دیکە: ئایا کرداری ڕستەی (١٢٨-ب) (هەڵگەڕان)ە یان (پێداهەڵگەڕان)؟ لێکۆڵەر پێیوایە زیادبوونی هێزی کرداری ڕستەی (١٢٨-ب) بەهۆی پێشگری پێشناویی (پێ)وەیەو کرداری ڕستەکەش (پێداهەڵگەڕان)ە نەك (هەڵگەڕان)، بە بەڵگەی ئەوەی، کە کاتێك ڕستەکە دەگۆڕدرێت بۆ مۆرفۆسینتاکس، پێشناوی (بە) دەگەڕێتەوەسەر فۆڕمە فەرهەنگییەکەی، کە (پێ)یە، بڕوانە (١٢٨-پ).

### ١/٣-٣-١-٢) ئەو پێشگرانەی، کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کردار

لە هەندێك سەرچاوەدا[١٣٩] هاتووە، کە پێشگر کاریگەریی لەسەر هێزی کردار نابێتو ناتونێت لە هێزی کردار زیادبکات، یان ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزەکەی، بەڵام لەڕاستیدا پێشگر هەن، نەك تەنها دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی کردار(وەك لە جۆری یەکەمی پێشگرەکاندا بە نموونەی پێویست سەلمێنرا)، بەڵکو لە هەندێك باری دیاریکراودا لە هێزی کرداریش کەمدەکەنەوە، وەك لە کردارەکانی (ڕاکردن، هەڵکردن، داکردن،...)دا دەبینرێت[*]، بڕوانە نموونەکانی (١٢٩، ١٣٠، ١٣١).

---

١٣٩- لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٦: ١١٩)، ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٧).

* (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)یش لە باسێکی بلاّونەکراوەدا، بە ناونیشانی (گۆڕانی توانای کار) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە چەند پێشگرێك هەن، کردار لە تێپەڕەوە دەکەن بە تێنەپەڕ، کردارەکانی (ڕاکردن، هەڵکردن، داکردن)یشی بە نموونە هێناوەتەوە، بڕوانە: فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (١٩٩١: ١٣).

(١٢٩) منداڵەكە ڕایكرد.

(١٣٠) ڕەشەبا هەڵیكرد.

(١٣١) باران دایكرد.

لە بەشی دووەم لە باسی (جۆرەكانی كرداری بنەڕەتی لەڕووی هێزەوە) ئەوە خرایەڕوو، كە كرداری (كردن) لە هەندێك باردا وەك كرداری دوو هێزیی‌و لە هەندێك باری دیكەدا وەك كرداری سێ هێزیی دەردەكەوێت، بەڵام لە هەریەك لە نموونەكانی (١٢٩، ١٣٠، ١٣١)دا كردارەكانی (ڕاكردن، هەڵكردن، داكردن) وەك كرداری یەك هێزیی دەركەوتوون‌و تەنها یەك ئارگۆمێنتی خورتییان بۆ جێكەوتەی بكەر وەرگرتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە پێشگرەكانی (ڕا، هەڵ، دا) كاریگەرییان لەسەر هێزی كرداری (كردن) هەبووەو لە هێزەكەییان كەمكردۆتەوە.

سەبارەت بە كرداری (ڕاكردن) بۆچوونێك هەیە، كە دەڵێت "(ڕا)ی كرداری (ڕاكردن) پێشگر نییەو كورتكراوەی وشەی (هەڕا)یە بە واتای (غار)"[١٤٠] . ئەم لێكۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، چونكە قسە لەسەر ئەوە دەكرێت، كە"زۆربەی پێشگرو پاشگرەكانی دارشتن لەسەرەتادا وشەی سەربەخۆی واتاداربوون‌و دواتر بە تێپەڕبوونی كات بوونەتە پێشگرو پاشگر. لەلایەكی تریشەوە سروشتی پێشگرو پاشگر بەو جۆرەیە، كە دەبێت لە ژینگەی ڕێزمانیی جیاوازدا دووبارەببنەوە، پێشگری (ڕا)ش لە زۆر ژینگەی جیاوازی وەك: ڕاهێنان، ڕاخستن، ڕاگرتن،... دووبارەدەبێتەوە"[١٤١] .

كرداری (هەڵكردن، داكردن)یش ئەگەرچی لە (١٣٠، ١٣١)دا وەك كرداری یەك هێزیی(تێنەپەڕ) دەركەوتوون‌و تەنها فرێزێكی ناوییان بۆ جێكەوتەی بكەر وەرگرتووە، بەڵام دەكرێت وەك كرداری دوو هێزیی(تێپەڕ)یش دەربكەون، بڕوانە (١٣٢).

(١٣٢) أ- ئاری چراكەی هەڵكرد.

ب- ئاری بەرخەكانی داكرد.

لە (١٣٢-أ)دا كرداری (هەڵكردن) دوو فرێزی ناویی بۆ جێكەوتەی بكەرو بەركاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، چونكە كردارێكی دوو هێزییە. كرداری (داكردن)یش كاتێك بە واتای (لەژوورنان/كردنەژوورەوە) دێت، ئەوا

١٤٠- لیژنەی زمان‌و زانستەكانی كۆڕی زانیاریی كورد (١٩٧٥: ٢٦٦).

١٤١- عومەر مەحموود كەریم (٢٠٠٤: ٥٠).

وەك كردارێكی دوو هێزیی دەردەكەوێتو بەهەمان شێوەی كرداری (هەڵكردن) لە (١٣٢-أ)دا ئەمیش دوو فرێزی ناویی بۆ جێكەوتەی بكەرو بەركاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، بڕوانە (١٣٢-ب). كەواتە كرداری (هەڵكردن)و (داكردن) بەگوێرەی بەكارهێنانیان لە ڕستەدا، دەكرێت وەك كرداری یەك هێزیو دوو هێزییش دەربكەون.

### ٣/١-٣-١-٣) ئەو پێشگرانەی، كە هێزی كردار ناگۆڕن

مەبەست لەم جۆرەی پێشگر ئەو پێشگرانەن، كە كاتێك بەشداری لە ڕۆنانی كردارێكی داڕێژراودا دەكەن، بەهیچ جۆرێك كاریگەرییان لەسەر هێزی كردارەكە نابێتو نە دەبنە هۆی زیادبوونی هێزی كردارەكەو نە لە هێزەكەشی كەمدەكەنەوە، واتە گەر كردارەكە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا یەك هێزیی یان دوو هێزیی بێت، ئەوا لە فۆڕمی داڕێژراویشدا هەر بەو شێوە دەبێت. لە دیارترین ئەو پێشگرانەش بریتین لە:

أ- پێشگری (هەڵ) لە كردارەكانی وەك: هەڵهاتن، هەڵدان، ...

ب- پێشگری (ڕا) لە كردارەكانی وەك: ڕاخستن، ڕاگرتن، ...

پ- پێشگری (دا) لە كردارەكانی وەك: داگرتن، داڕمان، ...

ت- پێشگری (ڕۆ) لە كردارەكانی وەك: ڕۆچوون، ڕۆكردن، ...

ج- پێشگری (وەر) لە كردارەكانی وەك: وەرگرتن، وەرگەڕان، ...

چ- پێشگری (پێك) لە كردارەكانی وەك: پێكهاتن، پێكهێنان، ...

ح- پێشگری (تێك) لە كردارەكانی وەك: تێكدان، تێكشكان، ...

خ- پێشگری (لێك) لە كردارەكانی وەك: لێكدان، لێكچوون، ...

سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(١٣٣) أ- هانا هات.

ب- هانا هەڵهات.*

* كرداری (هەڵهات) بە سێ واتای جیاواز بەكاردێت: ١- بە واتای (ڕاكردن)، وەك ڕستەی (١٣٣-ب).

٢- بە واتای (دەركەوتن/بەرزبوونەوە)، وەك: خۆر هەڵهات.

٣- بە واتای (ترشان)، وەك: هەویرەكە هەڵهات. بڕوانە: تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤: ٨١).

(١٣٤) أ- هانا منداڵەکەی خست.

ب- هانا فەرشەکەی ڕاخست.

(١٣٥) أ- هانا نامەکەی هێنا.

ب- هانا تیپێکی شانۆی پێکهێنا.

کرداری (هات) کردارێکی یەك هێزییەو تەنها فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەردەگرێت، وەك لە (١٣٣-أ)دا پیشاندراوە. کرداری (هەڵهات)یش بەهەمان شێوە تەنها فرێزێکی ناویی پێویستە بۆ جێکەوتەی بکەر، بڕوانە (١٣٣-ب). کرداری (خست)و (ڕاخست) دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرن، چونکە کرداری دوو هێزیین، بڕوانە (١٣٤-أ-ب). کرداری (هێنا)و (پێکهێنا)یش لە (١٣٥-أ-ب)دا هەمان ڕوونکردنەوەی (١٣٤-أ-ب) هەڵدەگرن. کەواتە پێشگری (هەڵ، ڕا، پێك) هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر هێزی کردارەکانی (هات، خست، هێنا) نەبووەو هێزی ئەو کردارانەیان وەك خۆی هێشتۆتەوە.

## ٢-٣-١/٢) پاشگر

لە ڕۆنانی ناوی داڕێژراوو ئاوەڵناوی داڕێژراودا پاشگر ڕۆڵێکی چالاکی هەیەو ژمارەیەکی زۆر وشەو زاراوەی نوێ بەرهەمدەهێنێت، بەڵام لە ڕۆنانی کرداری داڕێژراودا پاشگر ئەو ڕۆڵە نابینێت، چونکە تەنها دوو پاشگر هەن، کە لە پێکهاتنی کرداری داڕێژراودا بەشداردەبن. لەو دوو پاشگرەش یەکێکیان کاریگەریی لەسەر هێزی کردار دەبێتو هێزێکی بۆ زیاددەکات، هەرچی ئەوی تریانە ئەگەرچی چەند ئەرکێکی جیاواز دەبینێت، بەڵام کاریگەریی لەسەر هێزی کردار نابێت. ئەو دوو پاشگرەش بریتین لە:

١- پاشگری (اند).

٢- پاشگری (ەوە).

### ٣/١-٣-٢-١) پاشگری (اند)

هەرچەندە زمانەوانانو نووسەران لەسەر فۆڕمی ئەم پاشگرە بۆچوونی جیاوازیان هەیە* ، بەڵام کۆکن لەسەر ئەرکە سینتاکسییەکەیو هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە ئەم پاشگرە هێزێك بۆ کردار زیاددەکاتو کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ.

زیادکردنی هێزی کردار لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە، واتە کردەی تێپەڕاندن بەو شێوەیە دەبێت، کە پاشگری (اند) دەچێتە سەر ڕەگی ڕانەبوردووی کردارە تێنەپەڕەکانو دەیانکات بە کرداری تێپەڕ. بەمەش کردارە تێنەپەڕەکان لە کرداری یەك هێزییەوە دەبن بە کرداری تێپەڕی دوو هێزیی** ، بڕوانە (١٣٦، ١٣٧).

---

* زمانەوانانو نووسەران چەند فۆڕمێکی جیاوازیان بۆ ئەم پاشگرە دەستنیشانکردووە:

١- (دن). نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠: ١٤٥).

٢- (اندن). نەسرین فەخری (١٩٧٥: ٢٠٢).

٣- (ان). زەرێ یوسوپۆڤا (١٩٨٧: ٨٠).

٤- (ن). عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ١٣٦-١٣٧).

٥- (اند) بۆ ڕابوردوو (ێن) بۆ ڕانەبوردوو. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٨٥).

ئەم لێکۆڵینەوەیەش پێیوایە، ئەو پاشگرەی، کە کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕو دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزێك بۆ کردار بۆ تافی ڕانەبوردوو (ێن)ەو بۆ تافی ڕابوردووش (اند)ە، بەڵام (د)ی پاشگری (اند) وەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردووش ڕۆڵ دەبینێت. هەروەها بۆ کرداری ناویی(چاوگ)یش پاشگرەکە دەبێتە (اندن).

** هەڵبەت هەموو کردارە تێنەپەڕەکان لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە ناکرێن بە تێپەڕ. لەڕووی بوونیان بە کرداری تێپەڕەوە، کردارە تێنەپەڕەکان دەبن بە چوار بەشەوە:

١- بەشێکیان، کە زۆربەیان دەگرێتەوە، لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە دەکرێن بە تێپەڕ، وەك: گریان - گریاندن، سووتان - سووتاندن، خەوتن - خەواندن، ....

٢- بەشێکیان کرداری تێپەڕی ڕەسەنی بەرانبەریان هەیەو لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە ناکرێن بە تێپەڕ، وەك: هاتن - هێنان، بوون - کردن، ڕۆیشتن - ناردن، ....

٣- بەشێکیان کرداری تێپەڕی ڕەسەنی بەرانبەریان هەیەو لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوەش دەکرێن بە تێپەڕ، وەك:

| تێنەپەڕ | تێپەڕی دروستکراو | تێپەڕی ڕەسەن |
|---|---|---|
| کەوتن | کەواندن | خستن |
| ڕژان | ڕژاندن | ڕشتن |
| دڕان | دڕاندن | دڕین |

٤- بەشێکیان کرداری تێپەڕی ڕەسەنی بەرانبەریان نییەو لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوەش ناکرێن بە تێپەڕ، وەك: گەنین، زان، پشکووتن، ....

بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠١١: ٥٣-٥٤).

سەبارەت بە کردارەکانی وەك (گەنین، پشکووتن،...) ناتوانرێت بە ڕەهایی بوترێت، کە ناکرێن بە تێپەڕ، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەندێك باردا (گەناندن، پشکوواندن،...)یش بەکاردەهێنرێن.

(١٣٦) أ- منداڵەکە خەوت.

ب- دایکەکە منداڵەکەی خەواند.

(١٣٧) أ- خانوەکە سووتا.

ب- دزەکە خانوەکەی سووتاند.

لە (١٣٦-أ)دا کرداری (خەوت) تەنها فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەرگرتووە، چونکە کردارێکی یەك هێزیی(تێنەپەڕ)ە، بەڵام لە (١٣٦-ب)دا کرداری (خەواند) دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، چونکە پاشگری (اند) هێزێکی بۆ کردارەکە زیادکردووەو لە کردارێکی یەك هێزیی(تێنەپەڕ)ەوە کردوویەتیە کردارێکی تێپەڕی دوو هێزیی. هەمان لێکدانەوەی کرداری(خەوت)و (خەواند) بۆ کرداری (سووتا)و (سووتاند) لە (١٣٧-أ-ب)دا ڕاستە.

پاشگری (اند) لەگەڵ ئەرکی تێپەڕاندندا وەك پاشگرێکی کۆزەتیڤیش ڕۆڵ دەبینێتو کرداری کۆزەتیڤی دروستدەکات. مەبەست لە "کۆزەتیڤ (Causative) ئەوەیە، کە وا لە یەکێك بکەیت کارێك بکات، واتە بکەر بکەوێتە ژێر ئیرادەی یەکێکی دیکەوە بۆ ئەنجامدانی کارێك"[١٤٢]، هەروەها بەو مانایەش دێت، کە کەسێك هۆکاری جێبەجێبوونی کارێك بێت، بۆ نموونە لە ڕستەی (١٣٦-ب)دا دایکەکە بووەتە هۆی خەواندنی منداڵەکەو لە (١٣٧-ب)یشدا دزەکە بووەتە هۆی سووتاندنی خانوەکە.

ئەگەرچی پاشگری (اند) بەهۆی ئەوەی، کە کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ، بە مۆرفیمی تێپەڕاندن ناسراوە، بەڵام لە کرداری (پێناساندن)دا لەگەڵ پێشگری پێشناویی (پێ)دا پێکەوە دەچنە سەر ڕەگی ڕانەبوردووی کرداری (ناسین)و لە کرداری تێپەڕی دوو هێزییەوە دەیکەن بە کرداری تێپەڕی سێ هێزیی، بڕوانە (١٣٨).

(١٣٨) أ- دانا دییەی ناسی. (ناسین)

ب- دانا دییەی بە من ناساند. (پێناساندن)

لە (١٣٨-أ)دا کرداری (ناسین) وەك کردارێکی دوو هێزیی دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، بەڵام لە (١٣٨-ب)دا کرداری (پێناساندن) بەدەر لە دوو فرێزە ناوییەکەی جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فرێزێکی پێشناویی خورتیشی وەرگرتووە، چونکە کردارێکی تێپەڕی سێ هێزییە.

---

١٤٢- محمد علي الخولي (١٩٨٢: ٩).

پاشگری (اند) جگە لە ئەرکە سینتاکسییەکەی، کە زیادکردنی هێزێکە بۆ کردار(کردەی تێپەڕاندن)، وەك مۆرفیمی داڕشتنیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێتو ژمارەیەکی بەرچاو وشەو زاراوەی نوێ بەرهەمدەهێنێت، بۆنموونە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە کرداری داڕێژراوی تێنەپەڕ دروستدەکات، وەك (نالاندی، حیلاندی، نەڕاندی...)[١٤٣]. ئەم کردارە داڕێژراوە تێنەپەڕانەش لە ڕێگەی کرداری یاریدەدەری (هێنان،...)ەوە دەکرێن بە تێپەڕ، بڕوانە (١٣٩).

(١٣٩) أ- ئەسپەکە حیلاندی.

ب- ئەسپەکەی هێنایە حیلاندن.

## ٣/١-٣-٢-٢) پاشگری (ەوە)

ئەم پاشگرە کاریگەریی لەسەر هێزی کردار نابێتو نە دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزی کردارو نە لە هێزی کرداریش کەمدەکاتەوە، بەلاّم وەك مۆرفیمێکی داڕشتن لە ڕۆنانی کرداری داڕێژراودا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە، بڕوانە (١٤٠، ١٤١).

(١٤٠) أ- جوتیارەکە کەروێشکەکەی گرت. (گرتن)

ب- جوتیارەکە ئاوەکەی گرتەوە. (گرتنەوە)

(١٤١) أ- کاروان کتێبەکەی برد. (بردن)

ب- کاروان یارییەکەی بردەوە. (بردنەوە)

وەك لە (١٤٠، ١٤١)دا پیشاندراوە، پاشگری (ەوە) لە کرداری (گرت، برد) دوو کرداری نوێی بە واتاو فۆڕمی نوێوە بەرهەمهێناوە، بەلاّم کاریگەریی لەسەر هێزی کردارەکان نەبووەو هێزەکەیانی وەك خۆی هێشتۆتەوە.

پاشگری (ەوە) جگە لە ئەرکی داڕشتن، واتای دووبارەبوونەوەش دەگەیەنێت، وەك (نووسیمەوە، هاتمەوە، هێنامەوە، ...).

---

١٤٣- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕۆڵی پاشگری (اند) وەك مۆرفیمێکی داڕشتن لە دروستکردنی وشەو زاراوەی نوێدا، بڕوانە: نەسرین فەخری (١٩٧٥: ٢١٥-٢٣٦).

### ٤-١/٣) كردارى داڕێژراوو دروستەى بکەرناديار

لەبەرئەوەى لە دروستەى بکەرنادياردا کردار هێزێك لەدەستدەداتو لە هێزى کەمدەبێتەوە، بۆيە هەموو کردارێك فۆڕمى بکەرناديارى لێ سازناکرێت. لەم ڕوانگەيەوە لێرەدا باس لەوە دەکرێت، کە کام جۆرەى کردارى داڕێژراو دروستەى بکەرناديارى لێ سازدەکرێتو کام جۆرەش لێى سازناکرێت.

جۆرى يەکەمى کردارى داڕێژراو ئەوانەن، کە پێشگرە پێشناوييەکانى (پێ، تێ، لێ) بەشدارى لە پێکهاتنياندا دەکەنو دەبنە هۆى زيادبوونى هێزەکەيان. ئەم جۆرەى کردارى داڕێژراو لەڕووى سازبوونو سازنەبوونى دروستەى بکەرناديارەوە لێيان، دەبن بە چەند جۆرێکەوە:

أ- ئەو کردارە داڕێژراوانەى، کە پێشگرە پێشناوييەکان لە کردارى دوو هێزييەوە دەيانکەنە کردارى سێ هێزيى، وەك کردارەکانى (پێفرۆشتن، تێگرتن، لێسەندن،...) بکەرنادياريان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٤٢).

(١٤٢) کاروان ئۆتۆمبێلەکەى بە من فرۆشت. (پێفرۆشتن) ←——— ئۆتۆمبێلەکە بە من فرۆشرا.

ب- ئەو کردارە داڕێژراوانەى، کە پێشگرە پێشناوييەکان لە کردارى يەك هێزييەوە دەيانکەنە کردارى دوو هێزيى، وەك کردارەکانى (پێکەوتن، تێگەيشتن، لێهاتن،...) بکەرنادياريان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٤٣).

(١٤٣) دەرمانەکە بە نەخۆشەکە کەوت. (پێکەوتن) ←——— *دەرمانەکە بە نەخۆشەکە کەورا

پ- ئەو کردارە داڕێژراوانەى، کە پێشگرە پێشناوييەکان کاريگەرييان لەسەر هێزەکەيان نابێتو تەنها دەبنە هۆى گۆڕينى فۆڕمى بەرکارى ڕستەکە لە فرێزى ناوييەوە بۆ فرێزى پێشناويى، وەك کردارەکانى (پێزانين، لێکۆڵينەوە،...) بکەرنادياريان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٤٤).

(١٤٤) من بە هاتنى تۆم زانى. (پێزانين) ←——— بە هاتنى تۆ زانرا.

جۆرى دووەمى کردارى داڕێژراو ئەوانەن، کە پێشگر دەبێتە هۆى کەمبوونەوەى هێزەکەيان، وەك کردارەکانى (ڕاکردن، هەڵکردن، داکردن، ...). ئەم جۆرەى کردارى داڕێژراو دروستەى بکەرناديارييان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٤٥).

(١٤٥) منداڵەکە ڕايکرد.←——— *منداڵەکە ڕاکرا

جۆری سێیەمی کرداری داڕێژراو ئەوانەن، کە پێشگر کاریگەریی لەسەر هێزەکەیان نییەو نە دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزەکەیانو نە لە هێزەکەشیان کەمدەکاتەوە. ئەم جۆرەی کرداری داڕێژراو لەڕووی سازبوونو سازنەبوونی دروستەی بکەرنادیارەوە لێیان، دەبن بە دوو جۆرەوە:

أ- ئەگەر کردارە داڕێژراوەکە کردارێکی یەك هێزیی(تێنەپەڕ) بێت، دروستەی بکەرنادیاری لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٤٦).

(١٤٦) هانا هەڵهات. ← * هانا هەڵهاترا

ب- ئەگەر کردارە داڕێژراوەکە کردارێکی دوو هێزیی(تێپەڕ) بێت، دروستەی بکەرنادیاری لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٤٧).

(١٤٧) هانا فەرشەکەی ڕاخست. ← فەرشەکە ڕاخرا.

جۆری چوارەمی کرداری داڕێژراو ئەوانەن، کە پاشگری (اند) بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکاتو دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزەکەیان. ئەم جۆرەی کرداری داڕێژراو دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٤٨).

(١٤٨) دایکەکە منداڵەکەی خەواند. ← منداڵەکە خەوێنرا.

ئەو کردارە داڕێژراوە تێنەپەڕانەش، کە بەهۆی مۆرفیمی (اند)ەوە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە وەردەگیرێنو بە یارمەتی کرداری یاریدەدەری (هێنان،...) دەکرێن بە تێپەڕ، بەهەمان شێوە دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٤٩).

(١٤٩) ئەسپەکەی هێنایە حیلاندن. ← ئەسپەکە هێنرایە حیلاندن.

جۆری پێنجەمی کرداری داڕێژراو ئەوانەن، کە پاشگری (ەوە) بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکات. ئەم پاشگرە لەبەرئەوەی کاریگەریی لەسەر هێزی کردار نییە، بۆیە گەر کردارەکە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا بکەرنادیاری لێ سازبکرێت، ئەوا لە فۆڕمی داڕێژراویشدا لێی سازدەکرێت، بەلاَم گەر لە فۆڕمی بنەڕەتیدا لێی سازنەکرێت، ئەوە لە فۆڕمی داڕێژراویشدا هەر لێی سازناکرێت، بڕوانە (١٥٠)، کە کردارەکە لە هەردوو فۆڕمی بنەڕەتیو داڕێژراویدا بکەرنادیاری لێ سازبووە.

(١٥٠) أ- جوتیارەکە کەروێشکەکەی گرت. ← کەروێشکەکە گیرا.

ب- جوتیارەکە ئاوەکەی گرتەوە. ← ئاوەکە گیرایەوە.

## ٢/٣) پاری دووەم: هێز لە کرداری لێکدراودا

### ٢/٣–١) کرداری لێکدراوو مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی

کرداری لێکدراو ڕۆنانێکە لە کردارێکو کەرەستەیەك یان زیاتر پێکهاتووە[١٤٤]. کردارەکە لە فۆڕمی بنەڕەتی یان داڕێژراو یان لێکدراودا دەردەکەوێت، هەرچی کەرەستەکەی ترە بەزۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی، ...)ە، هەروەها دەشێت ئەو کەرەستەیە بریتی بێت لە فرێزێکی پێشناویی یان ڕەگی کردار یان ئەو وشانەی، کە بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێنو واتایەکی ڕوونیان نییە یان ... .

بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە بێت، ئەوا کرداری لێکدراو دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە چوار مۆرفیم پێکهاتبێت، کە ئەوانیش بریتین لە: مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتی (ڕەگ، کات، کەس)، لەگەڵ مۆرفیمێکی دیکە، کە لە فۆڕمی مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان یەکێك لەو کەرەستانەدا دەبێت، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بەڵام جگە لەو چوار مۆرفیمە دەکرێت مۆرفیمی تری سەربەخۆو بەندیش بەشداری لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا بکەن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

(١٥١) أ– دەستپاندەکاتەوە ⟵ دەست + پان + دە + کە + ات + ەوە

ب– شەکراودەخواتەوە ⟵ شەکر + ئاو + دە + خۆ + ات + ەوە

پ– دڵتەنگدەبێت ⟵ دڵ + تەنگ + دە + ب + ێت

ت– سەرهەڵدەگرێت ⟵ سەر + هەڵ + دە + گر + ێت

بە سەرنجدان لەو نموونانەی سەرەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەریەکەیان لە چوار مۆرفیم زیاتر پێکهاتوون. لە پێکهاتنی کردارەکانی (دەستپاندەکاتەوە، شەکراودەخواتەوە)دا (٦) مۆرفیم بەشدارییان کردووە، کە (٣) دانەیان مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتینو (٣) دانەکەی تریشیان بریتین لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆو پاشگرێکی داڕشتن. لە پێکهاتنی کردارەکانی (دڵتەنگدەبێت، سەرهەڵدەگرێت)یشدا (٥) مۆرفیم بەشدارییان کردووە، کە لە یەکەمیاندا دوو مۆرفیمی سەربەخۆو لە دووەمشیاندا مۆرفیمێکی سەربەخۆو پێشگرێکی داڕشتن لەگەڵ مۆرفیمەکانی کرداری بنەڕەتیدا کردارە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە.

---

١٤٤- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٣٨).

مۆرفیمە بەشداربووەکانی پێکهاتەی کرداری لێکدراو بەسەر دوو کەرتدا دابەشدەبن، یەکێك لەو دوو کەرتە کردارەو سەری ڕێزمانیی دروستەکە پێکدەهێنێت، هەرچی کەرتەکەی ترە(ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی، ...)ەو دەبێتە تەواوکەر بۆ سەرە ڕێزمانییەکە(کەرتە کردارییەکە). لەبەرئەوەی لە دروستە سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا سەری ڕێزمانی دەکەوێتە کۆتایی دروستەکانەوە*، بۆیە لە کرداری لێکدراویشدا کەرتە کردارییەکە کۆتایی دروستەکە دەگرێت، وەك (خەمدەخوات، یاریدەکات، نەخۆشدەکەوێت، ...)، بەڵام مەرجیش نییە هەمیشە بەو شێوەیە بێت، چونکە کرداری لێکدراوی واش هەن، کە کەرتە کردارییەکە(سەرە ڕێزمانییەکە) لە سەرەتاوە دێتو کەرتەکەی دیکە(تەواوکەرەکە) دەکەوێتە کۆتاییەوە، وەك (دەکەوێتەڕێ، دێتەزمان، دەخاتەڕوو، ...).

لە کرداری لێکدراودا سەرە ڕێزمانییەکەو تەواوکەرەکەی" توند بەیەکەوە بەستراونو جێگۆرکێ ناکەن، چونکە هەر گۆڕانێك لە جێگەی کەرتەکاندا بکرێت، شوێنی مۆرفیمە پێکهێنەرەکان تێکدەچێتو یاسای داڕشتنی کردارە لێکدراوەکەش دەشێوێت، بڕوانە (١٥٢).

(١٥٢) أ- سوێنددەخوات ⟵ * دەخواتسوێند

ب- شەڕدەکات ⟵ * دەکاتشەڕ

پ- سوورهەڵدەگەڕێت ⟵ * هەڵدەگەڕێتسوور

جێگە بەرنەدانی کەرتەکانو چۆنێتیی ڕێزبوونو پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان لە کرداری لێکدراودا بەڵگەی ئەوەن، کرداری لێکدراو تەنیا بریتی نییە لە ڕێزبوونی مۆرفیمە پێکهێنەرەکان، بەڵکو چۆنێتیی پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان لەگەڵ یەکدا، (واتە دروستەی ناوەوەی کرداری لێکدراو) لە سازبوونی کرداری لێکدراودا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت"[١٤٥].

کردارە لێکدراوەکان لەڕووی سیمانتیکییەوە هەمیشە وەك یەکەیەك دەردەکەونو بە هەردوو کەرتە پێکهێنەرەکەوە(دوو کەرتە پێکهێنەرەکەی کرداری لێکدراو) یەك واتا بەدەستەوە دەدەن، چونکە مەرجی دروستبوونی کرداری لێکدراو گەیاندنی واتای نوێیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کردارە لێکدراوەکان دانەی فەرهەنگینو خاوەنی واتای سەربەخۆن، هەربۆیە کاتێك کردارە لێکدراوەکانی زمانی کوردی بۆ زمانەکانی

---

* تەنها لە فرێزی پێشناوییدا نەبێت، کە پێشناوە سینتاکسییەکان ڕێسای سەرسەرەتایی جێبەجێدەکەن، بڕوانە: بەشی یەکەم، لاپەڕە (١٥-١٦).

١٤٥- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٤٢).

دیکەی وەك ئینگلیزیو عەرەبی وەردەگێڕدرێن بەرانبەر بە یەك وشە دەوەستن، بەڵام بۆ زمانی فارسی بەرانبەر بە دوو وشە دەوەستن، چونکە لە زمانی فارسیدا لێکدراوی بەرانبەریان هەیە، سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدە[١٤٦].

| زمانی کوردی | زمانی ئینگلیزی | زمانی عەرەبی | زمانی فارسی |
|---|---|---|---|
| سوێندخواردن | Swear | قسم | قسم خوردن |
| مەلەکردن | Swim | سباحة | شنا کردن |
| هەوڵدان | Try | محاولة | کوشش کردن |

ئەگەرچی کرداره لێکدراوەکان لەڕووی سیمانتیکییەوە وەك یەکەیەك دەردەکەونو یەك واتا بەدەستەوە دەدەن، بەڵام لە جۆری ئەو واتایەی، کە دەیگەیەنن جیاوازن، چونکە واتای هەندێك لە کرداره لێکدراوەکان ڕوونەو لە کۆی واتای کەرتەکانیانەوە هەڵدەهێنجرێت، وەك (شەڕدەکات، نانده‌خوات، خۆیدەشوات،...)، بەڵام هەندێکی تر لە کرداره لێکدراوەکان "بە قۆناغی واتاخواستندا ڕۆشتوون، بەو مانایەی واتای ئەم کرداره لێکدراوانە لە کۆی واتای کەرتەکانیانەوە نەهاتووە، بەڵکو بریتییە لە واتای ئەمانەو واتای تریش، لەبەرئەوە ئەم جۆره کردارانە لەهەمانکاتدا بە ئیدیۆم دادەنرێن، وەك (گوێشلدەکات، دڵپیسدەکات، زماندرێژدەکات، ...)"[١٤٧]. ئەو کرداره لێکدراوانەی، کە بە قۆناغی واتاخواستندا دەڕۆنو دەبن بە ئیدیۆم، تایبەتمەندیی دەربڕینە چەسپاوەکان وەردەگرن، هەربۆیە دەکرێت بە جۆرێکی دەربڕینە چەسپاوەکان دابنرێن. مەبەست لە دەربڕینە چەسپاوەکان "ئەو دەربڕینانەن، کە کەمتر ڕێ بە گۆڕانکارییە سینتاکسییەکان دەدەنو چەسپاوو قاڵببەستوون"[١٤٨].

لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا سوود لە جۆرەها کەرەستەی زمانیی وەك (ناو، ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵکرداریی، فرێزی پێشناویی، ڕەگی کردار، ...) دەبینرێت. ئەوەی لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا گرنگە ئەوەیە، کە سەره ڕێزمانییەکە کردار بێت، چونکە بەبێ بوونی فۆڕمی کردار کرداری لێکدراو بەرهەمنایەت. لێرەدا چەند یاسایەکی پێکهاتنی کرداری لێکدراو دەخرێنەڕوو[١٤٩]:

---

١٤٦- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٤٨)، بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠٠٨: ١٢٣).

١٤٧- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩: ٤٩).

١٤٨- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢: ٥٦).

١٤٩- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی یاساکانی پێکهاتنی کرداری لێکدراو، بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٥٥-٦٧).

١- ناو + کردار*

أ- ناوی ساده + کردار، وەك: خەمدەخوات، بانگدەدات، شەڕدەکات، ...

ب- ناوی داڕێژراو + کردار، وەك: پرسەدەگرێت، ڕێگەدەگرێت، چاکەدەکات، ...

پ- ناوی لێکدراو + کردار، وەك: ماستاودەکات، سووراودەکات، دەنگەدەنگدەکات، ...

٢- ئاوەڵناو + کردار

أ- ئاوەڵناوی ساده + کردار، وەك: پڕدەبێت، چاکدەبێت، سڕدەبێت، ...

ب- ئاوەڵناوی داڕێژراو + کردار، وەك: نەخۆشدەکەوێت، بەهێزدەبێت، نائومێددەبێت، ...

پ- ئاوەڵناوی لێکدراو + کردار، وەك: بەدبەختدەبێت، دڵتەنگدەبێت، ڕووڕەشدەبێت، ...

٣- ناوی ئاوەڵکرداریی + کردار، وەك: سەردەکەوێت، پێشدەکەوێت، دوادەخات، ...

٤- جێناوی خۆیی + کردار، وەك: خۆیدەکوژێت، خۆیدەفرۆشێت، خۆیدەپاڵێوێت، ...

٥- فرێزی پێشناویی + کردار، وەك: بەبۆندەکەوێت، بەئاواتدەگات، لەدایکدەبێت، ...

٦- کردار + فرێزی پێشناویی، وەك: دێتەبەرهەم، دەکەوێتەڕێ، دەخاتەڕوو، ...

٧- ڕەگی کردار + کردار، وەك: پارێزدەکات، پرسدەکات، بڕدەکات، ...

٨- مۆرفیمی بەند** + کردار، وەك: تووشدەبێت، هاندەدات، وازدەهێنێت، ...

## ٢/٣-٢) کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانو ڕۆڵیان لە سینتاکسدا

ئاماژە بەوە درا، کە کردارە لێکدراوەکان لەڕووی سیمانتیکییەوە وەك یەکەیەك دەردەکەونو هەردوو کەرتە پێکهێنەرەکەی کرداری لێکدراو(سەرو تەواوکەرەکەی) یەك واتا بەدەستەوەدەدەن. ئەوەی لێرەدا

---

* کردار لە هەرسێ فۆڕمی (بنەڕەتی، داڕێژراو، لێکدراو) لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا بەشداردەبێت، بەڵام لەو نموونانەی، کە لە سەرەوە هێنراونەتەوە تەنها فۆڕمی بنەڕەتی کردار وەرگیراوە.

** مەبەست لەو وشانەیە، کە بە سەربەخۆیی بەکارناهێنرێنو واتایەکی ڕوونیان نییە، وەك (تووش، واز، هان، پەك، بەخێو، ... ).

پێویستە بپرسرێت ئەوەیە: ئایا کردارە لێکدراوەکان لەڕووی سینتاکسیشەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون؟ ئایا کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان لە سینتاکسدا ئەرکی ڕێزمانی وەردەگرن یان نا؟ سەبارەت بەم پرسیارانە زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیانوایە بەشێك لە کردارە لێکدراوەکان لە سینتاکسدا وەك دوو یەکە دەردەکەون: کەرتی یەکەم ئەرکێکی ڕێزمانیی وەك بکەر، بەرکار وەردەگرێتو کەرتی دووەمیش ڕۆڵی کردارێکی ئاسایی دەبینێت[١٥٠]. هەندێکی تری زمانەوانان بۆچوونێکی جیاوازیان لەوەی پێشوو هەیەو پێیانوایە کردارە لێکدراوەکان نەك تەنها لەڕووی سیمانتیکییەوە، بەڵکو لەڕووی سینتاکسیشەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون. ئەم زمانەوانانە لەو باوەڕەدان کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان ئەگەر جێکەوتەی بکەر یان بەرکاریش لە ڕستەدا پڕبکەنەوە، ئەوا ناتوانن هەمان ڕۆڵی بکەرو بەرکاری ڕستەی ئاسایی ببینن[١٥١].

---

١٥٠- لێرەدا بۆچوونی هەندێك لەو زمانەوانانەی، کە پێیانوایە کەرتی یەکەمی بەشێك لە کردارە لێکدراوەکان ئەرکی ڕێزمانی وەردەگرن، دەخرێتەڕوو:

أ- کوردۆییف (١٩٨٤: ١٨٣): (کاری لێکدراوی ناوی لەڕووی پێوەندی ڕێزمانییەوە لەوانەیە جیاوازبن ئەو ناوانەی، کە لەگەڵ کاری تێپەڕدا دێن، لە ڕستەدا ڕۆڵی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەیا تیان دەگێڕن).

ب- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩: ٤٨): (لەم جۆرە کارە لێکدراوەدا(کاری لێکدراوی ڕووداو گێر) کەرتی یەکەم بەزۆری لەشێوەی کۆمەڵەیەکی ناوی دایە کە بە پرتك یان بێ پرتك دەست پێدەکات کە ئاسای دەوری بەرکارێکی ڕاستەوخۆ یان بەیاریدە دەبینێ).

پ- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٣٥): (ئەو کردارانەی بە یاسای ڕۆڵی بابەتانە پێکهاتوون، کەرتەکانی یەکەمیان، وشەیەکی ئەرکین (functional word)، چونکە ئەرکێكو دەورێکی ڕێزمانییان هەیەو ئارگۆمێنتێکن، کە بە پێوەندییەکی ڕێزمانیی (بکەر، بەرکار) بە کەرتی دووەمەوە (بەشی کرداریی) پەیوەست بوونو هەمیشە لە شوێنێکی بابەتیدان، کە لە کوردیدا پێش کردارە، واتە ئەمجۆرە کردارانە، یەکەیەکی سیمانتیکیو دوو یەکەی سینتاکسیین (بکەری ڕێزمانی- کردار، بەرکاری ڕێزمانی- کردار)).

١٥١- لێرەدا بۆچوونی هەندێك لەو زمانەوانانەی، کە پێیانوایە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان ناتوانن ئەرکی ڕێزمانی وەربگرنو وەك بکەرو بەرکاری ڕستەی ئاسایی ڕۆڵ ببینن، دەخرێتەڕوو:

أ- محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٦٩): (لە (ڕۆحی دەچێت)دا بکەرو لە (ڕۆحی دەبات)دا بەرکار ئاخنراوەتە ناو کردارەکەوە، کە بوونەتە بەشێکی بنجیو پێویستی کردارە لێکدراوەکەو سەربەستییان وەك بکەرو بەرکاری ڕستەی ئاسایی نەماوە).

ب- بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠٠٨: ١١٣-١١٤): (کەرتی یەکەمی ئەم کردارانە (شەریکرد، یاریکرد،...) وەك تەواوکەری کەرتی دووەم دەمێننەوەو نابنە بەرکار. بەلای ئێمەوە کەرتی یەکەمی ئەم کردارانە بەشێکن لە کردارە لێکدراوەکەو بەپێی تایبەتمەندی کردارە لێکدراوەکە شوێنیان لە ڕستەدا دەگۆڕێت، کەرتی یەکەم تەواوکەری کەرتی دووەمەو ئەم کردارانە لەڕووی ڕستەسازیو واتاسازییەوە، ڕۆڵی تاکە یەك کردار دەبینن).

پ- بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤: ٢١٩): (ئەگەرچی کەرتی یەکەمی ئەم کارانە (شەڕی کرد، هەڕەشەی کرد، ...) دەچنە چاڵی (بەرکار)ەوەو وەك بەرکار هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام هەرگیز نابنە بەرکارو هەر پارچەیەك دەبن لە کارەکە).

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ بۆچوونی یەکەمدایە، واتە پێیوایە ئەگەرچی کرداره لێکدراوەکان دانەی فەرهەنگین‌و لەڕووی سیمانتیکییەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون، بەڵام کە دێنە سینتاکسەوە کەرتی یەکەمی بەشێکیان جێکەوتەی بکەر یان بەرکار پڕدەکەنەوە، کە چوونە ئەو جێکەوتەیەشەوە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانییان پێدەدرێت‌و لە زۆربااردا وەك بکەرو بەرکاری ڕستەی ئاسایی ڕەفتاردەکەن.

(ئازاد ئەحمەد حسەین) لەژێر ناونیشانی (یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی کرداره لێکدراوەکان)دا پێنج یاسای سینتاکسی بۆ پێکهاتنی کرداره لێکدراوەکان دیاریدەکات، بەم شێوەیە:

**"یاسای یەکەم: ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + کردار**

ئەو کردارانەی بەم یاسایە سازبوون، لەڕووی هێزەوە تێپەڕن‌و لە شێوەی فرێزی کرداریدان، وەك (شەڕی کرد، سوێندی خوارد، هەرەسی هێنا، ئارەقی ڕشت، ئاژاوەی نایەوە، ئاهەنگی گێڕا، چاوی گێڕا، قسەی هەڵبەست، ... هتد).

**یاسای دووەم: ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + کردار**

کرداره لێکدراوە تێنەپەڕەکان بەم یاسایە داڕێژراون‌و لە شێوەی ڕستەدان، وەك (پشتی شکا، حەیای تکا، ئابڕووی چوو، ڕۆحی چوو، ناوکی کەوت، گیانی دەرچوو، ... هتد).

**یاسای سێیەم: یاسای پریدیکات**

ئەم یاسایە بە (پریدیکات) ناودەبەین‌و ئەو کردارانەی سازیاندەکات دەشێت تێپەڕ یان تێنەپەڕ بن‌و لە شێوەی تەنها یەکەیەکی سینتاکسیدا دەردەکەون‌و کەرتەکانی یەکەمیان هیچ ڕۆڵێکی بابەتانەیان پێنادرێت، واتە لە شوێنێکی بابەتیدا نین، لەبەرئەوە دەگونجێت لە پێش بەشی کرداریی یان لە دوایەوە بێن. لەسەر بنەمای شوێنی کردار، دوو جۆر لەم کردارانە دیاری دەکرێن:

أ- ئەوانەیان، کە بەشی کردارییان لە کۆتاییدایە. (کردار کۆتایی)

ب- هەندێکی تریان بەشی کردارییان لە سەرەتادایە. (کردار سەرەتایی)

**أ- پریدیكات + كردار**

وەك (بێزاردەبێت، جێبەجێدەكات، بۆیەدەكات، دووردەكەوێتەوە، ڕزگاردەكات، ئاودەدات، پێشدەكەوێت، ... هتد).

**ب- كردار + پردیكات**

وەك (دەخاتەوەیاد، دەكەوێتەسەر، دێتەزمان، دەگرێتەخۆ، دێتەبەرهەم، ... هتد).

پریدیكات یاسایەكی گشتیو هاوبەشە لە نێوان كردارە لێكدراوە تێپەڕو تێنەپەڕەكاندا، ڕێژەیەكی زۆر لەو دوو چەشنە كردارە بەم یاسایە بەرهەمهاتوون. یاسای ڕۆڵی بابەتانە ڕێگە بە كردار دەدات تەنها لەگەڵ ناودا (یان"جێناوی خۆیی"دا_لێكۆڵەر) یەكبگرێت، بەڵام یاسای پریدیكات توانای یەكگرتنی كردار فراوانتردەكاتو بواری پێدەدات لەگەڵ (ناو، ئاوەڵناو، فرێزی پێشناویی، ئەو وشانەی ئەمڕۆ سەربەخۆ بەكارناهێنرێن، ... هتد)دا دروستەی لێكدراو دابڕێژێت. لەبەرئەوە ئەم یاسایە ڕووبەرێكی یەكجار فراوانی لە فەرهەنگی كرداری كوردیدا پێكهێناوە.

**یاسای چوارەم: ڕۆڵی بابەتانەی بەركار + (پریدیكات + كردار)**

وەك (دەستی پانكردەوە، خۆی گێلكرد، خۆی سووركردەوە، خۆی بەدەستەوەدا، ... هتد).

**یاسای پێنجەم: ڕۆڵی بابەتانەی بكەر + (پریدیكات + كردار)**

وەك (چاوی سووربوو، هەناسەی سواربوو، جێی لێژبوو، دەمی بەیەكداهات، ... هتد)"[١٥٢].

ئەو كردارە لێكدراوانەی، كە بە یاسای یەكەم پێكهاتوون، كەرتی یەكەمیان لە ڕستەدا دەبنە تەواوكەری ناوەكیی بۆ كەرتی دووەم(كەرتە كرداریيەكە)و ئەركو ڕۆڵی بەركاری ڕاستەوخۆ دەبینن. كەواتە كەرتی یەكەمی ئەم كردارە لێكدراوانە جێكەوتەیەكی خورتی لە ڕستەدا پڕدەكەنەوە، هەر ئارگۆمێنتێكیش لە ڕستەدا جێكەوتەیەكی خورتی پڕبكاتەوە پێویستە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانیی پێبدرێت، هەربۆیە كەرتی یەكەمی ئەم كردارە لێكدراوانە وەك بەركاری ڕستەی ئاسایی لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی بابەتانەو لە دروستەی ڕووكەشیشدا دۆخی ڕێزمانیی لە ڕەگی كردارەكە(ڕەگی كەرتە كرداریيەكە)وە وەردەگرن.

---

١٥٢- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٣٢-٣٥).

کەرتی یەکەمی ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای دووەم پێکهاتوون، لە ڕستەدا دەبنە تەواوکەری دەرەکیی بۆ کەرتی دووەم(کەرتە کردارییەکە)و وەك بکەری ڕستەکە ڕۆڵ دەبینن. کەرتی یەکەمی ئەم کردارە لێکدراوانە لە کاتو کەسی کردارەکە(کەرتە کردارییەکە)وە دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرن.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای سێیەم پێکهاتوون، کەرتی یەکەمیان لە ڕستەدا هیچ ئەرکێکی ڕێزمانی نابینێت، هەربۆیە ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو لەڕووی سینتاکسیو سیمانتیکییەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە دوو یاساکەی پێشوو (یاسای یەکەم، یاسای دووەم) پێکهاتوون، لە شێوەی دوو یەکەی سینتاکسیو یەکەیەکی سیمانتیکیدا دەبینرێن.

هەرچی ئەو کردارە لێکدراوانەیە، کە بە یاسای چوارەمو پێنجەم پێکهاتوون، بەهەمان شێوەی کردارە لێکدراوەکانی یاسای یەکەمو دووەم کەرتی یەکەمیان لە ڕستەدا ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت(کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانی یاسای چوارەم ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆو کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانی یاسای پێنجەم ئەرکی بکەر لە ڕستەدا دەبینن)، بەڵام ئەوەی کردارە لێکدراوەکانی یاسای چوارەمو پێنجەم لە کردارە لێکدراوەکانی یاسای یەکەمو دووەم جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە کەرتە کردارییەکەی کردارە لێکدراوەکانی یاسای چوارەمو پێنجەم خۆشیان فۆڕمی لێکدراویان هەیە، واتە کەرتە کردارییەکەی ئەم دوو جۆرەی کرداری لێکدراو پێشتر بە کردەیەکی لێکداندا ڕۆیشتوونو بەشداریش دەبن لە کردەیەکی لێکدانی دیکەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کردارە لێکدراوەکانی یاسای چوارەمو پێنجەم دوو جار بە کردەی لێکداندا دەڕۆن، لە جاری یەکەمدا کردارێکی بنەڕەتی یان داڕێژراو لەگەڵ کەرەستەیەکی زمانیدا یەکدەگرنو بە یاسای سێیەم کردارێکی لێکدراو بەرهەمدەهێنن، لە جاری دووەمیشدا کردارە لێکدراوەکە لەگەڵ ناوێك یان جێناوێکی خۆییدا یەکدەگرنو بە یاسای یەکەم یان دووەم کردارێکی لێکدراوی نوێ پێکدەهێنن. کەواتە کردارە لێکدراوەکانی یاسای چوارەمو پێنجەم لە ئەنجامی لێکدانی یاسای یەکەمو دووەم لەگەڵ یاسای سێیەمدا بەرهەمدێن.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پرسیارێکی گرنگ دەخرێتەڕوو: چۆن بزانرێت کەرتی یەکەمی کردارێکی لێکدراو لە ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانیی وەرگرتووە یان نا؟ ئەگەر ئەرکی وەرگرتووە چۆن بزانرێت ئەو ئەرکە بکەرە یان بەرکار؟

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتی یەکەمیان لە سینتاکسدا ئەرکی بکەر وەردەگرن، وەك ڕستەیەکی تەواو دەردەکەونو بۆ تەواوبوونی واتاکەیان پێویستیان بە هیچ کەرەستەیەکی تر نییە، چونکە ئەو کردارە

لێکدراوانە(ئەوانەی کەرتی یەکەمیان ئەرکی بکەر وەردەگرن) لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕنو تەنها پێویستیان بە کەرەستەیەکە جێکەوتەی بکەریان بۆ پڕبکاتەوە، کە کەرتی یەکەمی کردارەکە لەگەڵ جێناوێکی لکاو لە فۆرمی فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداریدا ئەو ڕۆڵە دەبینن‌و ئەو جێکەوتەیە پڕدەکەنەوە، بڕوانە (١٥٣). ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتی یەکەمیان لە سینتاکسدا ئەرکی بەرکار وەردەگرن، بە تەنها خۆیان ناتوانن وەك ڕستەیەکی تەواو دەربکەون، بەڵکو پێویستیان بە کەرەستەیەکی تر هەیە، کە جێکەوتەی بکەریان بۆ پڕبکاتەوە، ئەو کەرەستەیەش دەکرێت بە فۆنەتیکی دەرنەبڕدرێت‌و بە جێناوێکی لکاو جێگیربکرێت، بڕوانە (١٥٤). هەرچی ئەو کردارە لێکدراوانەیە، کە کەرتی یەکەمیان لەسینتاکسدا ئەرکی ڕێزمانی وەرناگرێت، ڕۆڵی تەنها کردارێك دەبینن‌و وەك هەر کردارێکی ئاسایی ئەگەر تێنەپەڕبن کەرەستەیەك بۆ جێکەوتەی بکەرو ئەگەریش تێپەڕبن دوو کەرەستە بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرن، بڕوانە (١٥٥).

(١٥٣) ئابڕووی چوو –ئابڕووی ئەو چوو–. (ئابڕووچوون)

(١٥٤) شەڕی کرد –ئەو شەڕی کرد–. (شەڕکردن)

(١٥٥) أ– نەخۆشکەوت –ئەو نەخۆشکەوت–. (نەخۆشکەوتن)

ب– خانووەکەی بۆیەکرد –ئەو خانووەکەی بۆیەکرد–. (بۆیەکردن)

## ٣–٢/٣) پۆلێنکردنی کردارە لێکدراوەکان لەڕووی هێزەوە

لە پاری یەکەمی بەشی دووەمدا باس لەو پێوەرانە کرا، کە لە جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕدا پشتیان پێدەبەسترێت‌و خەوشی‌و کەموکوڕی هەریەکەشیان خرایەڕوو. ئاماژە بەوەش درا، کە کەموکوڕی ئەو پێوەرانە زیاتر لە کردارە لێکدراوەکاندا دەردەکەوێت، چونکە هەرچەندە بەشێك لە کردارە لێکدراوەکان دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو پێوەرانەوە تێپەڕیی‌و تێنەپەڕییان لە یەکتری جیابکرێتەوە، بەڵام بەشێکی دیکەیان لە ڕێگەی ئەو پێوەرانەوە تێپەڕیی‌و تێنەپەڕییان لە یەکتری جیاناکرێتەوە، بۆ نموونە کردارە لێکدراوەکانی وەك (پشتی شکا، ئابڕووی چوو، جەرگی سووتا،...) تێنەپەڕن، کرداری تێنەپەڕیش بەپێی یەکێك لە باوترین پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ لە تێنەپەڕ، لە تافی ڕابوردوودا کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م،"ی_یت"، $\emptyset$، ین، ن، ن) وەردەگرێت، بەڵام ئەم کردارە لێکدراوانە بە پێچەوانەوەی ئەو پێوەرەوە لەهەمان تافدا کۆمەڵە جێناوەلکاوی (م، ت، ی، مان، تان، یان) وەردەگرن، کە بەپێی ئەو پێوەرە دەبێت کردارە تێپەڕەکان ئەم کۆمەڵە جێناوەلکاوە وەربگرن نەك تێنەپەڕەکان. لەلایەکی ترەوە ئەم کردارە

لێکدراوانە پێوەری سێیەمیش(پێوەری سێیەمی جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە یەکتری) بە سەریاندا جێبەجێنابێتو بە پێچەوانەی ئەو پێوەرەشەوە ڕەفتاردەکەن[١٥٣] . هەر لە باسی (پێوەرەکانی جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ لە کرداری تێنەپەڕ)دا ئاماژە بەوە درا، کە بەلای ئێمەوە باشترین پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە یەکتری، وەرگرتنو وەرنەگرتنی بەرکاری ڕاستەوخۆیە لەلایەن کردارەوە، بەڵام ئەم پێوەرەش بۆ کردارە لێکدراوەکان گرفتی خۆی هەیە، چونکە وەك لە باسی پێشوو (کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانو ڕۆڵیان لە سینتاکسدا) خرایەڕوو، زمانەوانان لەسەر کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیەو هەندێکیان پێیانوایە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان لە هیچ بارێکدا ناتوانن ئەرکی ڕێزمانی وەربگرن، هەربۆیە کردارە لێکدراوەکان هەمیشە لەڕووی سینتاکسیو سیمانتیکییەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون، بەڵام لە بەرانبەردا هەندێکی دیکەی زمانەوانان پێیانوایە کەرتی یەکەمی بەشێك لە کردارە لێکدراوەکان لە ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی (لێرەدا مەبەست لە ئەرکی بەرکارە) وەردەگرن، هەربۆیە ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو لەڕووی سینتاکسییەوە وەك دوو یەکەو لەڕووی سیمانتیکیشەوە وەك یەکەیەك دەردەکەون.

هەموو ئەمانە وایانکردووە، کە پۆلێنکردنی کردارە لێکدراوەکان لەڕووی هێزەوەو جیاکردنەوەی تێپەڕیو تێنەپەڕییان لە یەکتری کارێکی ئاسان نەبێتو ببێتە یەکێك لە لایەنە ئاڵۆزەکانی کرداری لێکدراو. لێرەدا لە ڕوانگەی ئەو پێنج یاسا سینتاکسییەوە، کە لە باسی پێشوودا بۆ پێکهاتنی کردارە لێکدراوەکان خرانەڕوو، باس لە هێزی کرداری لێکدراو دەکرێت.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای یەکەم (ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + کردار) پێکهاتوون، لە ڕستەدا وەك کرداری تێپەڕی دوو هێزیی دەردەکەون. ئەم کردارە لێکدراوانە فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەردەگرنو کەرتی یەکەمشیان(کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان) وەك فرێزێکی ناویی دیکە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ پڕدەکەنەوە، بڕوانە (١٥٦).

(١٥٦) أ- دانا قسەی کرد. (قسەکردن)

ب- دانا ئاهەنگی گێڕا. (ئاهەنگگێڕان)

پ- دانا ئاژاوەی نایەوە. (ئاژاوەنانەوە)

---

١٥٣- بڕوانە پێوەری سێیەمی جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ لە کرداری تێنەپەڕ، لاپەڕە (٥٣).

له نموونەکانی (١٥٦)دا کرداره لێکدراوەکانی (قسەی کرد، ئاهەنگی گێڕا، ئاژاوەی نایەوە) هەریەکەیان وەك کردارێکی دوو هێزیی دوو فرێزی ناوییان بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، که فرێزه ناوییه بەرکارییەکه کەرتی یەکەمی خۆیانه.

ئەو کرداره لێکدراوانەی، که به یاسای دووەم (ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + کردار) پێکهاتوون، لەڕووی هێزەوه تێنەپەڕن، واته کرداری یەك هێزین، هەربۆیه تەنها پێویستیان به فرێزێکی ناوییه، که جێکەوتەی بکەریان بۆ پڕبکاتەوه، که کەرتی یەکەمی کردارەکه بەو کاره هەڵدەستێت، بڕوانه (١٥٧).

(١٥٧) أ– پشتی شکا. (پشتشکان)

ب– جەرگی سووتا. (جەرگسووتان)

پ– ڕۆحی چوو (ڕۆحچوون)

له نموونەکانی (١٥٧)دا کەرتی یەکەمی هەریەك له کرداره لێکدراوەکانی (پشتی شکا، جەرگی سووتا، ڕۆحی چوو) لەگەڵ جێناوێکی لکاو وەك فرێزێکی ناویی خستنەپاڵ جێکەوتەی بکەریان پڕکردۆتەوەو بوونه به تەواوکەرێکی دەرەکیی بۆ کردارەکه(کەرته کردارییەکه)، هەربۆیه بکەری ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو هەمیشه له شێوەی کەسی سێیەمی تاکدا دەبێت.

ئەو کرداره لێکدراوانەی، که به یاسای سێیەم (یاسای پریدیکات) پێکهاتوون، لەڕووی هێزەوه جیاوازییان هەیەو دەبن به دوو بەشەوه: بەشێکیان تێنەپەڕن، واته یەك هێزین، وەك (نەخۆشدەکەوێت، بەبۆندەکەوێت، تەمێدەبێت، بەئاواتدەگات، زەردهەڵدەگەڕێت، توڕەدەبێت، دێتەزمان،...). بەشەکەی تریشیان تێپەڕی دوو هێزین، وەك (دروستدەکات، ڕزگاردەکات، شیدەکاتەوه، ئاودەدات، هاندەدات، بەکرێدەگرێت، سەردەبڕێت، ...).

ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو لەبەرئەوەی کەرتی یەکەمیان له ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی وەرناگرێت، بۆیه ئەگەر یەك هێزیی(تێنەپەڕ)بن پێویستیان به فرێزێکی ناویی دەبێت، بۆئەوەی جێکەوتەی بکەریان بۆ پڕبکاتەوه، بڕوانه (١٥٨). بەڵام ئەگەر تێپەڕی دوو هێزیی بن، بەدەر له فرێزه ناوییەکەی جێکەوتەی بکەر، فرێزێکی ناویی دیکەش بۆ جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرن، بڕوانه (١٥٩).

(١٥٨) أ– منداڵەکە بەبۆنکەوت.

ب– نەخۆشەکە زەردهەڵگەڕا.

(١٥٩) أ– باوکەکە منداڵەکەی ڕزگارکرد.

ب– ژنەکە خورییەکەی شیکردەوە.

ژمارەیەك لە کرداره تێپەڕە دوو هێزییەکانی ئەم جۆرەی کرداری لێکدراو، کەرتی یەکەمیان لە ڕستەدا تواناى ئەوەیان هەیە، سەرپشکییانە شوێنی خۆیان بۆ پێش بەرکاری ڕستەکە بگوازنەوەو بە یارمەتی مۆرفیمی خستنەسەری (ی) بەرکارەکە بکەنە دەرخەری خۆیانو پێکەوە(کەرتی یەکەمی کردارەکەو بەرکارەکە) فرێزێکی ناویی خستنەپاڵی خاوەنداری بەرهەمبهێنن، بڕوانە (١٦٠، ١٦١).

(١٦٠) أ– جوتیارەکە زەوییەکەی ئاودا.

ب– جوتیارەکە ئاوی زەوییەکەی دا.

(١٦١) أ– هانا گوڵەکەی بۆنکرد.

ب– هانا بۆنی گوڵەکەی کرد.

چەند کردارێکی لێکدراویش هەن، کە لێکترازانی کەرتەکانیان بەخورتییە، واتە کەرتی یەکەم لە ڕستەدا بەخورتی بۆ پێش بەرکارەکە دەگوازرێتەوەو فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداری لەگەڵدا بەرهەمدەهێنێت[١٥٤]، بڕوانە (١٦٢، ١٦٣).

(١٦٢) أ– * کاروان دییەی سەیرکرد

ب– کاروان سەیری دییەی کرد.

(١٦٣) أ– * چیا هەردی بەرۆکگرت

ب– چیا بەرۆکی هەردی گرت.

---

١٥٤- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی یاساکانی گواستنەوە لە سینتاکسی کردارە لێکدراوەکاندا، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١٠١-١٢٦).

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای چوارەم (ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + (پریدیکات + کردار)) پێکهاتوون، لەڕووی هێزەوە جیاوازییان لەگەڵ کردارە لێکدراوەکانی یاسای یەکەمدا نییە، واتە ئەمانیش بەهەمان شێوەی کردارە لێکدراوەکانی یاسای یەکەم، لە ڕستەدا وەك کرداری تێپەڕی دوو هێزیی، فرێزێکی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەر وەردەگرن‌و کەرتی یەکەمشیان(کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان) وەك فرێزێکی ناویی دیکە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆ پڕدەکەنەوە، بڕوانە (١٦٤).

(١٦٤) أ- تاوانبارەکە خۆی بەدەستەوەدا. (خۆبەدەستەوەدان)

ب- سواڵکەرەکە دەستی پانکردەوە. (دەستپانکردنەوە)

هەرچی ئەو کردارە لێکدراوانەیە، کە بە یاسای پێنجەم (ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + (پریدیکات + کردار)) پێکهاتوون، لەڕووی هێزەوە هەمان تایبەتمەندیی کردارە لێکدراوەکانی یاسای دووەمیان هەیە، واتە ئەمانیش کرداری یەك هێزیین(تێنەپەڕن)و تەنها فرێزێکی ناوییان پێویستە بۆ جێکەوتەی بکەر، کە کەرتی یەکەمی کردارەکە لەگەڵ جێناوێکی لکاو لە فۆڕمی فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەندارێدا ئەو جێکەوتەیە(جێکەوتەی بکەر) پڕدەکەنەوەو ئەو ڕۆڵە دەبینن، بڕوانە (١٦٥).

(١٦٥) أ- هەناسەی سواربوو. (هەناسەسواربوون)

ب- دەمی بەیەکداهات. (دەمبەیەکداهاتن)

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، کە جیاوازی نێوان کردارە لێکدراوەکانی یاسای یەکەم لەگەڵ یاسای چوارەم‌و یاسای دووەم لەگەڵ یاسای پێنجەمدا تەنها لەڕووی فۆڕمەوەیەو لەڕووی هێزەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە.

لە پاری یەکەمی ئەم بەشە(هێز لە کرداری داڕێژراودا) بە دووروودرێژی باس لە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) کراو ئاماژە بەوە درا، کە کاتێك ئەم مۆرفیمانە بەشداری لە پێکهاتنی کردارێکی داڕێژراودا دەکەن، دەبنە هۆی زیادبوونی هێزێك بۆ کردارەکەو ئەو ئارگۆمێنتەش، کە بە زیادبوونی هێزەکەی کردارەکە وەریدەگرێت، هەمیشە فرێزێکی پێشناویی دەبێت. هەمان شت بۆ کردارە لێکدراوەکانیش ڕاستە، واتە کاتێك ئەو مۆرفیمانە دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی کردارێکی لێکدراویش، بەهەمان شێوەی کردارە داڕێژراوەکان هێزێك بۆ کردارە

لێکدراوەکە زیاددەکەن‌و فرێزێکی پێشناوییش بە زیادبوونی هێزی کردارەکە دەبێتە ئارگۆمێنتێکی خورتی بۆ ڕستەکە.

چۆنیەتی بەشداریکردنی مۆرفیمەکانی (پیِّ، تیِّ، لیِّ) لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا بەو جۆرەیە، کە ئەم مۆرفیمانە دەچنە سەر کردارێکی بنەڕەتی‌و کردارێکی داڕێژراوی لێپێکدەهێنن، دواتر ئەو کردارە داڕێژراوە لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا دەچنە کردەی لێکدانەوەو کردارێکی لێکدراو بەرهەمدەهێنن * .

ئەو کردارە بنەڕەتییانەی، کە بەشدارییان لە پێکهاتنی کردارە لێکدراوەکانی ئەم نموونانەی خوارەوەدا کردووە، کرداری یەك هێزیین، بەڵام کاتێك لەگەڵ مۆرفیمەکانی (پیِّ، تیِّ، لیِّ)و کەرەستەیەکی تردا چوونەتە کردەی لێکدانەوە، کرداری لێکدراوی دوو هێزییان پێکهێناوە.

(١٦٦) أ– چاوم بە هانا کەوت. (چاوپێکەوتن)

ب– دڵم بە هەژارەکە سووتا. (دڵپێسووتان)

(١٦٧) أ– سام لە منداڵەکە نیشت. (ساملێنیشتن)

ب– لەرز لە نەخۆشەکە هات. (لەرزلێهاتن)

(١٦٨) أ– تەگەرە لە ئیشەکە کەوت. (تەگەرەتێکەوتن)

ب– قڕ لە مریشکەکان کەوت. (قڕتێکەوتن)

بە سەرنجدان ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کردارە لێکدراوەکانی هەریەك لەو نموونانەی سەرەوە، وەك کرداری دوو هێزیی دەرکەوتوون، چونکە کەرتی یەکەمیان وەك فرێزێکی ناویی جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوەو فرێزێکی پێشناویی خورتیش بەشداری لە پێکهاتنیاندا کردووە.

* مەرج نییە هەمیشە بەشداریکردنی مۆرفیمەکانی (پیِّ، تیِّ، لیِّ) لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا بەو جۆرە بێت، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، چونکە هەندێك جار مۆرفیمەکانی (پیِّ، تیِّ، لیِّ) دەچنە سەر کردارێکی داڕێژراوو کردارێکی داڕێژراوی نویِّ پێکدەهێنن، دواتر ئەو کردارە داڕێژراوە نوێیە دەچێتە کردەی لێکدانەوە، وەك لە کردارە لێکدراوکانی (شەقتێهەڵدان، تەنگپێهەڵچنین، دەستلێهەڵگرتن،...)دا دەبینرێت. هەروەها لە کردارە لێکدراوەکانی وەك (دەستلێبەردان، ئاگرتێبەردان، ئاگرتێبەربوون،...)دا مۆرفیمەکانی (پیِّ، تیِّ، لیِّ) بەبیِّ ئەوەی بە کردەی داڕشتندا بڕۆن، بەشداردەبن لە کردەی لێکداندا.

ئەو کردارە لێکدراوانەش، کە کەرتی یەکەمیان لە ڕستەدا جێکەوتەی بەرکار پڕدەکاتەوە، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، کرداری دوو هێزیین، بەڵام کاتێك مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکەن، لە ڕستەدا وەك کرداری سێ هێزیی دەردەکەون، سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدە.

(١٦٩) أ– من باوەڕ بە تۆ دەکەم. (باوەڕپێکردن)

ب– من دەست بە کارەکەم دەکەم. (دەستپێکردن)

(١٧٠) أ– هانا ئارامی لە هەستی بڕی. (ئارام‌لێبڕین)

ب– هانا ڕێزی لە هەستی نا. (ڕێزلێنان)

(١٧١) أ– منداڵەکە چاوی لە میوانەکان بڕی. (چاوتێبڕین)

ب– کابرا تەگەرەی لە ئیشەکە خست. (تەگەرەتێخستن)

هەریەك لە کردارە لێکدراوەکانی ئەو نموونانەی سەرەوە وەك کرداری سێ هێزیی دەرکەوتوون‌و سێ ئارگۆمێنتی خورتییان وەرگرتووە. ئارگۆمێنتی یەکەم فرێزێکی ناوییەو جێکەوتەی بکەری پڕکردۆتەوە. ئارگۆمێنتی دووەم کەرتی یەکەمی کردارەکانەو لە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆدایە.ئارگۆمێنتی سێیەمیش فرێزێکی پێشناوییەو لەڕووی گرنگی‌و بایەخەوە لە پلەی دوو ئارگۆمێنتەکەی تردایە.

جگە لە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) هەندێك جار پێشناوی (بۆ)ش بەشداری لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا دەکات‌و دەبێتەهۆی زیادبوونی هێزێکیش بۆ کردارەکە، بڕوانە (١٧٢).

(١٧٢) أ– براکەم ژنی هێنا. (ژنهێنان)

ب– براکەم ژنی بۆ من هێنا. (ژن بۆهێنان)

لە (١٧٢–أ)دا کرداری لێکدراوی (ژنهێنان) وەك کردارێکی دوو هێزیی دوو فرێزی ناویی بۆ جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرگرتووە، کە فرێزە ناوییە بەرکارییەکە کەرتی یەکەمی کردارەکە خۆیەتی. لە (١٧٢–ب)دا کرداری لێکدراوی (ژن بۆهێنان) بەدەر لە دوو فرێزە ناوییەکەی جێکەوتەی بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ، فرێزێکی پێشناویی خورتیشی وەرگرتووە، چونکە کرداری (ژن بۆهێنان) کردارێکی سێ هێزییەو بۆ تەواوبوونی واتاکەی پێویستی بە سێ ئارگۆمێنتی خورتی هەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، هەندێك کرداری لێکدراو هەن، هەرچەندە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ)و پێشناوی (بۆ)ش بەشدارییان لە پێکهاتنیاندا نەکردووە، بەڵام لە ڕستەدا بۆ تەواوبوونی واتاکەیان پێویستیان بە فرێزێکی پێشناویی هەیە. ئەمەش زیاتر لەو کردارە لێکدراوانەدا بەرچاودەکەوێت،کە کەرتە کردارییەکەیان کرداری (بوو)ە، بڕوانە (١٧٣) [١٥٥].

(١٧٣) أ- ماڵەکەمان پڕبوو لە میوان. (پڕبوون)

ب- ئەوان بێزاربوون لە ئێمە. (بێزاربوون)

دوای خستنەڕووی جۆرەکانی کرداری لێکدراو لەڕووی هێزەوە، ئێستا بە پێویست دەزانرێت پرسیارێك بخرێتەڕوو: ئایا ئەو کردارانەی، کە بەشداری لە پێکهاتنی کرداری لێکدراودا دەکەن، هێزەکەیان لەڕووی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕییەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە، واتە ئەگەر لە بنجدا خۆیان تێپەڕ یان تێنەپەڕ بن، کە دەچنە کردەی لێکدانیشەوە هەر بەو شێوەیە دەمێننەوە؟ یاخود دەکرێت لە تێپەڕەوە ببن بە تێنەپەڕو لە تێنەپەڕیشەوە ببن بە تێپەڕ. بەواتایەکی تر ئایا کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو کاریگەریی لەسەر تێپەڕیی‌و تێنەپەڕیی کردارەکە دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە، زمانەوانانی کورد بۆچوونی جیاوازیان هەیە، زمانەوان هەیە پێیوایە دەکرێت کردارێك لە بنجدا تێپەڕ بێت‌و کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ بەرهەمبهێنێت، بە پێچەوانەوشەوە تێنەپەڕ بێت‌و کرداری لێکدراوی تێپەڕ بەرهەمبهێنێت [١٥٦].

---

١٥٥- یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٤٧).

١٥٦- لەم بارەیەوە (فەرەیدون عەبدول محەمەد :١٩٨٨: ٨٠-٨١) دەڵێت: کاری وامان هەیە بە سادەیی تێپەڕە کە دەبێ بە نسادە دەبێ بە تێنەپەڕو بە پێچەوانەشەوە، کارمان هەیە بە سادەیی تێنەپەڕو کە دەبێ بە ناسادە دەبێتە کارێکی تێپەڕ. بۆ نموونە (کەوت) کە کارێکی سادەیە کاتێ کە دەبێ بە (دوای کەوت) دەبێتە کارێکی ناسادەو کارەکەش لە تێنەپەڕەوە دەبێتە تێپەڕ. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە چاوگی ئەم کارە ناسادەیە لە هەمان شێوەی دارِشتنیا (دواکەوتن) دوو واتا دەبەخشێت:

١- دوای کاروان کەوتم. کارەکە تێپەڕە.

٢- لە کاروان دواکەوتم. کارەکە تێنەپەڕە.

نموونەیەکیش لەو کارانەی بەسادەیی تێپەڕن و کە دەبن بە کارێکی ناسادە، دەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕ کاری (گرتی) یە. لە یەکێك لە شێوەکانی ناسادەیی دا دەبێ بە (پێی گرت)، (منداڵەکە پێی گرتووە)، ئاشکراییە کاری (پێی گرتووە)، کارێکی نسادەی تێنەپەڕە.

له بەرانبەریشدا زمانەوان هەیە پێیوایە، کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو کاریگەریی لەسەر هێزی کردارەکە نابێتو گەر کردارێك لە بنجدا تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، کە دەچێتە کردەی لێکدانەوەو کردارێکی لێکدراو بەرهەمدەهێنێت، هێزەکەی لەڕووی تێپەڕیی‌و تێنەپەڕییەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە[١٥٧].

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێیوایە بەشێکی زۆری کردارەکان کاتێك دەچنە کردەی لێکدانەوەو کرداری لێکدراو بەرهەمدەهێنن، پارێزگاری لە هێزەکەیان دەکەن[*]، واتە گەر تێپەڕ بن بە تێپەڕیی‌و گەر تێنەپەڕیش بن بە تێنەپەڕیی دەمێننەوە، بەڵام مەرجیش نییە ئەمە ڕەهایی بێتو بەسەر تەواوی کردارەکاندا جێبەجێببێت، چونکە کردار بەرچاودەکەوێت، کە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا تێپەڕی دوو هێزییە، بەڵام کرداری لێکدراوی تێنەپەڕ (یەك هێزیی) بەرهەمدەهێنێت، وەك لە "(دان)و (ڕوودان)دا دەبینرێت"[١٥٨]، بڕوانە (١٧٤).

(١٧٤) أ- خودا ئێرەی داوە. (دان)   تێپەڕی دوو هێزیی

ب- شەڕ ڕوویداوە. (ڕوودان)   تێنەپەڕ (یەك هێزیی)

ژمارەیەك کرداری لێکدراویش هەن، وەك (دەستدەکەوێت، بەردەکەوێت، تووشدەبێت،...) هەرچەندە کەرتە کردارییەکەیان تێنەپەڕە، بەڵام لە ڕستەدا وەك تێپەڕ دەردەکەون[١٥٩]،چونکە بۆ تەواوبوونی واتاکەیان پێویستیان بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، بڕوانە (١٧٥).

(١٧٥) أ- من پارەم دەستکەوت.

ب- دزەکە گوللەیەکی بەرکەوت.

لە ڕاستیدا شیکردنەوەی ئەم ڕستانە بەرەو تەمومژیمان دەبات، چونکە چۆنێتی ڕێکخستنی ئارگۆمێنتەکان لە بنەڕەتدا دەشێت بەم شێوەیە بێت:

---

١٥٧- لەم بارەیەوە (ئازاد ئەحمەد حسەین :٢٠٠٩: ٥١) دەڵێت: ئەو کردارانەی دروستەیەکی لێکدراو دادەڕێژن، پارێزگاری لە تایبەتمەندێتی وزیندووێتی خۆیان دەکەن، واتە ڕۆڵە بابەتییەکانیان لەدەست نادەن وبەئارگۆمێنتە پێویستەکانیانی دەبەخشن. بە واتایەکی تر، ئەوکردارانەی لە بنجدا تێپەڕ، یان تێنەپەڕن، کە دەکرێن بە لێکدراو، هەربەو شێوەیە دەمێننەوەو هێزەکانیان لە تێپەڕەوە بۆ تێنەپەڕ، یان بە پێچەوانەوە ناگۆڕرێن.

⋆ جگە لەو کردارە لێکدراوانەی، کە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ)و پێشناوی (بۆ) بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکەن، چونکە وەك پێشتر ڕوونکرایەوە، ئەو مۆرفیمانەو پێشناوی (بۆ) هێزێك بۆ کردار زیاددەکەن.

١٥٨- عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤: ٥٤).

١٥٩- یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٩٤).

(١٧٦) أ- پاره دهست من کهوت.

ب- گولله بهر دزهکه کهوت.

(پاره، گولله) له (١٧٥)دا وهك بهرکارو له (١٧٦)دا وهك بکهر دهرکهوتوون[١٦٠].

زیادکردنی هێز بۆ کرداره لێکدراوهکانو گۆڕینیان له تێنهپهڕهوه بۆ تێپهڕ، کهمتر له ڕێگهی پاشگری (اند)هوه دهبێت، واته ژمارهی ئهو کرداره لێکدراوه تێنهپهڕانهی، که له ڕێگهی پاشگری (اند)هوه دهکرێن به تێپهڕ، کهمترن له ژمارهی ئهو کرداره لێکدراوه تێنهپهڕانهی، که له ڕێگهی ئهو پاشگرهوه ناکرێن به تێپهڕ، ئهمهش لهبهرئهوهیه، که بهشێکی زۆری کرداره لێکدراوه تێنهپهڕهکان کرداری لێکدراوی تێپهڕ بهرانبهریان ههیه.

لهو کرداره لێکدراوه تێنهپهڕانهی، که له ڕێگهی پاشگری (اند)هوه دهکرێن به تێپهڕ، وهك (دڵشکان – دڵشکاندن، بهئاواتگهیشتن – بهئاواتگهیاندن، دهرچوون – دهرچوواندن،...)، بڕوانه (١٧٧).

(١٧٧) أ- دڵم شکا. (دڵشکان)

ب- دڵمی شکاند. (دڵشکاندن)

ههرچی ئهو کرداره لێکدراوه تێنهپهڕانهشه، که کرداری لێکدراوی تێپهڕ بهرانبهریان ههیه، ئهمانهی لای خوارهوه بهشێکن لێیان:

| کرداری لێکدراوی تێنهپهڕ | کرداری لێکدراوی تێپهڕ |
|---|---|
| ونبوون، تووڕهبوون، ئاشکرابوون،... | ونکردن، تووڕهکردن، ئاشکراکردن،... |
| ئابڕوچوون، لهناوچوون، ڕۆحچوون،... | ئابڕوبردن، لهناوبردن، ڕۆحبردن،... |
| سهرکهوتن، دواکهوتن، نهخۆشکهوتن،... | سهرخستن، دواخستن، نهخۆشخستن،... |

(١٧٨) أ- منداڵهکه ونبوو. (ونبوون)

ب- ژنهکه منداڵهکهی ونکرد. (ونکردن)

---

١٦٠- محهمهد عومهر عهول (٢٠٠١: ٨٨).

## ٣/٢-٤) کرداری لێکدراوو دروستەی بکەرنادیار

کردارە لێکدراوەکان لەڕووی سازبوونو سازنەبوونی دروستەی بکەرنادیارەوە لێیان، جیاواز دەردەکەون. لێرەدا لە ڕوانگەی ئەو پێنج یاسا سینتاکسییەی، کە بۆ پێکهاتنی کردارە لێکدراوەکان خرانەڕوو، باس لە دروستەی بکەرنادریار لە کرداری لێکدراودا دەکەین.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای یەکەم (ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + کردار) پێکهاتوون، بەشێکی زۆریان دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٧٩).

(١٧٩) ) أ- دانا قسەی کرد. ←——— قسە کرا.

ب- دانا ئاهەنگی گێڕا. ←——— ئاهەنگ گێڕرا.

لە (١٧٩-أ)دا کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکە وەك بەرکاری ڕستەی ئاسایی لە دوای لابردنی بکەرو ئەو جێناوە لکاوەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، چووەتە جێکەوتەی بکەرەکە، دواتر بەپێی ئەو هەنگاوانەی، کە لە بەشی دووەمدا باسکران، فۆڕمی کردارەکە گۆڕراوە بۆ فۆڕمی بکەرنادیاریی. هەمان شت لە (١٧٩-ب)دا دووبارەبووەتەوە.

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای یەکەم پێکهاتوون، دروستەی بکەرنادیاریان لێپێکدەهێنرێت، بەڵام لە بەرانبەریشدا ژمارەیەکیان فۆڕمی نادیاریان لێپێکناهێنرێت، "چونکە دروستەی ئەو ڕستانەی، کە سازیدەکەن، لە ناوەڕۆکیاندا واتای نادیاری هەیە، بڕوانە (١٨٠).

(١٨٠) أ- ئاسنەکە ژەنگی هەڵهێنا. ←——— * ژەنگ هەڵهێنرا

ب- پەنجەرەکە درزی برد. ←——— * درز برا

بکەری ڕستەکانی (١٨٠) کاراو لۆژیکی نین، واتە دەستیان لە ڕوودانی کردەی کردارەکاندا نییە، بۆیە لە واتای ڕستەکاندا نادیاری بەدیدەکرێتو ناتوانرێت بۆ فۆڕمی بکەرنادیار بگۆڕرێن"[١٦١].

هەروەها کردارە لێکدراوەکانی وەك (ئازاردەکێشێت، پێدەگرێت، لولدەخوات،...) بەهەمان شێوە لە ئاخاوتندا بە فۆڕمی نادیاری بەکارناهێنرێن.

---

١٦١- ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١٦١).

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای دووەم (ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + کردار) پێکهاتوون، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٨١).

(١٨١) أ- ڕۆحی چوو. ——← * ڕۆح چرا

ب- ناوکی کەوت. ——← * ناوك کەورا

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای سێیەم (یاسای پریدیکات) پێکهاتوون، لەڕووی سازبوونو سازنەبوونی دروستەی بکەرنادیارەوە لێیان، دەبن بە دوو جۆرەوە:

أ- ئەوانەیان، کە تێنەپەڕن، واتە یەك هێزیین، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٨٢).

(١٨٢) دزەکە تەمێبوو. ——← * دزەکە تەمێبورا

ب- ئەوانەیان، کە تێپەڕی دوو هێزیین، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٨٣).

(١٨٣) باوکەکە منداڵەکەی ڕزگارکرد. ——← منداڵەکە ڕزگارکرا.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای چوارەم (ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار + (پریدیکات + کردار)) پێکهاتوون، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بەڵام لە ئاخاوتندا زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێن، بڕوانە (١٨٤).

(١٨٤) سواڵکەرەکە دەستی پانکردەوە. ——← دەست پانکرایەوە.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بە یاسای پێنجەم (ڕۆڵی بابەتانەی بکەر + (پریدیکات + کردار)) پێکهاتوون، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٨٥).

(١٨٥) هەناسەی سواربوو. ——← * هەناسە سواربورا

هەرچی ئەو کردارە لێکدراوانەیە، کە مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ) بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکەن، ئەمانیش لەڕووی سازبوونو سازنەبوونی دروستەی بکەرنادیارەوە لێیان، دەبن بە دوو جۆرەوە:

أ- ئەوانەیان، کە دوو هێزیین، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازناکرێت، بڕوانە (١٨٦).

(١٨٦) أ- سام لە منداڵەکە نیشت. ——← * سام لە منداڵەکە نیشرا

ب- لەرز لە نەخۆشەکە هات. ——← * لەرز لە نەخۆشەکە هاترا

ب– ئەوانەیان، کە سێ هێزیین، دروستەی بکەرنادیاریان لێ سازدەکرێت، بڕوانە (١٨٧).

(١٨٧) أ– هانا ڕێزی لە هەستی نا. ⟵ ڕێز لە هەستی نرا.

ب– کابرا تەگەرەی لە ئیشەکە خست. ⟵ تەگەرە لە ئیشەکە خرا.

وەك دوا شتی ئەم باسە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتی یەکەمیان جێناوی خۆییە، بە هەر یاسایەکی سینتاکسی پێکهاتبن، ناکرێن بە بکەرنادیار، ئەگەر لەبارێکدا هەندێکیشیان بکرێن بە نادیار، ئەوە تەواو لە واتا دیارەکەیان دووردەکەونەوە[١٦٢]، بڕوانە (١٨٨).

(١٨٨) أ– پیاوەکە خۆی کوشت. ⟵* خۆی کوژرا (کەس پەیوەندیی بە ڕووداوەکەوە نەبووە)

ب– تاوانبارەکە خۆی بەدەستەوەدا. ⟵* خۆی بەدەستەوەدرا

---

١٦٢- فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨: ٥١).

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لە ڕاڤەکردنی ئەم نامەیەدا بەدەستهاتوون، بریتین لە:

١- لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ناوازەی وا بەرچاودەکەوێت، کە کردار دوو بەرکار لە جۆری فرێزی ناویی وەربگرێت. ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە بە ڕەهایی پێیوایە هەمیشە ئەو کردارانەی زیاد لە بەرکارێك وەردەگرن تەنها یەك بەرکاریان لە جۆری فرێزی ناویی دەبێتو بەرکارەکەی تر/ بەرکارەکانی تر لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەردەکەون.

٢- لەو کارانەی، کە دەربارەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا کراون، زیاتر تەنها ئاماژە بەوە دراوە، کە پاشگری (اند) وەك مۆرفیمی تێپەڕاندن توانای گۆڕینی هێزی کرداری هەیەو کردار لە تێنەپەڕەوە دەکات بە تێپەڕ، بەڵام لەڕاستیدا مۆرفیمەکانی (پێ، تێ، لێ)ش کاتێك دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی کردارێکی داڕێژراو یان لێکدراو، بەهەمان شێوەی پاشگری (اند) کاریگەرییان لەسەر هێزی کردارەکە دەبێتو دەبنە هۆی زیادبوونی هێزێك بۆی، بە جۆرێك ئەگەر کردارەکە یەك هێزیی بێت، دەبێت بە دوو هێزییو گەر دوو هێزیی بێت، دەبێت بە سێ هێزییو ... ئەو ئارگۆمێنتەش، کە بە زیادبوونی هێزەکەی کردارەکە وەریدەگرێت، هەمیشە فرێزێکی پێشناویی دەبێت. ئەمەش پەیوەندیی بە بەخشینی دۆخی ڕێزمانییەوە هەیە.

٣- لە چەند کردارێکی دیاریکراوی وەك(ڕاکردن، هەڵکردن، داکردن،...)دا پێشگر دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی کردارەکە.

٤- مەرج نییە بەرکاری ڕاستەوخۆ وەك تەواوکەری ناوەکیی هەمیشە لە فۆڕمی فرێزێکی ناوییدا بێت، بەڵکو لە هەندێك باری دیاریکراودا دەکرێت لە فۆڕمی فرێزی پێشناوییشدا دەربکەوێت.

٥- کردارە لێکدراوەکان دانەی فەرهەنگینو لەڕووی سیمانتیکییەوە هەمیشە وەك یەکەیەك دەردەکەون، بەڵام لەڕووی سینتاکسییەوە هەندێك جار لە شێوەی دوو یەکەدا دەبینرێن، چونکە کەرتی یەکەمی بەشێکیان لە ڕستەدا جێکەوتەی بکەر یان بەرکار پڕدەکەنەوە، کە چوونە ئەو جێکەوتەیەشەوە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانییان پێدەدرێتو لە زۆربااردا وەك بکەرو بەرکاری ڕستەی ئاسایی ڕەفتاردەکەن.

٦- بەشێکی زۆری کردارەکان کاتێك دەچنە کردەی لێکدانەوەو کرداری لێکدراو بەرهەمدەهێنن، پارێزگاری لە هێزەکەیان دەکەن، واتە گەر تێپەڕ بن بە تێپەڕیی و گەر تێنەپەڕیش بن بە تێنەپەڕیی دەمێننەوە، بەلاّم مەرجیش نییە ئەمە ڕەهایی بێت و بەسەر تەواوی کردارەکاندا جێبەجێببێت.

٧- زیادکردنی هێز بۆ کردارە لێکدراوەکان و گۆڕینیان لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، کەمتر لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە دەبێت، واتە ژمارەی ئەو کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانەی، کە لە ڕێگەی پاشگری (اند)ەوە دەکرێن بە تێپەڕ، کەمترن لە ژمارەی ئەو کردارە لێکدراوە تێنەپەڕانەی، کە لە ڕێگەی ئەو پاشگرەوە ناکرێن بە تێپەڕ، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە بەشێکی زۆری کردارە لێکدراوە تێنەپەڕەکان کرداری لێکدراوی تێپەڕ بەرانبەریان هەیە.

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### أ- کتێب:


١. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم -کردار-، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥. بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠٠٨)، رۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٦. بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢)، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٧. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٩. دارا حمید محمد (٢٠١٣)، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج.

١٠. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمانو زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١١. زەرێ یوسوپۆڤا (٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٢. سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاَتو بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣. سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

١٤. شێرکۆ بابان (١٩٩٧)، میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی ڕێزمانی بوونو هەبوون، چاپخانەی کریستاڵ، هەولێر.

١٥. شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٦. شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکسو سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٧. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بلاَوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژی، سلێمانی.

١٨. عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠١٠)، ڕێزمانی بوونو هەبوون لە کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٩. ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠٩)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلاَتو بەستنەوە، بلاَوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٢٠. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٢١. کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، فۆرمی لۆژیکی لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٢٢. کوردۆییف (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوان، هەولێر.

٢٣. لیژنەی زمان‌و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٦)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

٢٤. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٥. محەمەدی مەحویی (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٢٦. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژییو بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٧. محەمەدی مەحوییو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٨. محەمەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٢٩. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٠. محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٣١. محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، چاپو بڵاوکردنەوە: سوید.

٣٢. مەسعوود محەمەد (١٩٧٦)، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

٣٣. نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

٣٤. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣٥. وریا عومەر ئەمین (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣٦. یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٧. یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، كاری لێكدراو لە زمانی كوردیو فارسی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

## ب- نامەی زانكۆیی (بڵاونەكراوە):

١. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١)، ئەركی ئەدڤێربڵ لە فراوانكردنی فرێزی كاریدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٢. ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لە زمانی كوردیو فارسیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٣. ئەحمەد حەسەن فەتحوللا (١٩٩٠)، بكەر وەك بەشێكی سەرەكیی ڕستە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

٤. ئەمیر مستۆ محەمەد (٢٠٠٩)، جێناو لە كرمانجیی ژووروودا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین.

٥. تارا موحسین قادر (٢٠١١)، زمانی كوردییو مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٦. دیار عەلی كەمال (٢٠٠٢)، ڕێزمانی كوردی ڕوانگەیەكی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین.

٧. سەلاح حەوێز ڕەسوڵ (٢٠٠٦)، ڕستەسازییو واتاسازیی (بوون)، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

٨. سەلاح حەوێز ڕەسوڵ (٢٠١٣)، پرەنسیپی ئابوریكردن لە زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

٩. شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١)، تابۆ وەك نموونەیەكی پەیوەندیی نێوان زمانو كلتور، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

١٠. شیروان حسێن حمد (٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١. عادل ڕەشید قادر (٢٠٠١)، توخم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٣. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە –ئیبن ڕوشد–، زانکۆی بەغدا.

١٤. عومەر مەحموود کەریم (٢٠٠٤)، کاری تێپەڕو تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا (کرمانجیی خواروو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە–ئیبن ڕوشد–، زانکۆی بەغدا.

١٥. فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٨٨)، نادیاری، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٦. فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٩٨)، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٧. مەحموود فەتحوڵڵا ئەحمەد (١٩٨٨)، کار تەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٨. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتنو ئەرکەوە لە کرمانجیی خوارووداً ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٩. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووداً، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٠. مستەفا محەمەد زەنگەنە (١٩٨٩)، کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢١. نازەنین جەلال ئەحمەد (٢٠٠٤)، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردیدا (لەڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە–ئیبن ڕوشد–، زانکۆی بەغدا.

٢٢. نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٣. هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب (٢٠٠٨)، شێوەکانی گێڕانەوە لە ڕستەی کوردییدا (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو) ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## پ- گۆڤار:

١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧)، ڕێگاییێکی ئاسان بۆ لێك جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٥).

٢. زەریێ یوسوپۆڤا (١٩٨٧)، کار، وەرگێڕانی: کوردستان موکریانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٦).

٣. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگو سینتاکسی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٤).

٤. فەرەیدون عەبدول بەرزنجیو سەباح ڕەشید (٢٠١٣)، بۆچوونەکەی گرینبێرگو هەندێ تێبینی لەسەر ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٨).

٥. فەتاح مامە (٢٠٠٤)، تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٣).

٦. لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد (١٩٧٥)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم.

٧. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩)، کار پۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢١).

٨. نەسرین فەخری (١٩٧٥)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم.

ت– باسی بڵاّونەكراوە:

– فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (١٩٩١)، گۆڕانی توانای كار.

ج– چاوپێكەوتن:

– عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، زانكۆی سلێمانی، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠١٤/١١/١٩.

## ٢– بە زمانی فارسی:

– مهدی مشكوة الدين (١٣٨٦)، دستور زبان فارسی بر پايه نظرية گشـتياری، چـاپو انتشـارات دانشـگاه فردوسی، مشهد.

## ٣– بە زمانی عەرەبی:

– محمد علي الخولي (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري، انكليزي_عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

## ٤– بە زمانی ئینگلیزی:

**1**. Aitchison, J. (1999), Teach Yourself Linguistics, Fifth edition, Hodder Headline Plc, London.

**2.** Amin, W. O. (1979), Aspects of The Verbal Construction in Kurdish, University of London.

**3.** Anker, P. J. (2013), Grammar in Expert Communication, Lecture notes.

**4.** Bauer, L. (1983), English Word-Formation, Cambridge University Press.

**5.** Black, Ch. A. (1998), A Step by Step Introduction to Government and Binding theory of Syntax, Lecture notes on linguistics.

**6.** Booij, G. (2012), The Grammar of Words, Third edition, Oxford University Press, New York.

**7.** Chomsky, N. (1993), Lectures on Government and Binding (The pisa Lectures), Seventh edition, Berlin & New York.

**8.** Cook, V. J. & Newson, M. (1996), Chomsky's Universal Grammar, Second edition, Oxford:Blackwell.

**9.** Cowper, E. A. (1992), A Concise Entroduction to Syntactic Theory, University of Chicago, London.

**10.** Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Oxford:Blackwell.

**11.** Culicover, P. W. (1997), Principles and Parameters: An Introduction to Syntactic Theory, Oxford University press, New York.

**12.** Decapua, A. (2008), Grammar For Teachers, College of New Rochelle, Springer, New York.

**13.** Fromkin, V. & Rodman, R. and Hyams, N. (2002), An Introduction to Language, Thomson, Heinle, USA.

**14.** Haegeman, L. (1998), Introduction to Government and Binding theory, Second edition, Oxford:Blackwell.

**15.** Katamba, F. (1993), Morphology, Macmillan Press, London.

**16.** Lyons, J. (1971), Introduction to Theoretical Linguistics, Second edition, Cambridge University Press.

**17.** Martin, J. (2010), Linguistic Perspectives on English Grammar, Library of Congress Cataloging, USA.

**18.** Matthews, P. H. (2007), The Concise Oxford Dictionary of Lingustics, Second edition, Oxford University Press.

**19.** Millar, R. M. (2013), Trask's Historical Linguistics, Second edition, Routledge, New York.

**20.** Miller, J. (2002), An Introduction to English Syntax, Edinberg, Edinberg University Press.

**21.** Muhedeen, B. L. (2008), A study of Parametric Variations in English and Kurdish, University of Sulaimani.

**22.** Ouhalla, J. (1999), Introducing Transformational Grammar: From Principles and Parameters to Minimalism, London.

**23.** Parker, F. & Riley, K. (2010), Linguistics for Non-Linguists, Boston:Pearson.

**24.** Radford, A. (1997), Syntax A minimalist Introduction, Cambridge University Press, Cambridge, UK.

**25.** Radford, A. (2004), English Syntax An Introduction, Cambridge University Press, Cambridge, UK.

**26.** Steinberg, D. D. (1999), Psycholinguistics Language, Mind and Word, Six impression, Longman, London and New York.

**27.** Tallerman, M. (2005), Understanding Syntax, Second edition, Hodder Education, London, UK.

**28.** Trauth, G. & Kazzazi, K. (1996), Language and Languistics, Routledge, London & New York.

**29.** Trask, R. L. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Routledge, London.

**30.** Umstatter, J. (2007), Got Grammar, Ready to Use Lessons and Activities That Make Grammar Fun, Jossey Bass, San Francisco, USA.

# الخلاصة

جاءت رسالتي الموسومة بـ(**الإنتاجية وقوة الفعل في اللغة الكوردية**) حسب المنهج التحليلي الوصفي وفي ضوء قانون ومبادئ نظرية العامل والربط الإحالي (GB) لتتحدث عن قوة الفعل (البسيط، المشتق، المركب) في اللغة الكوردية. إنّ الحقيقة المسلمة بها، هي أنّ وجود عدد العناصر الالزامية في الجملة ذات صلة بقوة الفعل، أي أنّ القوة العاملة للفعل هي التي تتحكم بعدد العناصر الالزامية في تركيب الجملة.

هذه الرسالة تتكون من مقدمة، وثلاثة فصول، واهم النتائج، وقائمة المصادر، بالأضافة الى خلاصة الرسالة باللغة العربية والإنجليزية:

جاء الفصل الأول ليتناول المستوى النحوي، ويعرض بشكل موجز النظريات الأساسية والفرعية التي استفدنا منها في الفصل الثاني والثالث. وفي مجال تركيب العناصر (Argument Structure) تحدث عن المسند والمسند إليه والاختيارات المقيدة. ثم تحدث عن الجانب الصرفي في بناء الكلمة (الاشتقاق والتركيب) والتصريف.

يتكون الفصل الثاني من مبحثين، خصص الأول منهما للمتعدي واللازم في علم اللغة، ليعرض المتعدي واللازم كظاهرة لغوية في قواعد العالمية والكوردية. وخصص المبحث الثاني للحديث عن قوة الفعل بشكل عام وقوة الفعل البسيط بشكل خاص.

أمّا الفصل الثالث فجاء في مبحثين أيضاً، خصص الأول لقوة الفعل المشتق، وفيه تحدث الباحث عن الفعل المشتق والمورفيمات المكونة له، وتداخل حدود المورفيمات وعلاقتها بقوة الفعل المشتق، والحديث عن دور السوابق واللواحق في تغيّر قوة الفعل المشتق، والفعل المشتق وبناء المبني للمجهول. وخصص المبحث الثاني لقوة الفعل المركب، وفيه تحدث الباحث عن الفعل المركب والمورفيمات المكونة له، وعن الجزء الأول من الفعل المركب ودوره في النحو، وتصنيف الافعال المركبة من حيث القوة، ثم الفعل المركب وبناء المبني للمجهول.

# Abstract

In this thesis, which is titled (**Productivity and Verb-valence in the Kurdish Language**) according to the theory of descriptive analysis, under the light of rules and principles of government and binding theory, it examines verb-valence of (simple, complex, and compound) in the Kurdish language. It has been proved that the number of the obligatory arguments that exist in a sentence, fall on the valence of the verb of the sentence. In other words, the verb-valence determines the number of the obligatory arguments of the sentence's structure.

This thesis consists of introduction, three chapters, conclusion, list of references and the abstract in Arabic and English languages:

**Chapter one:** In this chapter which deals with syntax level, a briefing of the theories and the sub-theories are illustrated which would be used in chapters two and three. In addition to that, in the argument structure, predicate and argument and restrictions of selection are dealt with. Moreover, concerning morphological level, the processes of word-formation (derivation and compounding) and inflectional morphology are illustrated.

**Chapter two:** It consists of two sections. The first section is devoted to the concept of transitive and intransitive verbs in linguistics. This concept has been illustrated as a universal grammatical phenomenon as well as a Kurdish language phenomenon. The second section is devoted to verb-valence in general and the simple verb-valence in particular.

**Chapter three:** It consists of two sections as well. Section one is devoted to valence in complex verb which deals with complex verbs and the morphemes which form the verb, overlapping the boundaries of the morphemes and its relation to the valence of complex verbs. It also deals with suffixes and prefixes and their role in altering the valence of complex verbs, complex verb and structure of passive sentences. Section two is devoted to valence in compound verbs which deals with compound verbs and the morphemes which form the verb, the first part of the compound verbs and their role in syntax. It also deals with categorizing compound verbs in terms of valence, compound verbs and structure of passive sentences.